PDKI 1945

# کورتە باس

دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتە باس

دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب: کورتەباس

نووسەر: دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو

نووسینەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ: سەلاح شەشە

info@shehid.com

ISBN 91-631-3463-2

چاپخانە: "کتێبی ئەرزان"

تیراژ: 1000

سوئید بەفرانبار - 2003

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوەڕۆک

**١ـ سۆسیالیزم " ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان" ........................ ٧**
مەسەلەی "نەتەوەیی" و "کۆمەلایەتی" ........................ ٧
سۆسیالیزم لەبەرچی ئامانجی "دوارۆژە" ؟ ........................ ١٠
**٢ـ سۆسیالیزم چییە؟ ........................ ١٥**
سۆسیالیزم و سەرمایەداری ........................ ١٥
سۆسیالیزم و کار ........................ ١٧
سۆسیالیزم و ئابووری ........................ ١٨
**٣ـ سۆسیالیزمی مەوجوود ........................ ٢١**
سۆسیالیزم لە یەکیەتی سۆویەتیدا ........................ ٢١
سۆسیالیزم لە ولاتانی ئورووپای رۆژهەلاتدا ........................ ٢٨
ولاتانی سۆسیالیستی و دیموکراسی ........................ ٣١
**٤ـ سۆسیالیزم و هەلومەرجی ولاتەکەمان ........................ ٣٧**
**٥ـ هەلویستی ئیمە بەرامبەر بە ولاتانی سۆسیالیستی ........................ ٤٣**
**شیکردنەوەیەکی "کورتەباس" ........................ ٥٣**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز!

کتێبی کورتەباس لە دوو بەش پێکهاتووە:
بەشی یەکەم: کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم کە بە (کورتەباس) ناوبانگی دەرکردووە، و لە مانگی گەلاوێژی ساڵی١٩٨٣ی زایینی‌دا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەک نامیلکەیەک بڵاوکراوە. کورتەباس هەتا ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی دی و لە زۆربەی زانکۆ گەورەکانی جیهانی‌دا خراوەتە ژێرباس و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.
بەشی دووهەم: شیکرنەوەیەکی کورتەباس لەسەر سۆسیالیم.
هاوڕێی تێکۆشەر دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی١٩٨٤/٨/١٥ دا لە پلینۆمی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی وتارێکی بە ناوی شیکردنەوەیەکی "کورتەباس"پێشکەش بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کردووە. ئەم وتارە ئەگەرچی پێوەندی بە هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتی جیهان و تێکۆشانی حیزبەوە هەبووە، بەڵام وەک دەبینین لە هێلە گشتی‌یەکانی‌دا ئێستاش تازەیەو خوێندنەوەی بۆ تێکۆشەرانی گەلەکەمان سرنج ڕاکێشە.
بەشێک لە باسەکانی ئەم وتارە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستاش هەر ڕاست و دروستن، پاش ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە یەکیەتیی سۆویەتی و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی‌دا ڕوویان داوە، تا ڕادەیەک کۆن دێنە بەرچاو، بەڵام نابێ ئەو ڕاستیەش لەبیربکەین کە ئەو باسە کاتێک هاتۆتە ئاراوە هێشتا میخائیل گۆرباچۆف نەهاتبووە سەرکارو پریسترۆیکاو گلاسنوست لە گۆڕێ‌دا نەبوون.
بۆ ئەوەی وتارەکە وەک بەڵگەیەکی سیاسی حیزبی ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێ، دەسکاری نەکراوەو هەروەک بووە، لە بەر دەستان دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گومان لەوەدا نیە کە ئەم کتێبە دەتوانێ بۆ هەموو خوێنەران و بە تایبەتی بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شتێکی بەسوودو بەنرخ بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ١ - سۆسیالیزم " ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان"

مەسەلەی "نەتەوەیی" و "کۆمەلایەتی":

یەکەم پرسیار کە دێتە پێش ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ح.د.ک.ئـ) کە حیزبێکی "مارکسیست" یان "مارکسیست-لێنینیست" یان "کۆمونیست" و بەگشتی حیزبی چینی کرێکار نیە، بۆچی باسی سۆسیالیزم دەکا؟ وەلامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە: ح.د.ک.ئـ. هەر چەند حیزبێکی دێموکراتی-میللی‌یە، بەلام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشرەوە. حیزبی پێشرەو بەو مانایە کە دەیهەوێ هاورێ لەگەل چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەلایەتیش چارەسەربکا. لە دیاری کردنی ئەو ئامانجەدا، ئێمە نەک تەنیا ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی جیهان، بەلکوو ئەزموونی رابردووی نەتەوەی کوردیشمان بە تایبەتی لەبەرچاوگرتووە.

ئەو ئەزموونە چی‌یە؟ ئەو ئەزموونە کە مێژووی جوولانەوەی گەلی کورد نیشانی داوە ئەوەیە کە: ئەو حیزبەی دەیهەوێ جوولانەوەی گەلی کورد بەرێوەبەرێ، ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستی (نەتەوەیی) تەواو بێ، واتە تەنیا چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لەبەرچاوبگرێ، ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە لایەک گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتی بەبێ چارەسەرکردن هەروا دەهێلێتەوەو بەم جۆرە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی کارێکی بێ سوود دەبێ، لەلایەکی دیکە چونکە بەهەر حال ناکرێ گیروگرفتی کۆمەلایەتی لەبیربچێتەوە، بەناچار حیزبێکی دیکە پەیدا دەبێ کە تەکیە دەکاتە سەر جێ بەجێ کردنی ئەو گیروگرفتانەو، بەم هۆیەوە بەشێکی زۆر لە زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

بۆ نموونە، لە کوردستانی عێراق پاش شۆرشی ١٤ ی گەلاوێژ (ژوئیە) لە سالی ١٩٥٨، دوو جەرەیانی بەهێز پەرەیان گرت:



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

یەکەم- پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق، کە تەکیەی دەکردە سەر مەسەلەکانی نەتەوەیی و بۆ ئەم مەبەستە حازر بوو لەگەڵ پاشکەوتووترین توێژوچینەکانی کۆمەڵی کوردستانی عێراق هاوکاری بکاو لە هەر شێوەیەک کەلک وەرگرێ و لەگەڵ هەر کەسێک دۆستایەتی بکا...

دووهەم- حیزبی شیوعی (کۆمونیست) ی عێراق کە تەکیەی دەکردە سەر گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتی بە مەبەستی ڕاکێشانی زەحمەتکێشان بۆ لای خۆی.

بەلام لە ئاخردا بە تەواوی دەرکەوت کە هیچکام لەو دووانە ناتوانن سەرکەون و بە باشی ڕوون بۆوە کە چ ئەو حیزبەی زیاتر بە گیروگرفتەکانی نەتەوەیی بایەخ دەدا و مەسەلەکانی کۆمەلایەتی کەم و زیاد لەبیردەباتەوەو چ ئەو حیزبەی تەنیا مەسەلەی کۆمەلایەتی لەبەرچاو دەگرێ و مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد کە لەم قۆناغەدا مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لەبیردەباتەوە، یان بایەخێکی کەمتری بۆ دادەنێ، ناتوانن لە قۆناغی ئێستای خەباتدا بەڕێوەبەرایەتی جوولانەوەی گەلی کورد بەدەست بگرن و بیگەیەننە پلەی ئاخری سەرکەوتن.

ح.د.ک.ئـ. هەر لە سەرەتاوە بە پێویستی زانیوە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابنێ کە هەم بەشێوەیەکی ئوسوولی و هەتا سەر مەسەلەی نەتەوەیی حەل بکاو، هەم گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتیش بخاتە بەرچاو و بۆ چارەکردنیان تێبکۆشێ. ئەم حیزبە لەکاتی پێکهاتنیەوە، واتە لە سالی١٩٤٥ ەوە حیزبێکی نەتەوەیی پێشڕەو بوەو لە سالی ١٩٧١ وە هەتا ئێستا، بەرنامەکەی بەتایبەتی لەسەر ئەساسی چارەسەرکردنی ئەو دوو مەسەلەیەی "نەتەوەیی" و "کۆمەلایەتی" دانراوە.

*******************************************

لەباری مەسەلەی نەتەوەیی‌یەوە، نێوەرۆکی ئەم مەسەلەیە لە ڕاستی‌دا ئەستاندنی مافی " دانانی چارەنووس" ە. ئەم مافە دەکرێ بە چەند شێوە جێ بەجێ بکرێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەم- بە شێوەی "سەربەخۆیی" (استقلال) کە شێوەی هەرە بەناوبانگیەتی. نەتەوەیەک کە سەربەخۆیی وەردەگرێ، مافی چارەنووسی خۆی بەتەواوی دابین دەکا.

دووهەم- شێوەی "فیدڕالیزم" واتە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حکوومەتێکی "فیدڕاڵ" دا.

سێهەم- خودموختاری.

ئێمە بە لەنەزەرگرتنی وەزعی کوردستانی ئێران و وەزعی تایبەتی ئێران و وەزعی گشتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، خودموختاریمان هەڵبژاردووەو پێمان وایە بە وەدەست هێنانی خودموختاری مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێراندا چارەسەر دەکرێ و، ئەو کاتە ڕێگا خۆش دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەلایەتی و لەنێوبردنی پاشکەوتوویی گشتی ولاتەکەمان.

بەلام لەباری مەسەلەی کۆمەلایەتی‌یەوە، بە بڕوای ئێمە ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆمەلایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی، پێکهێنانی سۆسیالیزمە. ئەساسی سۆسیالیزم لە ڕاستی‌دا لەنێوبردنی چەوساندنەوەی ئینسانە. ح.د.ک.ئـ. دەیهەوێ چەوساندنەوە لە کۆمەڵدا بەتەواوی لەبەین بچێ و لەبەر ئەوە پێکهێنانی سۆسیالیزمی وەک ئامانجێکی دوارۆژ بۆ کۆمەڵی خۆمان لەبەرچاوە. کەوابوو قسەی هێندێک تاقم و دەستە کە دەڵێن دروشمی حیزبی دێموکرات وەرگرتنی خودموختاریی‌یەو لەپاشان کارێکی دیکە نامێنێ و دەبێ هەڵوەشێ و مەیدانی خەبات چۆڵ بکا، ئەگەر غەرەزی تێدا نەبێ، نیشانەی نەزانیە، چونکە پاش وەرگرتنی خودموختاری، تازە دەبێ دەست بکەین بە پیادەکردنی بەرنامەکەمان کە ئاخرەکەی دامەزراندنی سۆسیالیزمە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆسیالیزم لەبەرچی ئامانجی "دوارۆژە" ؟

لەپێشدا ئەوە بزانین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش بچین و بۆ هەر قۆناغەی دروشمی تایبەتیمان هەبێ. بەگشتی حیزبێکی سیاسی سێ جۆر دروشمی هەیە:
یەکەم- "دروشمی ڕۆژ" کە دەکرێ لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراوی زۆر بچووک بێ. بۆ نموونە، ئەگەر لە شارەکان "نان" یان "نەوت" وەدەست نەکەوت، دەتوانین خەلک هان بدەین بۆ ئەوەی کۆببنەوەو خۆپێشاندان پێک بێنن و داوای "نان" یان "نەوت" بکەن. شاگردی مەدرەسە دەتوانین هان بدەین بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ وەڕێ کەون و داوابکەن: "مامۆستاکانیان تەبعید نەکرێن" و دروشمی دیکەی ئاوا.....
دووهەم- درێژتر لە دروشمی ڕۆژ، دروشمی "تاکتیکی" یە. ئەگەر سەرنج بدەینە تێکۆشانی حیزب، دەبینین کە لە پاش شۆڕشی ئێرانەوە هەتا ئێستا، حیزب چەند جار تاکتیکی خۆی گۆڕیوە: لە سەرەتادا تاکتیکمان هاوکاری لەگەڵ ڕژێمێک بوو کە بەدوای شۆڕشدا هاتبوە سەرکار. ئێمە پشتیوانیمان لە بەڕێوەبەرایەتی خومەینی و لە ڕژێمەکەی دەکرد و مەسەلەی خەباتی چەکداری لە گۆڕێ نەبوو. لە شەڕی سێ مانگەدا دەستمان کرد بە خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕژێمی خومەینی کە لە ڕاستیدا ئەو شێوە خەباتە ڕژیم بەسەری داسەپاندبووین. پاش سەرکەوتن لە شەڕی سێ مانگەدا، سەرلەنوێ تاکتیکی خۆمان گۆڕی. بەلام ئەم جارە لەجیاتی پشتیوانی لە ڕژێمی خومەینی، دەمانەویست بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ مەسەلەی کوردستان، لەگەڵ دەولەت وتووێژ بکەین. تاکتیکی "وتووێژ"یش زۆر درێژەی نەکێشاو سەرلەنوێ شەڕی چەکداری دەستی پێکرایەوە. بەلام ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین کە تاکتیکی شەڕی چەکداری ئێستامان لەگەڵ شەڕی چەکداری سێ مانگەدا فەرقی هەیە: ئەو کاتە ئێمە شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی ڕژێم ناچار بە وتووێژ بکەین، بەلام ئێستا شەڕ دەکەین بۆ ئەوەی ڕژێم بڕوخێنین، چونکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم بڕوایەداین کە هیچ کام لە داخوازەکانی خەلکی کوردستان و گەلانی ئێران، لە چوارچێوەی ڕژێمی خومەینیدا وەدی نایە. واتە دروشمی ئێستای ئێمە: "ڕووخاندنی ڕژێمی خومەینیە".

بەم جۆرە دەبینین کە لەو ماوەیەدا چەند قۆناغ هاتوتە پێش و بەپێی هەرکامیان، تاکتیکمان گۆڕیوەو دروشمی تایبەتیمان داوە.

سێهەم- لە تاکتیک درێژتر "ستراتیژی" یە. قۆناغی ستراتیژیک ماوەیەکە کە چەند قۆناغی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئێمە هەروەک ئیشارەمان پێکرد، لە چەند سالی ڕابردوودا تاکتیکی خۆمان چەند جار گۆڕیوە، بەلام دروشمی ستراتیژیمان کە بریتی بوە لە: " دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران" چ ئەو کاتەی پشتیوانیمان لە ڕژێمی خومەینی دەکرد، چ لە وەختی شەڕی سێ مانگەدا، چ ئەو دەمەی لەگەل کاربەدەستانی دەولەت خەریکی وتووێژ بووین و، چ ئێستا کە دروشمی ڕووخاندنی ڕژێممان هەلگرتوە، هەر لە جێگای خۆی بووەو هەیە....

کەوابوو، قۆناغی ستراتێژیک درێژەو loومکینە پێنج هەتا دە یان تەنانەت بیستووپێنج سال و زیاتریش بکێشێ. ئەوە بەستراوەتەوە بە زۆر هۆ و بەتایبەتی بەوە کە تا چ ڕادەیەک لە قۆناغێکی تاکتیکی تایبەتیدا سەرکەوتووبووین و تا چ ڕادەیەک تاکتیکی باشمان بەکارهێناوە.

بەرنامەی سیاسی هەر حیزبێک، بەگشتی بۆ قۆناغێکی ستراتێژیک دانراوەو بەرنامەی حیزبی ئێمەش هەروایە.

بەلام بێجگە لەوانەی کوترا، هەر حیزبێکی شۆڕشگێر پێڕەوی لە هێندێک ئوسوولیش دەکا کە بۆ دابین کردنی هەر کام لەو ئەسلانە، مووmکینە بە چەند قۆناغی ستراتێژیک دا تێپەڕێ.

بۆ ئێمە دامەزراندنی سۆسیالیزم ئەسلێکی زۆر گرینگە. بۆ گەیشتن بەو ئەسلەش، ئێستا لە ئاسۆی خەباتی گەلی کورددا، سێ قۆناغی ستراتێژیکمان لەبەرچاوە:

قۆناغی یەکەم- وەدەست هێنانی خودموختارییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش وەدست هێنانی خودموختاری، هەتا پێکهێنانی هەل و مەرجی پیادەکردنی سۆسیالیزم، دەبێتە قۆناغی دووهەم... ئەگەر ح.د.ک.ئـ. بتوانێ ئەو بەرنامەیەی ئێستا هەیەتی، پاش وەرگرتنی خودموختاری لە ماوەی بیستوو‌پێنج سالدا جێ بەجێ بکا، سەرکەوتنێکی مێژوویی یەکجار گەورەی وەدەست هێناوە. بیستوو‌پێنج سال ئەگەرچی بە نیسبەت ژیانی یەک ئینسان ماوەیەکی زۆر دێتە بەرچاو، لە مێژووی نەتەوەیەکدا ماوەیەکی زۆر کەمە.

بە دوای جێ بەجێ بوونی بەرنامەکەمان، دەست دەکەین بە دانانی بەرنامەیەکی تازە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم. ئەوە قۆناغی سێهەمە. دامەزراندنی سۆسیالیزم بۆ خۆی ماوەیەکی زۆری دەوێ. لەوانەیە ژیانی دوو یان سێ نەسلی بۆ تەرخان بکرێ. ولاتی زۆر پێشکەوتوو لە ئوروپای رۆژهەلاتدا، وەک "ئەلمانی دیمۆکراتی" یان " چێکۆسلۆواکی" کاتێک دەستیان کرد بە دامەزراندنی سۆسیالیزم، لە باری ئابووری و کۆمەلایەتی‌یەوە بە سەدان سال لە ئێمە لەپێشتر بوون، بەلام هێشتاش نالێن کە لە ولاتی ئەواندا سۆسیالیزمی تەواو، واتە ئەوەی پێی دەکوترێ: "سۆسیالیزمی پێشکەوتوو" پیادەکراوە.

کەوابوو، جێ بەجێ کردنی ئەسلێکی گرینگ وەک دامەزراندنی سۆسیالیزم کە بۆخۆمان دیاری کردوەو بڕوامان پێی هەیە، سێ قۆناغی ستراتیژیکی پێویستە.

*****************

بەکورتی، ئێمە لە ئێستاوە، هەم دروشمی ڕۆژمان کە بەشێکە لە تاکتیکمان و، هەم دروشمی تاکتیکیمان کە بەشێکە لە ستراتیژیەکەمان و هەم دروشمی ستراتێژیکمان کە لەسەر ئەسلێکی پیرۆز دانراوە، بە ڕوونی دیاری کردوە.

دامەزراندنی سۆسیالیزم، چارەسەرکردنی بنەڕەتی مەسەلەی کۆمەلایەتیە. بەلام ئەوە ئامانجی دوارۆژەو، لە قۆناغی ئێستای خەباتدا ناتوانێ ببێ بە دروشمی ڕۆژ. تەنانەت مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم، بەو وەزعە ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی‌یەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، ناتوانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەک تەنیا دروشمی ڕۆژ بێ، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆ قۆناغێکی تاکتیکیش ناکرێ باسی لەسەر بکرێ.... بەڵام هەر ئەوە کە لە ئێستاوە ڕادەگەیەنین: "ئامانجی دورڕۆژی حیزبەکەمان دامەزراندنی سۆسیالیزمە"، ڕێبازی گشتی حیزبەکەمان بۆ دوارۆژ دیاری کردوەو ئاسۆی سیاسەت و تێکۆشانەکەمان ڕوون کردۆتەوە. ئەوەشمان دیاری کردوە کە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کێ پشتیوانمانە، لەگەڵ کام چین و توێژێک دەبێ و دەتوانین بچینە پێش. هەروەها ڕوونمان کردۆتەوە کە لە ئێران و لە دنیادا دۆست و هاوپەیمانەکانمان کێن؟.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢ - سۆسیالیزم چییە؟

تا ئێرە وەک سەرەتایەک ڕوونمان کردەوە کە هۆی هێنانە گۆڕی سۆسیالیزم لە بەرنامەکەماندا چ بوەو، کوتمان کە: ئێمە وەک حیزبێکی پێشرەو، سۆسیالیزممان بۆیە هەڵ نەبژاردوە چونکە وەک دروشمێک خەڵک پێی خۆشە، یان بۆ ئەوەی فلان دەستەو تاقم پێمان بڵێن:" پێشکەوتوو!" ئێمە سۆسیالیزممان لەپاش بیرکردنەوەیەکی وردو لێکدانەوەیەکی قووڵ هەڵبژاردووە.

ئێمە وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕی واقع بین، تێدەکۆشین بەگشتی، زۆرداری نەتەوەیی لابەرین و گەلەکەمان هەست بەوە بکا کە خاوەنی چارەنووسی خۆیەتی و دەتوانێ فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی پەرە پێبدا. بەڵام هەر لەو کاتەشدا، هەوڵ دەدەین لە پێش هەمووواندا، زەحمەتێکشانی کوردستان کە زۆربەی گەلی کوردن، بە ئاواتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بگەیەنین کە ڕێگای وەدی هاتنی ئەو ئاواتەش، دامەزراندنی سۆسیالیزمە.

### سۆسیالیزم و سەرمایەداری:

سۆسیالیزم وەک نیزامێک کە دژی سەرمایەداریە هاتۆتە مەیدان و، کاتێک ئێمە دەڵێین: سۆسیالیزممان دەوێ ئەوە بەو مانایەیە کە سەرمایەداری ڕەد دەیەکینەوەو بڕوامان بەوە هێناوە کە سەرمایداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مێژووە مەحکوومە.

لەم قسەیە بەهاسانی دەردەکەوێ کە دروشمی ڕووخاندنی سەرمایەداری، کاتێک دەبێ هەڵ بگیرێ کە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک ئەرکێکی هەرە نزیک پێکهاتبێ. ئەمە وەڵامی هێندێک دەستەوتاقمە کە جارجار ڕەخنەمان لێدەگرن بۆ چی ئێمە لە دروشمەکانی ئێستاماندا دروشمی دژی سەرمایەداری ناگونجێنین؟.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره ئێمه کاتێک دەڵێین:"بمرێ ئیمپریالیزم" له ڕاستیدا به دژی سەرمایەداری دروشممان هەڵگرتوە، چونکه ئیمپریالیزم سیستمی جیهانی قۆناغی ئێستای سەرمایەدارییه. بەڵام ئەگەر بێینه سەرباری نێوخۆی کوردستان، مەسەلەکه دەبێ به جۆرێکی دیکه لەبەرچاو بگیرێ. واته لەپێش دا دەبێ بپرسین که ئێمه له کوردستاندا به دژی کام سەرمایەداری دەبێ دروشم هەڵبگرین؟ ئەو سەرمایەدارییه له کوێیه؟

مووکینه ئاوا زانرابێ که هەر کەس بۆ نموونه ملیۆنێک تمەنی پاره هەبێ سەرمایەداره...

بەڵام لەباری عیلمیەوه، سەرمایەداری مانایەکی دیکەی هەیه." مارکس" که له شیکردنەوەی سەرمایەداریدا هیچ کەس نایگاتێ، دەڵێ:"سەرمایه پێوەندێکی کۆمەڵایەتیه". ئەم تەعریفه ڕەنگه لەبەرچاوی ئەو کەسانه که هەر باسی سەرمایەکرا، فەوری گیرفانی پڕ له دراوو مولک وماڵیان وەبیردێتەوه، هێندێک سەیربێ. بەڵام له ڕاستیدا، تەنیا ئەو کاته دەتوانین باسی سەرمایەداری بکەین که پێوەندێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی پێکهاتبێ. واته، لەلایەک سەرمایەدار هەبێ, و له لایەکی دیکه کرێکارو له بەینی ئەو دووانەدا پێوەندی چەوساندنەوه دامەزرابێ. چەوساندنەوه لەبەر ئەوه که کرێکار خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان(وسایل تولید) نیەو به ناچار هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ.

کەوابوو، دەوڵەمەندو سەرمایەدار لێک جیان. هەر سەرمایەدارێک دەوڵەمەنده، بەڵام هەر دەوڵەمەندێک سەرمایەدار نیه. جا ئەگەر له ڕوانگەیەکی ئاوا بڕوانینه کوردستانی ئێران، دەبینین که ئێستا له کوردستاندا دەوڵەمەند هەیه، بەڵام سەرمایەدارێکی ئەوتۆ وەبەرچاو ناکەوێ.

لەبەر ئەوه، له کوردستانی ئێستادا هەڵگرتنی دروشمی دژی سەرمایەداری پێویست ناکا. بەتایبەتی که قۆناغی ئێستای خەبات قۆناغی میللی-دێموکراتییەو، سەرمایەداری له کوردستان له چینێکی یەکگرتوو ڕێکخراوەدا خۆی نەتواندوه که بەرامبەر به داخوازی میللی- دێموکراتی ئێمه ڕابوەستێ. تەنانەت به پێچەوانەی ئەوه، بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی بەتایبەتی لەشاردا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که زۆرتر بازاڕی و بازرگانه، بۆ خۆی یارمەتی خەباتی گەلی کورد دەداو تێیدا بەشدارە.

## سۆسیالیزم و کار:

ئێمە سۆسیالیزممان بۆیە هەڵبژاردوە کە چەوساندنەوە لەبەین بەرین. واتە ئەو ئەسڵە وەدی بێنین کە لە نووسراوەی بەناوبانگی:"ڕەخنە لە پرۆگرامی گۆتا" لە ساڵی ١٨٧٥ بۆ یەکەم جار لەلایەن "مارکس" و "ئەنگێلس" ەوە بە کورتی و بە ڕوونی بەیان کراوە، ئەویش ئەمەیە کە:
لە سۆسیالیزمدا، مەعیاری مافی ئینسان، لەگەڵ ئەو مەعیارە لە سەرمایەداریدا فەرقی هەیە. هەتا پێکهاتنی کۆمەڵی سۆسیالیستی، یەکێک کە دراو، کارخانە، زەوی و شتی وای هەیە، وەزعی باشترە و باشتر دەژی، بەڵام لە کۆمەڵی سۆسیالیستیدا، ئەو ئیمتیازانە هەموو بەرەبەرە وەلادەچن و تەنیا یەک مەعیار دەمێنێتەوە کە ئەویش "کار"ە. واتە: هەر کەس بەپێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ هەر کەسیش بەپێی کارەکەی، حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.
کەوابوو، ئیمتیازی نەژادی، چینایەتی، ئیرسی، عەشیرەتی، ئاینی و... هەموویان لە سۆسیالیزمدا لەبەین دەچن. ئێمەش سۆسیالیزممان هەر بۆیە هەڵبژاردوە کە ئەو ئیمتیازانە نەمێنن و تەنیا "کار" ببێتە مەعیار، چونکە ئەوەی زۆر بە عادڵانەتر و ئینسانی تر دەزانین.
بەڵام با ئەوەش وەبیربێنینەوە کە مەعیاربوونی کار بەو مانایە نیە کە تەنیا دەبێ "ئەندازەی کار" لەنەزەربگیرێ. بۆ ئەوەی کار ببێتە مەعیار دەبێ سێ شت لەبەرچاوبێ:
یەکەم- ڕادەو چەندی کار.
دووهەم-چۆنیەتی کار.
سێهەم-گرینگی کارەکە بۆ کۆمەڵ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ نموونە: کاری دوکتورێک لەباری چۆنیەتیەوە لە کاری کرێکارێکی سادە بەرزترە. کاری ئەو کرێکارە کە لەبن ئەرز خەڵووز دەردێنێ، لە کاری کەسێک کە ڕۆژنامە دەفرۆشێ، بۆ کۆمەڵ گرینگترە. هەروەها سەبارەت بە کاری بەرپرسێک کە ئۆرگانێکی وڵاتەکەی بەڕێوەدەبا، یان کەسێک کە کارخانەیەکی گەورە بۆ وڵاتەکەی هەڵدەسووڕێنێ، یان زانایەک کە لێکۆڵینەوەی زانستی دەکا. ئەوانە دەبێ یارمەتی زیاتریان پێبدرێ و ئیمکاناتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەیان بۆ پێک بێ.

سۆسیالیزم و ئابووری:

ئێستا بزانین لە باری ئابوورییەوە بۆچی سۆسیالیزممان هەڵبژاردوە؟
کوردستانی ئێران بەگشتی، ناوچەیەکی پاشکەوتوو لە وڵاتێکی پاشکەوتوو دایە. لەبەر ئەوەکە سۆسیالیزم گیروگرفتەکانی ئابووری زووتر و باشتر چارەسەردەکا، ئێمە بۆ لەنێوبردنی پاشکەوتویی وڵاتەکەمان، سۆسیالیزممان هەڵبژاردوە.
سۆسیالیزم ئیمکانی ئەوە دەدا کە داهاتی نەتەوەیی وەک گرینگترین نیشاندەری وەزعی ئابووری هەر وڵاتێک، خێراتر پەرە بستێنێ و ئەو داهاتە عادلانەتر دابەش بکرێ. ئەگەر لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا ئەو سۆسیالیزمەی، کە پێی دەڵێن: "سۆسیالیزمی مەوجوود" یان "پیادەکراو" بخەینە بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێ کە بێجگە لە هێندێک حاڵەتی تاک تاک، بەگشتی نیسبەتی داهاتی خەڵک نزیکەی یەک بە دەیە. واتە ئەگەر کەمترین ڕادەی داهاتی خەڵک لە مانگدا هەزار تمەن بگرین، ٩٥% ی خەڵک لە هەزار تا دە هەزار تمەن لە مانگدا وەردەگرن، یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین: لەم وڵاتانەدا، داهاتی زۆربەی خەڵک لە مانگدا، لە هەزار تمەن کەمترو لە دە هەزار تمەنیش زیاتر نیە. لە حاڵێکدا لە وڵاتانی سەرمایەداری، ئەو نیسبەتە زۆر جار دەگاتە یەک بە هەزار. واتە هی وا هەیە کە بۆ نموونە لە مانگدا سێ سەد دۆلاری داهاتەو، هی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واش هەیە کە لە بەرامبەردا مانگەی سێ هەزار دۆلاری دەسکەوت دەبێ و، ژمارەی هەر دوو دەستە، لە کۆمەڵدا زۆرە. کەوابوو، لە وڵاتی سۆسیالیستیدا فەرق هێندە نیە، ئەگەریش هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوەو، ئەگەر وای لێ بێ کە ڕۆژێک ئەو جاوازیە بگاتە یەک بە پێنج، ئەو دەم بە ڕاستی لەباری داهاتەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ نامێنێ.

دیارە نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو کارە لە سۆسیالیزمدا، بەرەبەرە جێ بەجێ دەبێ. چونکە ئەگەر لەنەکاو بێ، زەرەرێکی زۆر دەگەیەنێ و لە ڕاستیدا ئەوەی کە پێی دەڵێن "یەکسانی" (ئێگالیتاریسم)، لەسەرەتادا وەزعێکی وا پێک دێنێ کە برگری هاندانی خەلک دەبێ بۆ ئەوەی کە هەموو لێوەشاوەیی و ئیمکاناتی خۆیان وەکار بخەن.

هەر لەسەر مەسەلەی داهات، ئیشارە بە یەک دوو خاڵی بچووکی دیکەش بێ کەلک نیە:

یەکەم- ئێستاش لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا، هێندێک حاڵەتی تایبەتی، جارجار دەبینرێ. بۆ نموونە: ئیمکانی ئەوە هەیە لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا یەکێک لە ڕێگای دزی، یان قاچاغچیەتییەوە چەند ملیۆن وەدەست بێنێ، بەڵام ئەمە هێندە گرینگ نیە، چونکە لەلایەک بۆ ئەو چەشنە کارانە سزای زۆر توند دانراوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە حاڵەتێکی ئاسایی ئابووری نیەو ئەساسی پێوەندیەکانی ئابووری نیزام ناگۆڕێ.

دووهەم- دەبێ پێ لەوە بنێین کە جاری وا هەیە لە وڵاتی سۆسیالیستیشدا هێندێک ناعەداڵەتی ئابووری دێتە بەرچاو. بۆ نموونە، ئەگەر کرێکارێک لەگەڵ ژنەکەی هەردووک کاربکەن، هەر دووکیان یارمەتی وەردەگرن. ژن و پیاوێکی کرێکاری دیکەش ئەگەر هەر لەو حاڵەدا بن و بەو فەرقە کە منداڵێکی زۆریان هەبێ، دیارە بۆ منداڵەکانیان هێندێک یارمەتی زیادی وەردەگرن، بەڵام ئەو یارمەتیە زیادیە هێندە نیەو لە نەتیجەدا، ئەو داهاتە کە بەگشتی بەسەر حەوت هەشت کەسدا دابەش دەکرێ، کەمتر دەبێ لەوە کە تەنیا بەسەر دوو کەسدا دابەش بکرێ و ئەوە هێندێک ناعەداڵەتی پێش دێنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabani.org

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە: ئەی کەنگێ کۆمەڵ یان نیزام بە تەواوی عادلانە دەبێ؟

وەلام ئەوەیە کە: ئەو کاتەی "هەر کەس بەپێی لێهاتوویی خۆی کاربکا و بەپێی پێداویستیەکانی یارمەتی وەربگرێ". بەلام ئەو نیزامە جارێ زۆر دوورە....

بەگشتی، ئەگەر ڕادەی هەڵدانی داهاتی نەتەوەیی لە ولاتەکانی سۆسیالیستی و لە ولاتانی سەرمایەداریدا پێکەوە هەڵسەنگێنین، دەبینین کە لە ولاتانی سەرمایەداریدا ئەم هەڵدانە لە ماوەی بیستووپێنج ساڵدا سەدی سێیە، بەلام لە ولاتانی سۆسیالیستی‌دا لە سەدی هەشت زیاترە. هۆی ئەو فەرقە ئەوەیە کە سۆسیالیزم دەتوانێ، بەتایبەتی لە سەرەتای دامەزرانیدا، تەواوی هێزی ماددی و ئینسانی ولات وەگەڕ بخاو، لەبەر ئەوە چەوساندنەوە نامێنێ و خەلک لە ڕاستیدا بۆ خۆیان کاردەکەن و دلگەرمی و تێکۆشانیان زیاترە، بوحرانی ئابووریش کە لە تایبەتیەکانی سەرمایەداریە، لە سۆسیالیزم‌دا نامێنێ و نابێتە کۆسپ و لە ئاکامدا هەموو کارێک خێراترو زووتر بەرەوپێش دەچێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣ - سۆسیالیزمی مەوجوود

بە ڕاشکاوی دەبێ پێ لەوە بنێین کە شێوەی هەڵدانی سۆسیالیزمی مەوجوود لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا بە تەواوی جێگای ڕەزامەندی نیەو هێندێک هەڵە لەم بارەوە کراون کە زۆربەیان لە هەل ومەرجی تایبەتی و عەینیەوە سەرچاوەیان گرتووە. بزانین ئەو هەڵانەو هۆی ڕوودانیان چیە؟

**سۆسیالیزم لە یەکیەتی سۆویەتیدا:**

"مارکس" و "ئێنگلس" لە مانیفێستی حیزبی کۆمونیست دا دەڵێن: "پڕۆلیتاریا نیشتمانی نیە، نیشتمانی پڕۆلیتاریا هەموو جیهانە". سۆسیالیزمیش هیچکات دیاردەیەکی نەتەوەیی نەبوەو سیستمێکی جیهانیە. "مارکس" و "ئێنگلس" پێشبینیان دەکرد کە سۆسیالیزم دەبێ لە پێشدا لە وڵاتی هەرە پێشکەوتووی سەرمایەداری و ئەویش لە چەند وڵاتدا سەرکەوێ، بۆ ئەوەی ببێتە سیستمێکی جیهانی.

بەڵام مێژوو قانوونی تایبەتی خۆی هەیە. تیئۆرییەک بۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ دادەنرێ، بەڵام ڕەوڕەوەی مێژوو کۆمەڵ بەرەو جێگایەکی دیکە دەبا، ئەمجا تیئۆری ناچارە خۆی لەگەڵ واقعییەت ڕێک بخا.

هەلکەوتی مێژوو ئەوە بوو کە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە پێشدا، لە وڵاتێکی غەیری ئەوە پێک بێ کە "مارکس" و "ئێنگلس" پێشبینیان دەکرد، واتە لە ڕوسیەدا کە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەهیچ جۆر ئامادەیی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبوو. بێجگە لەوەش لەباری حکوومەتیەوە سەرەڕۆترین وڵاتی ئوروپا بوو، و لەتەواوی مێژووی خۆیدا، ڕۆژێک ئازادی و دێموکراسی بەخۆیەوە نەدیبوو. جا لە وڵاتێکی ئاوادا، شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێکهات و بۆ "لێنین" و مارکسیستەکانی دیکە، مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم بەکردەوە هاتە گۆڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان دوو ڕێگایان لەپێش بوو: یان دەبوا بە قسەی هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزبی بالشەویک بکەن کە دەیان کوت دەبێ جارێ واز لە دروستکردنی سۆسیالیزم لە ڕوسیەدا بێنین و هەتا پێکهاتنی ئیمکانی دامەزراندنی لە چەند ولاتی دیکەش، دەست ڕابگرین، یان وەک لێنین و لایەنگرەکانی تێبکۆشن سۆسیالیزم لەو ولاتەدا دابمەزرێنن و ئەو ولاتە بکەنە بنکە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ولاتانی دیکەدا....

بەلام هەر وەک کوتمان ئەو ولاتە واتە ڕوسیە، بە هیچ جۆر ئامادەیی بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم نەبوو. ( چونکە هێندێک گیروگرفتی هەبوون کە سەرمایەداری لە چەند ولاتی ئوروپایی و لە ئەمریکای شیمالیدا لە مێژبوو تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەری کردبوون و لە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لێنین و هاوڕێیەکانی، تازە دەبوا لە ڕوسیەدا چارەسەریان بکەن وەک: مەسەلەی سەنعەتی کردنی ولات، مەسەلەی زەوی و زار، مەسەلەی نەتەوەیی، مەسەلەی جیاکردنەوەی دەولەت لە مەزهەب، مەسەلەی خوێندەوارکردنی کۆمەلانی خەلک و زۆر مەسەلەی دیکە)...

با لەسەر هێندێک لەو مەسەلانە و ڕێگای چارەسەرکردنیان و بەرهەمی ئەو ڕێگا چارانە کەمێک درێژتر قسە بکەین:

نوسراوەکانی "لێنین" لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەباشی نیشان دەدەن کە لێنین لە سەرەتادا بە هیچ چەشنێک نەزەری ئەوە نەبوو کە تاقە حیزبێک دەسەلات بە دەستەوە بگرێ و هەتا سالی ١٩١٨ ش لەو بڕوایەدا بوو کە حیزبی بالشەویک دەبێ لەگەل حیزبەکانی دیکە هاوکاری بکاو بە هاوکاری هەمووی ئەوانەی سۆسیالیزمیان مەبەست بوو، کۆمەلێکی سۆسیالیستیدا بمەزرێنێ. بەلام هێندێک گیروگرفت هەر لە سەرەتاوە پێش هاتن کە بۆ بەربەرەکانی و چارەسەرکردنیان وایان بەباش زانی بەرەبەرە سیستەمی تاقە حیزبی دابمەزرێنن.

یەکێک لەو گیروگرفتانە مەسەلەی زەوی و زار بوو:



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

(کاتێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرکەوت، دانیشتوانی لادێ لە ڕوسیە واتە "موژیک" وەک کۆیلە وابوون و لەگەڵ زەوی دەفرۆشران. ئەم کارە بە "سێرواژ" ناوی دەرکردبوو. لە ڕاستیدا ماوەیەک پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، "سێرواژ" بەرەسمی هەڵوەشێنرابوو، بەلام شوێنەواری هەر مابوو) لە ساڵی ١٩١٨ دا، ئەوانەی کە پێیان دەکوتن "سۆسیال ریۆۆلوسیۆنێر" (سۆسیالیستی شۆڕشگێڕ ) یان زۆر بەکورتی: ئێس-ئێر (S-R)، بەرامبەر بە باڵشەویکەکان ڕاوەستان. ئەوانە بەپێی نووسراوەکانی لێنین، نفووزێکی زۆریان لەنێو جووتیاراندا هەبوو و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی بەناوی "جان ڕید" یش لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی: "ئەو دە ڕۆژەی دنیایان وەلەرز خست" دا، ئەم ڕاستیەی بە جوانی باس کردوە.

لێنین بەتایبەتی بە مەبەستی ڕاکێشانی جووتیاران و بەشدارکردنیان لە حکوومەتدا، یەکیەتی حیزبی باڵشەویک لەگەڵ "ئێس-ئێر"ەکانی هێنا گۆڕێ. کەوابوو دروشمی یەکیەتی کرێکاران لەگەڵ جووتیاران، کە بوو بە ئەسڵێکی پەسندکراو لەلایەن حیزبی باڵشەویکەوە لەجەرەیانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هاتە گۆڕێ و لە زەمانی "مارکس" و "ئێنگلس" دا باسی ئەم یەکیەتیە بەم شێوەیە نەبوو. دروشمی وان بریتی بوو لە :"پڕۆلێتێرەکانی جیهان یەکبگرن!".بەهەرحاڵ، "ئێس-ئێر"ەکان لە ئاخردا نەچوونە ژێرباری ئەو یەکیەتیەو مێژو دەری خستوە کە تەنانەت خەریک بوون کودێتا بکەن و بۆ خۆیان دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە بگرن. کە باڵشەویکەکان پێیان زانی و زووتر جووڵانەوە. ("ئێس-ئێر"ەکان دەیانکوت کە لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ش دا، باڵشەویکەکان کۆدێتایان کردوە نەک شۆڕش و ئەوەیان بەتایبەتی بۆیە دەکوت کە لە سەرەتادا شۆڕش بە دانی کوژراوێکی زۆر کەم سەرکەوت و تەنانەت لە گرتنی کۆشکی زستانیشدا زیاتر لە چەند سەد کەس نە کوژران. لەپاشان "ئێس-ئێر"ەکان داوایان کرد سەرباز و جووتیارەکان کە چەکداربوون، بە دژی باڵشەویکەکان ڕاپەڕن و ئەو کاتە بوو کە هەر وەک کوتمان، حیزبی باڵشەویکیش ناچار بوو سەرکوتیان بکا و دەسەلات بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواوی بە دەستەوە بگرێ. بەم جۆرە بەرەبەرە مەسەلەی زاڵبوونی تاقە حیزبێک و دامەزراندنی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا لە کردەوەدا هاتە گۆڕێ).
هۆیەکی دیکە کە جەرەیانی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی تاقە حیزبی خێراتر کرد، گەمارۆدانی ڕوسیەی سۆویەتی لەلایەن وڵاتانی سەرمایەداریەوە بوو، ڕوسیەی سۆویەتی هەتا ساڵی ١٩٢٠ لەلایەن چاردە دەوڵەتی سەرمایەداری ڕۆژئاواوە بە یارمەتی دژی شۆڕشی نێوخۆ، گەمارۆدرابوو. تەنیا پاش دوو ساڵ شەڕ و لەخۆبوردوویی گەورە بوو کە باڵشەویکەکان توانیان سەرکەون. دوو ساڵ پاش تر واتە لە ساڵی ١٩٢٢ دا، جەمهووریەکانی ڕوسیەی سۆویەتی یەکتریان گرت و یەکیەتی سۆویەتی‌یان پێکهێنا و بەم جۆرە ئیمکانی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا پێکهات.
بەڵام هەروەک لە پێشوودا کوتمان، ئەم کۆڵەبارە قورسایی چەند سەد ساڵ و پاشکەوتوویی ئیمپراتۆری ڕوسیەشی لەگەڵ بوو. سۆسیالیزم دەبوا لە پێشدا مەسەلەی سەنعەتی کردن، مەسەلەی نەخوێندەواری، مەسەلەی ئەرزی، مەسەلەی میللی و زۆر گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری دیکەش چارەسەر بکا کە لە هێندێک وڵاتی سەرمایەداریدا تا ڕادەیەکی زۆر چارەسەرکرابوون. هەر بۆیەش دامەزراندنی سۆسیالیزم زۆر بە زەحمەت بەرەوپێش دەچوو. بۆ نموونە، تەنیا لە ساڵی ١٩٢٩ واتە دوازدە ساڵ پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر دابوو کە یەکەم بەرنامەی ئابووری پێنج ساڵە دەست پێکرا.
پاش کۆچی دوایی لێنین لە ساڵی ١٩٢٤ دا، بەرەبەرە وەزع لە یەکیەتی سۆویەت و بەتایبەتی لەنێو حیزبی کۆمونیست (حیزبی باڵشەویک) دا گۆڕا. "ستالین" کە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو، لە جیاتی دێموکراسی لەنێو حیزب و لە نێو وڵاتدا، لەژێر ناوی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریادا، دیکتاتۆریەکی شەخسی خۆی جێگیرکرد. ئەمە لادانێکی زۆر گرینگ لە ڕێبازی ڕاستەقینەی حیزبی باڵشەویک بوو کە هەتا ئێستاش شۆنی خۆی لە یەکیەتی سۆویەتیدا بەجێ هێشتوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەگشتی لەژێر پێنانی دیموکراسی یەکێک لە دیاردەکانی زەمانی ستالینە. لە زەمانی ستالین دا بوو کە گرینگی دانی لە ڕادەبەدەر بە نەخشی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا، هەروەک ئیشارەمان پێکرد، بەرەبەرە بوو بە دیکتاتۆری حیزب و دیکتاتۆری حیزبیش بوو بە دیکتاتۆری سکرتێری حیزب واتە ستالین، کە حیزبی باڵشەویکی بەتەواوی خستبوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

یەکێک لە دیاردەکانی نەمانی دیموکراسی، نەگیرانی کۆنگرەی حیزبی بوو. لە ساڵی ١٩١٧ وە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێکهات هەتا ساڵی ١٩٢٤ کە لێنین زیندوو بوو، هەموو ساڵێک کۆنگرەی حیزبی باڵشەویک گیراوە. لەو کۆنگرەدا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش کراوە، لەسەر گیروگرفتەکان باس کراوەو هەموو کەس بە ئازادی نەزەری خۆی داوە. بەڵام پاش کۆچی دوایی لێنین بەرەبەرە ماوەی نێوان دوو کۆنگرە زیاتر بوو هەتا وای لێهات کە ئاخر کۆنگرەی زەمانی ستالین واتە کۆنگرەی نۆزدە، لەگەڵ کۆنگرەی هەژدە، سێزدە ساڵیان بەین بوو! دیارە سازبوونی شەڕی دووهەمی جیهانیش لەو کارەدا بێ ئەسەر نەبوو بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە ڕێزدانان بۆ پێڕەوی نێوخۆی حیزب، بۆ ستالین بێگانەبوو.

لە زەمانی دەسەڵاتداری ستالیندا، زۆربەی ئەوانەی کە لەگەڵ شێوەی بەڕێوەبەری ستالین موافیق نەبوون، وەلانران و پاک کرانەوە. نموونەی زۆر بەرچاوی ئەو کارە، کۆمیتەی حیزبی باڵشەویک لە "لێنینگراد" بوو کە هەموو ئەندامەکانی لەبەین بران.

لە مەیدانی ئابووریشدا، لە نێو چوونی دیموکراسی و پەرەگرتنی دەسەڵاتی شەخسی ستالین، بوو بەهۆی زۆر هەڵە و کەم و کووڕی. بۆ نموونە باسی پێکهێنانی "کەڵخۆز" ەکان دەکەین کە ئەو کارە لەسەر ئەمری ستالین ئەنجام دراو شوێنێکی گەورەی لەسەر وەزعی ئابووری یەکیەتی سۆویەتی دانا.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، نەزەر ئەوە بوو کە زەویش وەک کارخانەکان میللی بکرێ. بەڵام لە دوایی‌دا دەرکەوت کە لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وەک ڕوسیەدا کە لەباری تێکنیکی کشتوکاڵەوە زۆر لەپاش بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم کارە سەرناکەوێ. لەجیاتی ئەوە بێجگە لە هێندێک جێگا کە ئیمکاناتی میللی کردنی زەوی و پێکهێنانی شیرکەتی دەوڵەتی بەناوی "سەوخۆز" هەبوو، باشتر ئەوە بوو لەپێشدا زەوی لەنێو جووتیاراندا بەشبکرێ و لە پاشان ئەم جووتیارانە بەرەبەرە هان بدرێن بۆ ئەوەی شیرکەتی تەعاونی (کەڵخۆز) پێکبێنن. ئەسڵ ئەوەبوو کە جووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوەی بە مەیلی خۆیان و لەسەر داخوازی خۆیان ببنە ئەندامی کەڵخۆز، ئەویش کاتێک دەبێ کە باوەڕ بەوە بێنن کە ئەگەر بچنە نێو کەڵخۆز، وەزعی ئابووریان باشتر دەبێ و داهاتێکی زیاتریان لەوە کە لە سەر زەوی تایبەتی خۆیان بە تەنیایی کاربکەن وەدەست دەکەوێ.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ئەسڵە، ستالین جووتیارانی بە زۆری ناچارکرد کە زەویەکانیان بخەنە سەریەک و کەڵخۆز دروست بکەن. ئەم کردەوەیە ئێستاش شوێنەواری هەر ماوەو حکوومەتی سۆویەتی هێشتا نەیتوانیوە گیروگرفت و پێوەندیەکانی کشتوکاڵ بە قازانجی سۆسیالیزم چارەسەر بکا. تەواوی ئەو کەسانەی لە تاریخدا ئاگاداریان هەیە دەزانن کە زەمانێک "ئۆکراین" بە عەمباری گەنمی دونیا دەناسرا، بەڵام ئێستا یەکیەتی سۆویەتی ناچارە هەموو ساڵێک گەنم لە ئەمریکا بکڕێ... چونکە ئەگەر لە ئابووری وڵاتێکدا شێوە هەڵسوڕانێک جێگیر بوو هەروا بە سووک و هاسانی لەبەین ناچێ و دانانی شێوەیەکی تازە، خەباتێکی دوورودرێژی پێویستە.

مەبەست لەم باسەدا هەروەک لە هەوەڵدا کوترا، ئەوەبوو کە نیشان بدەین دامەزراندنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا کە هەلومەرجی تێدا ئامادە نیە، تووشی چەندە تەنگ و چەڵەمە دەبێ و بەرهەمی چەندە خراپی لێ پەیدا دەبێ... ئەگەر کەسێک وەک ستالین توانی هەموو دەسەڵاتێک لە یەکیەتی سۆویەتی بەدەستەوە بگرێ و دێموکراسی ئاوا لەژێر پێ بنێ، هۆیەکەی هەر دەکەوێتە سەر ئەو تەنگ و چەڵەمانە، ئەگینا لێنین بۆ خۆشی تا ڕادەیەکی زۆر ستالینی ناسیبوو و لەنامەیەک کە لە پێش کۆچی دواییدا بۆ کۆمیتەی ناوەندی نوسیوە کوتویە: بۆ سکرتێری حیزب یەکێک پەیدا بکەن کە هەموو تایبەتیەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ستالینی لەباری کارەوە هەبێ، بەڵام وەک ئەو توندوتیژ نەبێ! ( لەم نامەیەدا کە ئەندامانی حیزب هەر نەشیان دەزانی هەیەو بە دەستووری ستالین شاردرابۆوە هەتا لە زەمانی " خرۆشۆڤ" دا بڵاوکرایەوە، لێنین لە ڕێکەوتی پێنجی مارسی ١٩٢٣ دەڵێ:"... بۆیە پێشنیار دەکەم هاوڕێیان ڕێگایەیک ببیننەوە بۆ ئەوەی ستالین لەو مەقامە هەڵبگرن و کەسێکی دیکەی لە جێگا دابنێن....."

سەرەڕای هەمووی ئەوانە، چاوخشاندنێک لە سەرکەوتنە مەزنەکانی سۆویەتی، زۆرباش دەتوانێ نیشاندەری سەرکەوتنەکانی بێ وێنەی سۆسیالیزم بێ. چونکە لەسەر ئەو هەموو پاشکەوتوویی‌یەی ڕوسیەو لەسەر ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیە، لە ئەنجامی لەخۆبوردوویی و تێکۆشان و هەستی شۆڕشگێڕانەی زەحمەتکێشانی وڵاتی سۆویەت، یەکیەتی سۆویەتی توانیویەتی بگاتە ئەو جێگا مەزنەی کە دەی بینین!....



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سۆسیالیزم لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا:

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا، بێجگە لە "یۆگۆسلاوی" و " ئالبانی"، دەسەلاتی سۆسیالیستی بە هاتنی ئۆردووی سوور دامەزرا.

"یۆگۆسلاوی" و " ئالبانی"، بەبێ یارمەتی ڕاستەوخۆی ئۆردووی سوور، خۆیان ڕزگارکرد. "چێکۆسلۆواکی" ش ئەگەرچی بەهۆی ئۆردووی سوور ئازادکرا، بەلام ئۆردووی سوور لەپاشان بۆ خۆی کشاوەو بەدوای ئەودا، حیزبی کۆمونیست لە ئاکامی هەڵبژاردنێکی ئازاد، زۆربەی دەنگی هێناوەو دەولەتی پێکهێنا. "چێکۆسلۆواکی" تەنیا ولاتی ئورووپای ڕۆژهەلات بوو کە لەوێدا حیزبی کۆمونیست لەماوەی نێوان دوو شەڕی جیهانیدا، نفوزێکی زۆری هەبوو و بە ئاشکرا وەک حیزبێکی قانوونی تێدەکۆشا. بەلام لە "ڕۆمانی" دا ئەو وەختەی بە دەستی ئۆردووی سوور ئازادکرا، ژمارەی ئەندامانی حیزبی کۆمونیست نەدەگەیشتە هەزار کەس. "مەجەرستان" یش هەروا بوو.

لەو ولاتانەدا، کاتێک مەسەلەی دامەزراندنی سۆسیالیزم هاتە گۆڕێ، هێنایان ئەوەی لە یەکیەتی سۆویەتیدا کرابوو، وەک نموونەی سۆسیالیزم کەلکیان لێوەرگرت، بێ ئەوەی هەلومەرجی تایبەتی فەرهەنگی، کۆمەلایەتی، ئابووری و مێژوویی ئەو ولاتانە لەبەرچاوبگرن. ئەم چەشنە دامەزراندنەی سۆسیالیزم بوو بە هۆی هێندێک گیروگرفت کە چەند نموونەیەک لەوان باس دەکەین:

کاتێک یەکیەتی سۆویەتی دەستی بە دامەزراندنی سۆسیالیزم کرد، ژمارەی دانیشتوانی ولاتەکەی لە سەدوحەفتا میلیۆن کەس تێدەپەڕی. بەلام ئەو دەمەی کە دەسەلاتی سۆسیالیستی لە مەجارستاندا سەرکەوت، ئەم ولاتە نۆ میلیۆن کەس دانیشتووی هەبوو. ولاتێکی سەدوحەفتا میلیۆنی، ئیمکاناتی ئەوەی هەیە کە هەموو سەنعەتێکی قورس وەک سەنعەتی ئاسن و پۆلاتواندنەوە، پێترۆشیمی، ئەلەکترۆنیک و تەنانەت سەنعەتی ئەتۆمیش بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی دروست بکا. بەتایبەتی کە وڵاتی سۆویەت ئەو کاتە تەنیا بوو لەلایەن وڵاتانی سەرمایەدارییشەوە گەمارۆی ئابووری درابوو. بەڵام ئاشکرایە کە وڵاتێکی نۆ میلیۆن وەک مەجارستان نەیدەتوانی ئەو هەموو سەنعەتە قورسە دروست بکا، چونکە نە ئیمکاناتی ژێرزەوی خاکەکەی و نە هێزی ئینسانی و نە سەرمایەکەی، ئیجازەی ئەو کارەی پێ نادا. سەرەڕای ئەوە، لە ڕووی نموونەی یەکیەتی سۆویەتی‌یەوە مەجارستانیش دەستی کرد بەوە کە سەنعەتی قورس دروس بکاو چەند گەلاڵەی لەم بارەوە دەست پێکرد کە هەرکامەی چەندین میلیارد خەرجی هەڵگرت و هەموو ئیعتیباری ماڵی وڵاتی بەخۆیەوە گرت و یەکێک لە ئاکامەکانی ئەو کارە ئەوە بوو کە خەڵک بۆ پێداویستە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان کەوتنە تەنگانەوە.

باسی مەجارستان بۆیە بۆ نموونە هات چونکە لەچاو وڵاتانی دیکە وڵاتێکی پاشکەوتوو بوو. بەڵام لە ڕاستیدا هەروەک لە هەوەڵەوە کوترا، هەموو وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، هەرکام بە چەشنێک تووشی تەنگانە هاتن. نموونەیەکیش لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک چێکۆسلۆواکی بێنینەوە: ئەم وڵاتە لەباری کەوش دروست کردنەوە، پێشکەوتووترین وڵات و بەتایبەتی زۆر پێشکەوتووتر لە یەکیەتی سۆویەتی بوو.

"باتیا" کە لە کوردستانی خۆماندا بە "پاتە" ناوی دەرکرد بوو، کابرایەکی خەڵکی چێکۆسلۆواکی بوو کە کارخانەیەکی گەورەی کەوش دروست کردنی لەو وڵاتە دامەزراندبوو. بەڵام لە سەرەتای ساڵەکانی پەنجا دا، هەیئەتێک لە چێکۆسلۆواکی ڕا چوون بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی بزانن لە یەکیەتی سۆویەتی کەوش چۆن دروست دەکەن، هەتا ئەوانیش لە وڵاتی خۆیاندا هەر ئاوا کەوش دروست بکەن! تەنانەت لەوەش سەیرتر، چوون نیمکەتی مەدرەسەیان لە یەکیەتی سۆویەتی ئەندازەگرت و هاتن لە چێکۆسلۆواکیش هەر بەو ئەندازەیە نیمکەتیان دروست کرد، بەڵام لەدواییدا، دەرکەوت کە منداڵانی چێکۆسلۆواکی لە منداڵانی سۆویەتی هێندێک کەڵەگەتتر و پان و پۆڕترن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو نیمکەتانەی یەکیەتی سۆویەتیدا بە تەواوی جێگایان نەدەبۆوەو بە ناچار ئەندازەکەیان گۆڕی.
مەبەست لەو نموونانە ئەوە بوو کە نیشان بدەین لە لاساکردنەوەی سۆسیالیزمی سۆویەتیدا گەیشتبوونە چ جێگایەک!!.. لەباری سیاسیشەوە، دەست تێوەردانی یەکیەتی سۆویەتی زەمانی ستالین، لە کاروباری نێوخۆی ئەو ولاتانە، لە ڕادەبەدەربوو. "بێریا" کە لە زەمانی ستالین دا بەرپرسی "ک. گ.ب" بوو، بە تاوانبارکردن و ئیعدامی زۆر کەس، بەزمێکی وای بەسەر خەلکی ولاتەکانی سۆسیالیستی‌دا هێناو وەزعێکی پۆلیسی وا نالەباری لەنێو حیزبە کۆمونیستەکانی ئەو ولاتانەدا زال کرد. کە بەڕاستی دژی سەرەتایی ترین ئوسوولی سۆسیالیزم بوو. لە بولغارستان: "کۆستۆف" ( ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سەرکۆمار) لە مەجارستان :"ڕایک" (سکرتێری حیزب لە زەمانی شەڕدا و وەزیری کاروباری دەرەوە)، لە چێکۆسلۆواکی: "سلانسکی" (سکرتێری گشتی حیزب) ئیعدام کران. سکرتێرە گشتیەکانی ئێستای حیزبە کۆمونیستەکانی چێکۆسلۆواکی و مەجارستان "هووساک" و "کادار" هەردووکیان لە زەمانی ستالین لە زینداندا بوون.
ئەو چەشنە گیروگرفتانە بوون بەهۆی پێکهاتنی ناتەبایی زۆر گەورە لە ولاتانی سۆسیالیستی‌دا، کە لە ڕێگای پێشکەوتنی سۆسیالیزم‌دا بوون بە کۆسپ. لە مەجارستان، لە سالی ١٩٥٦ دا، شەڕو ناکۆکی و کوشتار ساز بوو، ئەگەر لەشکری سوور دەخالەتی نەکردبا، شوێنەوارێک لە سۆسیالیزم لەو ولاتەدا نەدەما. لە لەهستانیش هەر لەو سالەدا ئالۆزیەکی گەورە پێکهات و بە زەحمەت پێشگیری لە خوێن ڕشتن کرا. لەپاشان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە، چوون "گۆمۆلگا" یان کە لە زیندان دابوو هێنا دەرێ و وەک قارەمانی میللی کردیان بە سکرتێری حیزب. ماوەیەکی زۆریشیان ئیمکان پێدا کە ولات بەڕێوەبەرێ، بەلام هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناو بە پێچەوانە وەزعەکەی بەتەواوی ئالۆزکرد، چونکە هەر لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی پێش سالی ١٩٥٦، واتە زەمانی ستالین دەڕۆیی. تەنگ و چەلەمەی ئێستای



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

"لەهستان"یش هەر بەرهەمی ئەو وەزعە ناڵەبارەیە کە لە درێژایی ئەو ساڵانەدا پێکهاتووە...

لێرەدا جێگایەتی کە دیسانیش ئەم ڕاستیە دوو پات بکەینەوە کە ناکرێ تاوانی ئەو هەموو هەڵەیە بە تەنیا بخەینە سەرشانی ستالین. بەڵکوو هەروەک کوترا سەرچاوەی پێکهاتنی ئەو وەزعە، لەپێشدا ئامادەنەبوونی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ڕوسیەدا بوو، کە شەخسیەتی پڕ لە ناتەبایی ستالینیش، خۆی یەکێک لە بەرهەمەکانی بوو...

## وڵاتانی سۆسیالیستی و دێموکراسی:

ئەوەی کە لەسەر گیروگرفت لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا کوترا، بەو مانایە نیە کە سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، یان سۆسیالیزم توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نیە، یان لە وڵاتانی دیکەدا گیروگرفت نیە. هەر وەک لەسەر یەکیەتی سۆویەتی باسکرا، سۆسیالیزم لەو وڵاتانەدا کە دامەزراوە، سەرکەوتنی زۆر گەورەی وەدەست هێناوە. بەڵام ئەگەر هەلومەرجی تایبەتی ئەو وڵاتانە لەنەزەر بگیرایەو لاساکردنەوەی تێدا نەبوایە، سەرکەوتن زۆرتر دەبوو و گیروگرفتیش کەمتر.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە هەر کام لە وڵاتانی سۆسیالیستی، لێوەشاوەیی ئەوەیان هەیە تەنگ و چەڵەمەکانی دامەزرانی سۆسیالیزم لەنێو بەرن. بەڵام بۆ ئەم کارە، بەشداری هەموو خەڵک پێویستە و هەوەڵ هەنگاو ئەوەیە کە، بە خەڵک ڕێگا بدرێ بە ئازادی نەزەری خۆی لەسەر گیروگرفتەکان دەرببڕێ و بیروبڕوا ئاڵوگۆڕ بکا. **لێرە**دایە کە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی واتە دێموکراسی دێتە گۆڕێ.

بۆ سادەکردنەوەی ئەم **باسە** باشترە کە چەند بەشی دێموکراسی لێک **جیابکەینەوە**، هەر چەند کە **دێ**موکراسی لە ئەساسدا بەش ناکرێ و هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشەکانی پێوەندی دیالێکتیکی‌یان پێکەوە هەیە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ئەسڵی باسەکە، ئەم بەشکردنە پێویستە کە ئێمە ناویان دەنێین: دێموکراسی کۆمەڵایەتی، دێموکراسی ئابووری و دێموکراسی سیاسی.

لەسەر دێموکراسی ئابووری، پێشتر باسمان کردوە. ئەو دێموکراسیە بەگشتی لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا لە وڵاتانی سەرمایەداری زیاترە. چونکە داهاتی نەتەوەیی عادڵانەتر دابەش دەکرێ. دیارە ئەو داهاتە موومکینە کەم یان زۆر بێ. ڕاستە کە کرێکاری نێونجی سۆویەتی، ئێستاش پایەی ژیانی ئابووری لە کرێکاری نێونجی وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو نزمترە، کە ئەمە خۆی هۆی مێژوویی هەیە، بەڵام ئەوەندە کە هەیە، عادڵانەتر دابەش دەکرێ و ئەوە نە تەواوی ڕوونە.

لەباری دێموکراسی کۆمەڵایەتیشدا، وەزع هەر بەم جۆرەیە. چونکە ئەو یارمەتیەی کە دەوڵەت لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا بۆ پەروەردەکردن و بارهێنان و لەش ساغی و بنەماڵەی کەم داهات و بنکەی گشتی فەرهەنگی و هونەری و شتی وا تەرخانی دەکا، بە ڕاستی شتێکی بەرچاوەو کۆمەڵی سۆسیالیستی لەم بارەوە، زۆر ئیمتیازی ناعادڵانەی لەبەین بردوە کە لەگەڵ کۆمەڵی سەرمایەداریدا جێگای هەڵسەنگاندن نیە.

بەڵام کە دەگەینە سەر باسی دێموکراسی سیاسی، وەزعەکە فەرق دەکا. لێرەش دا بۆ ڕوون کردنەوەی باسەکە، باشترە دێموکراسی سیاسیش بە دوو بەش بکەین: یەکێکیان دێموکراسی فەردی‌یە، واتە ئەوەی کە هەر کەس بتوانێ ژیانی تایبەتی خۆی بەو جۆرەی پێی خۆشە بەڕێوەبەرێ. بۆ نموونە، لە جەمهووری ئیسلامیدا، ئەم جۆرە دێموکراسیە ئەوەندە مەحدوودە کە تەنانەت شێوەی جل لەبەرکردنیش دیاری کراوە. لەم بارەوە لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا بەگشتی ئەم چەشنە مەحدوود کردنانەیان نیەو، یان ئەگەریش هەبێ، زۆر کەمە. لە زەمانی شۆڕشی فەرهەنگی لە چین دا، هێندێک لەو مەحدوودیەتانە هەبوون و بۆ نموونە، بەستنی کراوات قەدەغە کرابوو. هەروەها برادەرێکی ئێرانی کە لایەنگری ئالبانی بوو، دەگێڕێتەوە کە چەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵ لەمەوپێش، بەپێی دەعوەتێک، لە وڵاتێکی ڕۆژئاوا دەچێ بۆ ئالبانی. کاتێک دەگاتە فڕۆکەخانەی "تیرانا" پاتەختی ئالبانی، لەپێش هەموو شتێکدا، لەسەر درێژبوونی مووی سەری، بەهانەی پێدەگرن و سەری دەتاشن!.. ڕەنگ بێ ئێستا ئەم جۆرە مەحدوودیەتانە کە پێوەندی بە ژیانی فەردی و شەخسی ئینسان هەیە، زۆر کەم بووبێ.

کەوابوو ئەوەی جێگای باسە، دێموکراسی سیاسی گشتی‌یە کە پێوەندی بە هەڵوێستی فەرد سەبارەت بە ڕژێم، بە دەوڵەت و بە حاکمی‌یەتەوە هەیە. ئایا لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا فەرد دەتوانێ نەزەری خۆی لەسەر سیاسەتی حکوومەت بدا؟ و ئەم نەزەرە لە کۆمەڵدا بڵاوبکاتەوە؟ ئایا هیچ کەس دەتوانێ لە چاپەمەنی و ڕادیۆو تەلەفزیۆندا ڕەخنە لە حکوومەت بگرێ و لەباری سیاسی‌یەوە بە دژی دەوڵەت ڕابوەستێ؟ بە داخەوە، دەبێ پێ لەوە بنێین کە ئەو دێموکراسیە لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا، بێجگە لە یۆگۆسلاوی کە هێندێک ئازادی تێدا هەیەو تا ڕادەیەکیش مەجارستان، وجوودی نیە. لە حاڵێکدا لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئەم ئازادیە هەیە.

با هەر لە ئێستاوە ڕوونی بکەینەوە کە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ئەو ئازادی و دێموکراسیە بەگشتی کانالیزەکراوەو زۆر جاریش هەر لە تیئۆریدا هەیەو بەکردەوە پیادەکردنی هاسان نیە. بۆ نموونە، بەپێی قانوون هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ڕۆژنامە بڵاوبکاتەوەو لە ڕاستیشدا لەم بارەوە کەس پێشی پێ ناگرێ. بەڵام دەرکردنی ڕۆژنامە، پارەیەکی زۆری پێویستە کە بە هەموو کەس پەیدا نابێ و تەنانەت ڕێکخراوو سازمانی سیاسی زۆر گەورەش بە زەحمەت دەتوانن ڕۆژنامەی خۆیان بەڕێک و پێکی دەربخەن. سەرەڕای ئەوە، هێندێک ئازادی سیاسی بە ڕاستی هەیە. لە هەڵبژاردندا هەر کەس دەتوانێ بە ئازادی دەنگی خۆی بدا. نەزەری خۆی لە ڕۆژنامەو کتێبدا بڵاوبکاتەوە، لە ڕێکخراوی سیاسی و سەندیکای جێگای پەسەندی خۆی ببێتە ئەندام، ئازادی هاتوچووی بۆ وڵاتەکانی دەرەوەو پێوەندی گرتن لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێکخراوە سیاسیەکانی وڵاتانی دیکەی هەیە و بۆ ئەم جۆرە کارانە ناخرێنە ژێر چاوەدێری و زیندانی ناکرێ و مەحکووم نابێ...

ڕەنگ بێ ئەو پرسیارە بێتە پێش کە ئەگەر ئەندامانی حیزب لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا ڕەخنەکانی خۆیان بە ڕاشکاوی بڵێن چ دەبێ؟ وەڵام ئەوەیە کە لە نەزەر زۆربەی ئەو ئەندامانە، ئەم کارە وەک سەر لە دیواردان وایەو، بە تاقیکردنەوە دەزانن کە ئەگەرچی مومکینە لە هەوەڵدا بە ڕواڵەت پێیان بڵێن کە ئەو ڕەخنە و ڕەخنەگرتنە مافی خۆیانە، بەڵام لە یەکەم هەلکەوتدا بیانویان پێ دەگرن و سزایان دەدەن.

هەروەک ئیشارەمان پێکرد، ئێستا لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا لەم بارەوە فەرق هەیە. لە یۆگۆسلاوی و مەجارستان دا تا ڕادەیەک وەزع باشترە و ڕژێم سەبارەت بە ڕەخنەگران ئەوەندە توندەتیژی نیشان نادا. هیچ گومان لەوەدانیە کە ئەگەر ئیمکان بدرێ خەڵک بە ئازادی نەزەری خۆیان دەربڕن، گیروگرفتەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی باشتر چارەسەر دەکرێن و سۆسیالیزم نەک تەنیا لە مەترسی ناکەوێ، بەڵکوو زۆریش قازانج دەکا. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە بۆ کۆنگرەی بیست و چوارەمی ئەو حیزبەدا هاتوە کە:"بۆ وڵاتانی سۆسیالیستی ئورووپا، بەرەوپێش چوون، بۆتە هۆی پەیدابوونی گیروگرفت و ناتەبایی.... ئەو وڵاتانە پێویستیان بە پێشڕەفتی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی پەیدابوونی پێداویستی تازە و جۆربەجۆری خەڵکەکەیان. هەروەها پێویستیان بە دێموکراسی هەیە کە لە هەموو بارێکەوە دەتوانێ ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مەوجوود بێ. دێموکراسی مەسەلەی ئەساسی بۆ بەرەوپێش چوونە. ئەوەش تەنیا بە هێندێک بڕیاری ئیداری جێ بەجێ نابێ و کە لەو وڵاتانەدا لە جیاتی خەباتی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی بەکاردەهێنرێ و ئێمە بەتەواوی دژایەتی خۆمانیان لەگەڵ دەردەبڕین. بەڵکوو دەبێ هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕێکی زۆر قووڵی دێموکراتی بەسەردابێ..."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێجگە لەوانەی کوترا، لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا هێندێک ئیمتیازی بێ جێ بۆ ئەندامانی پایەبەرزی حیزبی و دەوڵەتی هەیە کە لەگەڵ ئوسوولی سۆسیالیزم ڕێک ناکەوێ و دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەم کووڕی. یەکێک لە کەم و کووڕیە ئەساسیەکان ئەوەیە کە بەرپرسان و کادرە بەرزەکانی حیزب پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک زۆر کەمە. نەتیجەی ئەو وەزعە، دوورکەوتنەوە لە خەڵکە و ئەوە تا ڕادەیەک گەیشتوە کە جاری وا هەیە کادرەکان بە شێوەی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن کە خەڵکی ئاسایی عادەتی پێ نەگرتووە. ئاشکرایە کە ئەو دوورکەوتنەوە لە خەڵکی ئاسایی ئەگەر درێژەی هەبێ کاربەدەستان بەرەبەرە سەبارەت بە بیروڕاو داخوازەکانی گەل بێگانە دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤ - سۆسیالیزم و هەلومەرجی وڵاتەکەمان

هەتا ئێرە هەم لەباری تێئۆرییەوەو هەم لەباری عەمەلییەوە باسی بارە باشەکانی سۆسیالیزممان کرد. هێندێک گیروگرفتی سۆسیالیزمی مەوجوود و هۆی ئەو گیروگرفتانەشمان خستە بەرچاو و لە ئاخردا هاتینە سەر ئەوە کە گیروگرفتی ئەساسی لە سۆسیالیزمی مەوجووددا نەبوون یان مەحدوودبوونی دێموکراسی سیاسییە.

ئێستا دەتوانین بێینە سەر باسی ئەو مەسەلە گرینگە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دای بمەزرێنین، چ جۆر سۆسیالیزمێکە؟ یان باشتر ئەوەیە کە پرسیار بکەین: ئایا ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانەوێ دروستی بکەین بەتەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا دامەزراوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەیە کە: نا! ئەوە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان دا ناگونجێ. چونکە ڕاستەکە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری، بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوەندیەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردوە. تەرکیبی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان و تەرکیبی چینایەتی کۆمەڵی ئێمە، جیاوازیەکی تەواوی لەگەڵ کۆمەڵێکی سەرمایەداری هەیە. فەرهەنگ و سوننەتی گەلەکەشمان تایبەتین و لەگەڵ فەرهەنگ و سوننەتی گەلانی دیکە فەرقی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمنهەوێ دای بمەزرێنین، دەبێ لەگەڵ سۆسیالیزم یەکیەتی سۆویەتی، یان فەڕانسە، یان ویێتنام، یان هەر جێگایەکی دیکە فەرقی هەبێ.

بەلەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانەیە کە ئێمە دەمانهەوێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکەماندا ڕێک بکەوێ. بە کوتنی ئەو قسەیە ئێمە نەک تەنیا تاوانێکمان نەکردوە، بەلکوو شتێکی زۆر جوان و زۆر ئاساییمان کوتوەو دەبێ لەم بارەوە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی ئێمە ڕوون بکرێتەوە و پێیان بسەلمێندرێ کە ئەوە نەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر هیچ لادانێکی لە ئوسوول تێدا نیە، بەڵکوو درێژەپێدان بە خەباتی ئوسوولی حیزبەکەمان و گەلەکەمانە.
حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە لە کۆنگرەی بیستووچوارەی خۆی لە زستانی ساڵی ١٩٨٢ دا تەنیا یەک دروشمی هەبوو، ئەویش "دروست کردنی سۆسیالیزم بە ڕەنگی فەڕانسەیی!" واتە حیزبێک کە لەنێو گەورەترین حیزبە کۆمونیستەکانی ئورووپای ڕۆژئاوادا لە هەمووان زیاتر لە حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆویەتی نزیکترە، دەیهەوێ سۆسیالیزمێک دروست بکا کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی فەڕانسە ڕێک بکەوێ.
مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی کە لە سۆسیالیزمی دامەزراو بەپێی هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکەمان، دەبێ لەبەرچاو بێ، مەسەلەی دێموکراسی و ئازادی‌یە. گەلانی ئێران و نەتەوەی کورد بەسەدان ساڵ لەژێر ڕژێمی ئیستبدادیدا ژیاون. بۆیە زۆریان پێویستی بە ئازادی و دێموکراسی هەیەو، دەیانهەوێ ئازاد بن و بە ئازادی بژین. سۆسیالیزم، نانی دەداتێ، خانووی دەداتێ، خوێندن و لەش ساغی دەداتێ، بەڵام ئینسان تەنیا بە نان ناژی. کەوابوو لە بەرامبەر ئەوانەدا، نەک تەنیا نابێ ئازادیەکەی لێ بستێنێ، بەڵکوو بەپێچەوانە دەبێ زۆر زیاتریشی لەسەردەمی سەرمایەداری بداتێ. ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دروست بکەین کە نەک تەنیا دێموکراسی مەحدوود ناکا، بەڵکوو پەرەشی پێدەدا. "مارکس" و "ئێنگلس" لە مانیفێستی حیزبی کۆمونیستدا دەڵێن: "لە جێگای کۆمەڵی کۆنی بورژوایی بە چینەکان و ناتەبایی‌یە چینایەتی‌یەکانیەوە، ئێمە کۆمەڵێکمان دەبێ کە لەودا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس، شەرتی گەشەکردنی ئازادانەی هەمووانە".
لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ئەسڵەدایە کە دەبێ بڵێین: لایەنگری لە "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" کە جارجار لەلایەن هێندێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتەوە دەبیزرێ، کارێکی بێ قاعیدەو بێ جێیە. چونکە لەلایەک لایەنگری لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بۆ ئەندامی حیزبێکی دێموکراتی- میللی وەک حیزبی ئێمە بێ مانایەو لەلایەکی دیکەش تەنانەت ئەگەر وەک مارکسیستێکیش چاو لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەسەلەکە بکەین، بە هیچ جۆر لایەنگری لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەک ئەسلێکی بێ ئەم لاو ئەولا نابێ چاولێ بکرێ.

حیزبێکی کۆمونیستی گەورەی وەک حیزبی کۆمونیستی فەرانسە، چەندین ساڵە بە ڕەسمی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای ڕەد کردۆتەوەو لە کۆنگرەی بیستووچوارەمی خۆیدا کە لە سەرەوە باسمان کرد، دیسانیش لەسەر ئەو ڕەدکردنەوەیەو مەحکووم کردنی ستالینیزم بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕۆیشتوە. بێجگە لە حیزبی کۆمونیستی فەرانسە، زۆر حیزبی کۆمونیستی دیکەش هەن کە هەر لەو بڕوایەدان. جا ئەگەر بەو حاڵە، ئەندامێکی حیزبێکی دێموکراتی-میللی لایەنگری لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بکا، ئەوە ناوی "کاسەی گەرمتر لە ئاش" نیە؟!

تەنانەت ئێستا لە یەکیەتی سۆویەتی و لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی دیکەش دا باسی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا نەماوە. هەر لە سەرەتاشەوە "مارکس" دیکتاتۆری پرۆلیتاریای بە ئامانج دانەناوە، بەڵکوو بە قۆناغێکی تێپەڕبوونی زانیوە کە ئەنجامی:" لەنێو چوونی هەموو چینەکان و پێکهاتنی کۆمەڵێکی بێ چین دەبێ" (نامەی مارکس بۆ "یوزیف وایت میلیر" لە پێنجی مارسی ١٨٥٢).

لە مانیفێستی حیزبی کۆمونیستیش دا کە لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاوکراوەتەوە، "مارکس" و "ئێنگلس" نووسیویانە:".... هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی چینی کرێکار، گەیاندنی پرۆلیتاریا بە مەقامی چینی دەسەڵاتدارە، بۆ ئەوەی لە خەبات لە ڕێگای دێموکراسیدا سەرکەوێ". هەروەها مارکس لە نووسراوەیەک لەسەر "کۆمونی پاریس" دا دەڵێ: "خەباتی گەورەی شۆڕشگێڕی بریتیە لە ئەسپاردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەت بە کۆمەڵ، بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە ببێتە هێزێکی زیندوو و ئەساسی کۆمەڵ. لە جیاتی ئەوەی کە ببێ بە هێزێک کە وەک کەڵەوە بەسەر ملیدا بێ". لەو قسانە، ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ کە بۆ دانەرانی مارکسیزم، نێوەڕۆکی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا سەرەڕۆیی نیە، بەڵکوو دێموکراسییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆویەت دا، باسی حاکمی‌یەتی گشتی گەلی کراوەو، ئەم نەزەرە تا ئێستاش ڕەدنەکراوەتەوە. لە چین دا "مائۆتسەتۆنگ" لە یەکەم ڕۆژەوە، لە جیاتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، باسی "دیکتاتۆری دێموکراسی" دەکرد. لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی"دیکتاتۆری دێموکراسی گەلی"دا، زۆر بە کورتی دەڵێ:"دیکتاتۆری دژی دوژمنانی گەل و دێموکراسی بۆ گەل". ئێستاش لە چین زیاتر باسی دێموکراسی سۆسیالیستی دەکرێ تا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا.

کەوابوو، ئێمە دەبێ سۆسیالیزمێک دامەزرێنین کە دێموکراتیک بێ. ئەوە هەم بە مانای کەلک وەرگرتن لە دەستکەوتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیەو، هەم بە مانای کەلک وەرگرتن لە ئازادی فەردی و سیاسی و بەشدارکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەلک لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات دایە. لە سۆسیالیزمی دێموکراتی‌دا، فەرد نە لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە دەچەوسێتەوە و نە لەباری سیاسیەوە، هاونیشتمانی وڵاتێک کە سۆسیالیزمی دێموکراتی تێدا پێکهاتووە، هاونیشتمانێکی ئازادەو بە ئازادی دەژی.

لێرەدا پێویستە کە هەڵەیەکیش لە بارەی "سۆسیالیزمی دێموکراتی" دا ڕاست بکەینەوە، چونکە هێندێک کەس لەمانای سۆسیالیزمی دێموکراتی نەگەیشتوون. ئەو ڕاست کردنەوەش ئەمەیەکە:" سۆسیالیزمی دێموکراتی" لەگەڵ "سۆسیال دێموکراسی" فەرقی هەیە. سۆسیال دێموکراسی ڕێبازێکی ڕێفۆرمیستە کە بەناوی سۆسیالیزم، سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵی دەسووڕێنێ، بەناوی سۆسیالیزم، کرێکاران هان دەدا بۆ ئەوەی سەرمایەداری قبووڵ بکەن و بەکورتی دەیهەوێ کە گیروگرفتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کرێکاران لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا چارەسەر بکا، بێ ئەوەی ئەو چوارچێوەیە تێک بدا، لە حاڵێکدا سۆسیالیزم بەمانای ڕووخاندنی سەرمایەداری بەتەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێ یە.

بێجگە لەوە، سۆسیالیزم بە نیزام و کۆمەڵ دەکوترێ و سۆسیال دێموکراسی ڕێبازی حیزبێکی سیاسیە. لە ڕاستیدا وێک چوونی وشەی "سۆسیالیزمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکراتی" و " سۆسیال دێموکراسی" وەک وێک چوونی وشەی "ئابووری سیاسی" و "سیاسەتی ئابووری" یە. "ئابووری سیاسی" بە زانستی ئابووری دەڵێن کە لە قانوونەکانی گشتی ئابووری دەکۆڵێتەوە. لە حاڵێکدا "سیاسەتی ئابووری" سیاسەتی دیاری کراوی حیزبێک یان دەولەتێک لە مەیدانی ئابووری دایە.

ئێمە کاتێک دەڵێین: سۆسیالیزممان دەوێ، ئەوە خۆی بەمانای ڕەدکردنەوەی سەرمایەداری و لە نەتیجەدا ڕەدکردنەوەی سۆسیال دێموکراسی یە. بەڵام ئەگەر کوتمان:"سۆسیالیزمی دێموکراتی" مان دەوێ، مانای ئەوەیە کە دیسان هەر سۆسیالیزممان دەوێ، بەڵام سۆسیالیزمێک کە دێموکراسیشی لەگەڵ بێ و پەرەی پێ بدا. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە بۆ کۆنگرەی بیستووچوارەمی کە تا ئێستا چەند جار ئیشارەمان پێکردوە، لەم بارەوە دەڵێ:"بەرەوپێش چوونێکی دێموکراتی بەرەو سۆسیالیزمێکی دێموکراتی، کە بەتەواوی لەگەڵ واقعییاتی وڵاتی ئێمە و واقعییاتی دنیای ئیمرۆ ڕێک بکەوێ. ئەمەیە ئامانجی گەورەی حیزبی ئێمەیە!".

دیارە لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا، بێجگە لەوە کە هەلومەرجی تایبەتی هەر وڵاتێک دەبێ بخرێتە بەرچاو، هێندێک ئوسوولی گشتیش پێویستە لەنەزەر بگیرێ:

یەکەم- هەروەک کوتمان، سۆسیالیزم بە مانای لەنێوبردنی چەوساندنەوەو پێکهێنانی نیزامێکە کە لەودا "کار" ی ئینسان ئەرزشی ئەساسیە.

دووهەم-سۆسیالیزم ئەزموونێکی مێژوویی‌یە. هەر بۆیە دەبێ لە دامەزراندنی دا، لە ئەزموونی هەموو وڵاتێک کەلک وەربگیرێ بێ ئەوەی هیچ وڵاتێک بەتەواوی ببێتە نموونەو هەروەها بێ ئەوەی ئەزموونی بە نرخی هیچ وڵاتێک بکەوێتە پشت گوێ.

بۆ نموونە، ئێستا لە فەڕانسە تاقیکردنەوەیەکی تازە دەست پێکراوە. دیارە جارێ ناتوانین چاوەڕوان بین کە بەم زووانە کۆمەڵی فەڕانسە لە بنەڕەتەوە تووشی گۆڕان بێ، بەڵام ئێستا حکوومەتی سۆسیالیستی فەڕانسە لەباری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئابووری و کۆمەلایەتی‌یەوە ڕاست ئەوەی دەکا کە نەزەری حیزبی کۆمونیستی فەڕانسەیە.... هەروەک کوترا، تاقیکردنەوەی فەڕانسە هەم تازەیە و هەم ماوەیەکی کەمە دەست پێکراوە، هەر بۆیە ناکرێ جارێ لەسەری حیساب بکەین. تەنیا یەک مەسەلە لەم تاقیکردنەوەیەدا بۆ ئێمە جێگای سەرنجە و ئەویش ئەمەیە کە: ئەگەر سەرکەوێ، دەبێتە نموونەیەک لە سۆسیالیزمی دێموکراتی....

لە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا، بێگومان ئەزموونی یەکیەتی سۆویەتی و ولاتانی ئورووپای ڕۆژهەلات و چین وەک ئەزموونێکی زۆر بە نرخ دەبێ لەبەرچاو بگیرێ و نەک تەنیا لەم بارەوە کە سۆسیالیزم دەبێ چۆن دابمەزرێ، بەلکوو لەم بارەشەوە کە چۆن نابێ دابمەزرێ. ئێمە دەبێ هەم لە ئاکامە لەبارەکانی ئەم ئەزموونە مێژوویی‌یە کە گەورەترین و گرینگترین ئەزموونی کۆمەلّی مرۆڤە کەلک وەرگرین و هەم لە هەلّەکانی، خۆ بپارێزین...



کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

## ٥ - هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە وڵاتانی سۆسیالیستی

بەر لەوە کە بچینە سەر ئەسڵی باسەکە، پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی جووڵانەوەی کرێکاری جیهان بدەینەوە.
ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم وەک ڕێکخراوی کرێکارانی جیهان لە ساڵی ١٨٩٤ لە زەمانی ئەنگلێس دا پێکهات. لەسەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵەکانی ١٩١٤ هەتا ١٩١٨ دا، ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی، واتە لە ڕێبازی دیفاع لە قازانجی زەحمەتکێشانی جیهان لای داو نیشانیدا کە بەڕاستی ئەنتێرناسیۆنالی کرێکاران نیە. چونکە کاتێک شەڕ هەڵایسا، زۆر لە حیزبە سۆسیالیستەکان کە ئەندامی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم بوون، دەستیان کرد بە پشتیوانی لە بورژوای خۆماڵی و دەنگدان بۆ بوودجەی شەڕ لە وڵاتانی خۆیاندا. لە حاڵێکدا باڵشەویکەکان و ئەنتێرناسیۆنالیستەکانی ڕاستەقینە نەزەریان ئەوەبوو کە چینی کرێکاری هەر وڵاتێک دەبێ بە دژی ڕژێمی سەرمایەداری خۆماڵی خەبات بکاو بۆ ڕووخاندنی تێبکۆشێ، نەک ئەوەی کە پشتیوانی لە شۆڤێنیزم و مەزنی خوازی و شەڕخوازی بورژوای وڵاتی خۆی بکا... ئەم جیاوازیە، بوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی باڵشەویک لە ئەنتێرناسیۆنال بێتەدەرو بەم جۆرە ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم بەکردەوە هەڵوەشا.

لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لێنین پێشنیاری پێکهاتنی ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم واتە ئەنتێرناسیۆنالی کۆمونیستی کرد کە لە ساڵی ١٩١٩ دا دامەزراو بوو بە جێگای کۆبوونەوەی حیزبە کۆمونیستەکان. مەبەستی لێنین لە پێکهێنانی ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم ئەوە بوو کە حیزبە کۆمونیستەکان لە تاقە ڕێکخراوێکی جیهانیدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی یەکگرتوو یەکپارچە بن و هەروەها بۆ ئەوەی کە دیفاع لە حاکمییەتی سۆویەتی بکەن کە کەوتبوە بەر پەلاماری وڵاتانی سەرمایەداری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم ڕێکخراوێک بوو لەبەرە (جەبهە) زیاترو، پتر وەک یەک حیزب دەچوو. ئەو ئەنتێرناسیۆنالە، بیست و یەک ئەسڵی هەبوو کە هەر حیزبێک دەبوو بە ئەندام، ناچار بوو ئەم بیست و یەک ئەسڵەش بەتەواوی قبوڵ بکاو پێڕەویان لێ بکا. یەکێک لەم ئەسلانە کە ناوبانگی دەرکرد بوو ئەوەبوو کە: "مەعیاری ئەنتێرناسیۆنالیزم، چۆنیەتی هەڵوێست گرتن بەرامبەر بە وڵاتی سۆویەتە". واتە ئەگەر حیزبێک سیاسەتی وڵاتی سۆویەتی کە ئەو کاتە تەنیا وڵاتی سۆسیالیستی دنیا بوو پەسند کردبا و بێ ئەم لاو ئەولا دیفاع و پێڕەوی لێکردبا، ئەنتێرناسیۆنالیست بوو، لە غەیری ئەوەدا، واتە ئەگەر ڕەخنەی هەبا، ئەنتێرناسیۆنالیست بە حیساب نەدەهات.

ئەم وەزعە هەتا ساڵی ١٩٤٣ کە ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم هەڵوەشا، هەر بەردەوام بوو. بەڵام لەو ساڵەدا ڕاگەیاندرا کە بەهۆی لە گۆڕێ دابوونی شەڕ، هەر حیزبێکی کۆمونیست دەتوانێ سیاسەتی خۆی سەربەخۆ دیاری بکا. لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانیش، "ئەنفۆرم بورۆ" یا "دەفتەری گۆڕینەوەی دەنگ و باس" لەنێو حیزبە کۆمونیستەکاندا پێکهات کە ئەویش بە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٦ دا هەڵوەشاوە.

بەم جۆرە ئێستا ماوەیەکی درێژە کە هەر حیزبێکی کۆمونیست مافی ئەوەی هەیە سیاسەتی خۆی سەربەخۆ دیاری بکاو نەزەری خۆی لەسەر گیروگرفتەکانی جیهان و وڵاتی خۆی دەربڕێ، بەتایبەتی حیزبە کۆمونیستەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا، وەک حیزبی کۆمونیستی ئیتالیاو فەڕانسەو ئیسپانیا کە لەسەر زۆر گیروگرفت لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و یەکیەتی سۆویەتی نەزەری جیایان هەیە و ئەم نەزەرەیان لە چاپەمەنیەکانی خۆیاندا بڵاودەکەنەوە.

جا ئەگەر حیزبێکی کۆمونیست مافی ئەوەی هەبێ کە نەزەری لەگەڵ حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆویەتی لەسەر هەموو شتێک یەک نەبێ، دیارە ئێمە کە حیزبێکی دێموکراتی-میللین، ئەو مافەمان بەتەواوی هەیە و دەتوانین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر دامەزراندنی سۆسیالیزم و لەسەر سیاسەتی جیهانی، نەزەری تایبەتی خۆمان هەبێ.
ئاشکرایە کە یەکیەتی سۆویەتی، سیاسەتی دەرەوەی خۆی هەیە و لەسەری دەڕوا، بەڵام ئایا ڕێبازی ئەو سیاسەتە هەموو کاتێک لەگەڵ بیروڕای زۆربەی کۆمەڵانی خەلکی ئێران یەک دەگرنەوە؟ بۆ نموونە: ئێستا هەموو کەس دەزانێ کە یەکیەتی سۆویەتی، بێجگە لە کامیۆن و ماشێن و کەلوپەلی دیکە، چەکی وەک "ئاڕ-پی-جی" و "کاتیۆشا" و زۆر چەک و تەقەمەنی دیکەی بە ڕژێمی شا فرۆشتبوو. ئەگەر ڕژێمی شا، کە ڕژێمێکی سەرەڕۆ و پۆلیسی بوو، ئەم چەکانەی لەنێو وڵات دا بەکارهێنابا، ئەوە دژی ئازادی و داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێران بوو، ئەگەر لە دەرەوەی ئێرانیش بەکاری هێنابا. لەبەر ئەوە کە ڕژێمێکی سەر بە ئیمپریالیزم بوو، ببووە ژاندارمی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەوە دیسان دژی ئازادی و ئازدیخوازی گەلانی ناوچەبوو (هەر وەکوو شا، ئەو چەکانەی لە "زووفار" بەکارهێنا). جا ئایا ئێمە وەک ئێرانیەکی ئازادیخواز، حەقمان نەبوو کە بڵێین فرشتنی ئەو چەکانە بە ڕژێمی شا، دژی قازانجی گەلانی ئێران بوو؟
ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیەکە لە پێشدا لە قازانجی گەلی خۆمان دیفاع بکەین. هەروەها کە یەکیەتی سۆویەتیش لە پێشدا دیفاع لە قازانجی گەلەکەی دەکا. ئێمە لە یەکیەتی سۆویەتی چاوەڕوانی ئەوە ناکەین کە ئەو کارەی ئێمە دەبێ بۆ خۆمان بیکەین، بۆمان ئەنجام بدا...
بەداخەوە لە ڕابردوودا، زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستان ئەو چاوەڕوانیەیان هەبووەو وا فێرکرابوون کە سۆویەتەکان دەبێ بێن و ئازادمان کەن. ئێستا حیزبی ئێمە ئەو ڕاستیەی بۆ ئەندامانی خۆی و گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەکەمان ئازادبکەین. نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە یەکیەتی سۆویەتی یا هەر کەس و هەر جێگایەکی دیکە لە دەرەوەدا بێ و دێموکراسی و خودموختاریمان بۆ وەربگرێ. نابێ پێمان وابێ کە یەکیەتی سۆویەتی هەرچی ئێمە پێمان کوت بە قسەمان بکا، لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرامبەریشدا هیچ دۆستێکیش نابێ چاوەڕوانی ئەوەبێ کە هەرچی ئەو کوتی، ئێمە بەقسەی بکەین.
با سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆویەتی سەبارەت بە ئێرانی "خومەینی" بخەینە بەرچاو: بەگشتی لە ڕوانگەی سۆویەتیەکانەوە لە ماوەی چوار ساڵی پاش سەرکەوتنی شۆڕش سیاسەتیان بەرامبەر بە ڕژێمی خومەینی سیاسەتێکی ڕاست و ئوسوولی بوو، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە کە دژی ڕژێمی خومەینی خەبات دەکەین، هەر سیاسەتێک پشتیوانی لەم ڕژێمە بکا، نادروست و ناخۆش و غەیرە ئوسوولی بوو.
دەلیلی سۆویەتیەکان بۆ ئەو سیاسەتە چیە؟ ئەوان دەڵێن کە ڕژێمی شا، ڕژێمێک بوو دژی سۆویەتی و سەر بە ئەمریکا، ڕژێمی خومەینیش، ڕاستە کە دژی سۆویەتی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا دژی ئەمریکاش بوو(یان لانی کەم وەک شا سەر بە ئەمریکا نەبوو)، کەوابوو پلەیەک لە ڕژێمی شا باشترەو بۆ یەکیەتی سۆویەتی زۆر جێگای پەسندە.
لەباری سیاسەتی نێونەتەوەییەوە، ڕەنگ بێ ئەم سیاسەتە ڕاست بێ، بەڵام ئایا بۆ ئێمەش مەسەلەکە هەر ئاوا چاو لێ دەکرێ؟ بۆ گەلی کورد کە ماوەی چەند ساڵە خەریکی خەباتێکی توندو دوورو درێژ بە دژی ڕژێمی خومەینیەو، هەموو ڕۆژێک چەندین شەهید لەم ڕێگایەدا دەدا، ئایا سیاسەتی پشتیوانی لەو ڕژێمە جێگای پەسندە؟ ئاشکرایە کە نا!.
کەوابوو، نە یەکیەتی سۆویەتی دەتوانین لە جێگای خۆمان دابنێین و داوای لێ بکەین هەڵوێستی وەک ئێمە بێ و نە خۆمان دەتوانین لە جێگای یەکیەتی سۆویەتی دابنێین و سیاسەتمان وەک ئەو بێ....
هەروەها با ئەوەش ڕابگەیەنین کە ئێمە نەک تەنیا دژی پەرە ئەستاندنی پێوەندی بازرگانی و فەرهەنگی ئێران لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی و وڵاتانی سۆسیالیستی دیکە نین بەڵکوو پێمان وایە هەر ڕژێمێک لە ئێراندا لەسەر کاربێ، دەبێ ئەو پێوەندیانە بەتایبەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی کە وڵاتی گەورەی دراوسێی ئێرانە پەرەپێبدا. ئێران وەک وڵاتێکی کشتوکاڵی، دەتوانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر کەرەستەی خاو بە یەکیەتی سۆویەتی بفرۆشێ و زۆر شتومەکی سەنعەتی لێ بکڕێ. هەروەها ئێران دەتوانێ لە ڕێگای ترانزیتی یەکیەتی سۆویەتی کەلک وەربگرێ و شتومەکی خۆی زۆر هەرزانتر بە ئورووپا بگەیەنێ و لە ئورووپاوە بۆ ئێران بێنێ. گازی سووتاندنیش هەروەها. ئەو کەسانەی پێیان وایە ناردنی تیمی فوتبال لە یەکیەتی سۆویەتەوە بۆ ئێران، یان بەشداربوون لە موسابەقەی شەترەنج لەگەڵ تیمی ئێران، یارمەتی بە ڕژێمی شا بووە، بەهەڵە دەچن و لە پێوەندیەکانی نێونەتەوەیی باش حاڵی نەبوون.

کەوابوو، دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە دژی پێوەندی ئابووری و فەرهەنگی وڵاتەکانی سۆسیالیستی لەگەڵ ڕژێمی خومەینی نین، بەڵام پشتیوانی سیاسیمان لەو ڕژێمە پێ ناخۆشە، هەروەک لە زەمانی شاشدا ئەو پێشوازیە بێ وێنانەی کە لە وڵاتانی سۆسیالیستی لە شا دەکرا، بۆ ئێمە زۆر جێگای نارەحەتی بوون و نەمان دەتوانی خۆمان ڕازی بکەین کە وڵاتێکی وەک ڕوومانی، دوکتۆرای زانستەکانی کۆمەڵایەتی (علوم اجتماعی) بە حەمە ڕەزا شا بدا لە حاڵێکدا دەزانین کە بناغەی هەموو زانستەکانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا: مارکسیزم-لێنینزمە!

ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەوانەی کە کوترا، حیزبی ئێمە دەبێ پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی چۆن بێ؟

وەڵام ئەوەیە کە ئەو پێوەندی‌یە دەبێ "دۆستانە" بێ. واتە نە دوژمنانە وەک هێندێک دەستەو تاقم کە یەکیەتی سۆویەتی بە سۆسیال ئیمپریالیست یان ئیمپریالیستی تەواو دادەنێن و نە پێڕەوی بێ ئەم لاو ئەولا وەک حیزبی توودە کە هەرچی لە یەکیەتی سۆویەتی‌دا ڕویدا و هەر سیاسەتێک لەلایەن حکوومەتی سۆویەتی بەڕێوە بچێ، فەوری قبوڵی دەکەن و تەپڵی بۆ هەڵدەگرن!

دۆستایەتی لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکەمان کوتی، بڵێین: "بەچاوان!". دیارە ئێمە ئەگەر نەزەری جیاوازیشمان لەگەڵ سۆویەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبێ، هەرگیز دوژمنایەتی ئەو وڵاتە ناکەین. بەڵام مافی ڕەخنەگرتن بۆ خۆمان هەر ڕادەگرین. ئایا هەرچی حیزبی دێموکرات دەیکا، بۆ حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆویەتی جێگای پەسندە، هەتا ئێمەش هەرچی دەوڵەتی سۆویەتی کوتی، قبوڵی بکەین؟

هەموو کەس دەزانێ کە یەکیەتی سۆویەتی دەوڵەتێکی زۆر گەورەو بە نفووزە، ئێمەش حیزبێکی بچوکی نەتەوەیەکی بچووکین. بەڵام ئایا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێمە پێوەندیمان لەسەر ئەوە دابنێین کە هەرچی ڕادیۆ مۆسکۆ کوتی، ئێمە بڵێین: باشە؟! ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەی ئەوتۆ هەن (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا) وەک حیزبی توودەی ئێران، کە هێشتا هەر پێیان وایە هەرچی ڕادیۆ مۆسکۆ بڵێ، ئەوانیش دەبێ فەوری دووپاتی بکەنەوە، ئەوە نیشانەی کزی و لاوازی و سەربەخۆنەبوونی ئەو حیزبانەیە.

نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەویش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتویەتە پێش، یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەربەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ و ڕاست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکە پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیەو هەر بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە. هیچ ئۆرگانێک چ هی وڵاتێکی تایبەتی و چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نیە کە لەبارەی ئێمەدا بەبێ ئێمە بڕیاربدا، هەر وەک ئێمەش ئەو حەقە بە خۆمان نادەین کە لەسەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێک و هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە مەعیار. تەنیا مەعیار بۆ ئێمە دەبێ قازانجی گەلانی ئێران و گەلی کورد بێ و بەس بەهیچ کەسیش لە خودی گەلانی ئێران و گەلی کورد باشتر ناتوانێ ئەم قازانجە دیاری بکا...

مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ ڕوون ببێتەوە، ئەوەیە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات نابێ خۆمان لەگەڵ ناکۆکیەکان و گیروگرفتەکانی نێوخۆی وڵاتانی سۆسیالیستی تێکەڵ بکەین و بۆ نموونە: بە ڕەسمی لە بەرامبەر چین دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەنگری لە یەکیەتی سۆویەتی بکەین، یان "ئالبانی" بۆ خۆمان بکەینە نموونە و شتی وا... بەلام ئەگەر جارجار هاوڕێیەکی ئێمە لە هێندێک شتی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆویەتی ڕەخنەیەکی گرت یان هێندێک باری ئەو سۆسیالیزمەی کە ئێستا لەوێدا هەیە بەدڵ نەبوو، ئەوە نابێ بەمانای "ئانتی سۆویەتیزم" (دژی سۆویەتی بوون) یان "ئانتی کومونیزم" (دژی کومونیزم بوون) بگیرێ. ئەو دوو شتە لە مێژە لە حیزبی ئێمەدا مەحکووم کراوە. هەروەها ئەگەر کەسێکیش لەنێو حیزب دا لە هێندێک باری سیاسەتی سۆویەتی دیفاعی کرد، نابێ بەوە تاوانبار بکرێ کە توودەیی و لادەر لە خەتی حیزبی ئێمە. ئەم جۆرە مۆر پێوەنان و بوختان بۆ هەڵبەستنانە، شێوەیەکە کە بەداخەوە لە لایەن حیزبی توودەوە بۆتە باو!

زۆربەی ئەو نەزەرە نادروستانە کە بەتایبەتی دەرخواردی لاوان دراون و لە هێندێک لەو لاوانەدا بە داخەوە ئالۆزی فیکریان پێکهێناوە، هی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی توودەن. ئەدەبیاتێکی سیاسی لاڕێ کە لە مێشکی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودە هاتۆتەدەرو هەموو نیشاندەری "ماکیاڤیلیزم" و "ئۆپۆرتۆنیزم" و هەڵ پەرستی‌یە، بەداخەوە لەبەر ئەوەکە لە ئێراندا دەست پێ ڕاگەیشتن بە ئەدەبیاتی ڕەسەنی سیاسی دیکە زۆر زەحمەتە، لەسەر بیروباوەڕی یەک نەسلی تەواو لە لاوانی ئێران کاریگەربوە.

بۆ ئەوەی ئەم بیروباوەڕە ئۆپۆرتۆنیستی‌یە خاشەبڕ بکرێ لەلایەک ئێمە دەبێ لەم بارەوە ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین و لەلایەکی دیکەش دەبێ هاوڕێیانمان حاڵی بکەین کە ئەگەر دەیانهەوێ لەگەڵ مارکسیزمی ڕاستەقینە ئاشنابن، دەبێ فێربن کە حیسابی کتێب و نووسراوەکانی ئەسلی خودی "مارکس" و "ئێنگلس" و "لێنین" لە بیروباوەڕی چەوتی بەڕێوەبەرانی حیزبی تودەو هێندێک دەستەو تاقمی بچوکی سەرلێشێواو جیابکەنەوە. ئەگەر کەسێک بیروبڕوای عیلمی هەبێ، دەزانێ کە تێئۆری عیلمی هیچ کات لەیەک جێگا ڕاناوەستێ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەدەستێنێ. دانەرانی مارکسیزمیش، قەت لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەوەی ئەوان دایان ناوە وەک ئایەتی قورئان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وایە و نابێ دەستی لێ بدرێ!. ئەوان بە ئاشکرا کوتوویانە کە مارکسیزم تەنیا ڕێنوێنی بۆ کردەوەیە، بە دایمیش لە گەشەکردن دایە.
فەرقی ئێمە لەگەڵ زۆربەی ئەو دەستەو تاقمانە ئەوەیە کە، ئەوان هەوڵ دەدەن واقعییاتی ولاتەکەمان لەگەڵ تیئۆریەکەیان ڕێک بخەن و ئێمە بە پێچەوانە دەمانهەوێ بە کەلک وەرگرتن لە تیئۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی ولاتەکانی دیکەو دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیئۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکەین کە وەلامدەری واقعییەتی هەلقولاو لە ولاتەکەمان و گەلەکەمان دابێ. لەم ڕێگایەدا لەبەر چەسپ لێدانیش نابێ بترسین. حیزبی ئێمە تا ئێستا نیشانی داوە کە بەر چەسپ لێدان و بوختان بۆ هەلبەستن لە سەر سیاسەت و ڕێ و شوێنەکەی ئەسەر ناکا و لە داهاتووش دا دەبێ هەر بەو سیاسەتە درێژەبدا... بەکورتی: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لایەنگری زۆر شێلگیری سۆسیالیزمەو بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم خەبات دەکا، بەلام:
یەکەم-دامەزراندنی سۆسیالیزم ئێستا بۆ ئێمە ئەرکی ڕۆژ نیە.
دووهەم-ئەو سۆسیالیزمەی ئێمە دەمانهەوێ دای بمەزرێنین، سۆسیالیزمێکە کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ولاتەکەمان ڕێک دەکەوێ. ئەگەر غەیری ئەوەبێ، سۆسیالیزمێکی دەسکرد و واریداتی دەبێ، خەللاق نابێ و لەوانەیە جێگای پەسندی کۆمەلی کوردەواری نەبێ.
سێهەم-پێوەندی ئێمە لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی، پێوەندیەکی دۆستانەیە. "دۆستانە" بە مانای: نە دوژمنایەتی و نە پێڕەوی کردنی بێ ئەم لاو ئەو لا.
ئێمە سیاسەتی خۆمان، بۆ خۆمان دیاری دەکەین، چونکە حیزبێکی سەربەخۆین، چ چوک و چ گەورە، چ بێ هێزبین و چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان ناگۆڕین.
ئێمە نابێ لەوەدا شکمان هەبێ کە ولاتانی سۆسیالیستی لە ئەسل دا پشتیوانی ئێمەن و هەر دەبێ پشتیوانی ئێمە بن، چونکە ئێمە لە مافی ئینسانی و نەتەوەیی خۆمان دیفاع دەکەین. ئەگەر ئێمڕۆ ئەم پشتیوانیە زۆر بەرچاو نیە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان لەدوا ڕۆژدا دەبێتە پشتیوانیەکی زۆر کاریگەر. چونکە بەڕاستی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا یەک هێزی شۆڕشگێڕ هەیە کە تا ئێستا پشتیوانیەکی ئەوتۆی لێ نەکراوەو ئەویش، جوولانەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی و جوولانەوەی میللی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتیە. ئەم ڕاستیە بەداخەوە هێشتا بەتەواوی دەرنەکەوتوە، بەلام بێگومان لە داهاتوودا دەردەکەوێ و سەرنجی هەموو ئازادیخوازانی جیهان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و لە سیاسەتی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا شوێنێکی ئەساسی دادەنێ.

ئێمە لە خەباتی درێژخایەنی نەتەوەکەمان دا، یەکیەتی سۆویەتی بە دۆست و هاوپەیمانی ستراتێژیکی خۆمان دەزانین و هەر لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆین. تەنانەت ئەگەر حیزبێکی ناسیۆنالیستی تەواویش بووینایە (کە نین!)، لە وەزعی "ژێئۆپۆلیتیکی" (جوگرافیایی-سیاسی) ولاتی ئێمەدا، هەر دەبوا دۆستایەتیمان لەگەل یەکیەتی سۆویەتی وەک ئەسلێک لەبەر چاو بێ.

کەوابوو، ئێمە ئێستا دەبێ خەتی سیاسی و دروستی خۆمان کە خەبات لە ڕێگای وەدەست هێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێرانە، درێژە بدەین و ئەو نفوزەی ئێستا لە ئێراندا بە دەستمان هێناوە زیاتر بکەین، ئەو کاتە دلنیاین نەک هەر ولاتانی سۆسیالیستی، بەلکوو هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتوەکانی جیهان و هەموو ئازادیخوازانی ولاتانی دیکە، بەشێلگیری پشتیوانمان لێ دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabani.org

## شی کردنەوەیەکی "کورتەباس"

زەروورەتی باسکردن لەسەر "کورتەباس" لەوەڕا هاتووە کە پاش کۆنگرەی شەشەم بۆمان دەرکەوت کە "کورتەباس" بۆتە بەشێکی گرنگ لە ڕێبازی حیزبەکەمان و بە تایبەتی ئەوە کە پەیوەندی بە سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە هەیە بۆتە بەندێک لە بەرنامەی حیزب، وەزعی پاش کۆنگرە ئەو زەروورەتەی پێکهێناوە کە ئەم ڕێبازە بە شێوەیەکی دێموکراتیک و ئووسولی بچێتە نێو بەدەنەی حیزب و کادرەکانی حیزبی و هێزی پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب و دیارە کۆمەلانی خەلکیش. پاش کۆنگرە دەرکەوت کە ڕاستە کۆنگرە کورتە باسی پەسندکردووە، ڕاستە کە بەرنامەکە تەقریبەن بە تێکڕایی دەنگ پەسندکراوە، بەلام جارێ بەو شێوەیە کە پێویستە بەدەنەی حیزب لەو ڕێبازە تازەیە حالی نەبووە. بۆیە پێویستە جارێکی دیکە بە شێوەیەکی ڕێک و پێکترو دوورودرێژتر هەموو ئەو گیروگرفتانە هەم لە کۆمیتەی ناوەندیدا باس بکرێن و هەم بچنە نێو ڕیزەکانی حیزب و بۆ ئەوە ئەم ڕێبازە ڕاست و دروستە، پەسندکراوە لەلایەن ئەندامان و کادرەکان و پێشمەرگەکانەوەو هەروەها لەلایەن کۆمەلانی خەلکیشەوە هەزم بکرێ. چونکە ئەوەی کە ئێمە لە بەرنامەکەمان دا هێناومانە تەنیا بۆ حیزب نیە. ئێمە دەلێین دەمانەوێ کۆمەلێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی دروست بکەین. کەوابوو هێنانە دیی ئەم مەبەستە پێوەندیی بە کۆمەلی کوردەواری و هەموو خەلکی کوردستانەوە هەیە لە پاشان باسی ئەوەش دەکەین کە مەربوت بە هەموو گەلانی ئێرانیش دەبێ.

هۆیەکی دیکە کە زەروورەتی ئەو باسەی هێناوەتە گۆڕێ مەسەلەی سنووردانان بۆ ئەوەیە کێ دێموکراتە کێ دێموکرات نیە. "کورتەباس" ئەو قازانجەی هەبوو کە بۆتە هۆی باسێکی پان و بەرین لە نێو حیزبی ئێمەدا. بەتایبەتی پێویستیی ئەوەی پێکهێناوە کە حیزبی ئێمە مەرزبەندییەکی لەگەل



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە هەبێ و ئەندامی حیزبی دێموکرات بە بیروباوەڕی بناسرێ.
ئێمە دەبێ نیشان بدەین کە لەو کەسانە دوورین کە بۆچوونیان نیسبەت بە سۆسیالیزم لە ڕووی هێندێ ئەسڵی وشک و دوگمەوەیە. دەبێ نیشان بدەین کە سۆسیالیزم ئەوە نیە کە هێندی دوگمی لە پێشدا ئامادە کراو بێنین و لە کۆمەڵ دا تەتبیق بکەین. ئێمە لایەنگری ئەو خەتە نین. هەروەها ئێمە لەگەڵ ئەو خەتەش نین کە ئەوەی لە چەرخی بیستەم دا بۆ سۆسیالیزم کراوە هیچ بایی بۆ دانانێ و ئەو سۆسیالیزمەی کە لە هێندێ وڵات هاتۆتە دی بە سۆسیالیزم نازانێ و نەفیی تەواوی ئەو سۆسیالیزمە دەکا کە مەوجوودە.
ئێمە نەزەرمان ئەوەیە سۆسیالیزم هەیەو مەوجوودەو پیادەکراوە، بەڵام ئێمە دەبێ لەو سۆسیالیزمەو لە تاقیکردنەوەکانی چ موسبەت بێ چ مەنفی دەرس وەرگرین و سۆسیالیزمێک پیادە بکەین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان ڕێک کەوێ و بەتایبەتی هەروەها کە لە پاشان بە تەفسیل باسی دەکەین سۆسیالیزمێک پیادە بکەین کە نەفیی دێموکراسی نەکاو ئازادییە دێموکراتییەکان تێیدا پەرە بستێنن نەک هەر ئەو ئازادییانە کە ئێستا لە هێندێ وڵاتی ڕۆژئاوادا هەن، بەڵکوو دەبێ لەوەش زیاتر پەرە بە هەموو ئازادییە دێموکراتییەکان بدا.
لە کۆنگرەی چوارەم دا پەسند کرا کە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەبێ سیمای دێموکراتی هەبێ. زۆر جار لە باسەکانی ئێمەدا هاوڕێیان ئیشارەیان بەوە کردوە کە سنوورێک نیە و جاری وا هەیە ئەندامی حیزبی دێموکرات لە باری بیروباوەڕەوە بە تەواوی موشەخەس نەکراوە کە ئامانجی چیەو بۆچی تێدەکۆشێ. ڕاستە حیزبی ئێمە بەرنامەی هەیەو ئەگەر لە خۆبایی بوون نەبێ دەتوانین بڵێین کە بەرنامەی حیزبی ئێمە ڕێک و پێکترین و باشترین بەرنامەیە نەک هەر لە چوارچێوەی کوردستانی ئێران بەڵکوو لە سەرانسەری ئێرانیش دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلام لەگەڵ ئەوەدا، ئەم بەرنامەیە جارێ بەو شێوەیە کە پێویستە هەزم نەکراوە، نەچۆتە نێو کۆمەلانی خەلک و تەنانەت بە تەواوی نەچۆتە نێو ئەندامانی حیزبیش. یەکێک لە نیشانەکانی سیمای ئینسانێکی دێموکرات، ئەندامێکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە لە "کورتەباس" دا هاتووە سنوور دادەنێ لە بەینی حیزبی ئێمەو لە بەینی زۆر لە هێزەکانی دیکەدا چ لەباری بۆچوونمان نیسبەت بە دروست کردنی سۆسیالیزم و بۆ پێکهێنانی ئەو کۆمەلە کە لە ولاتەکەمان دا دەبێ پێک بێ و چ لەباری پێوەندیمان لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەو بەتایبەتی هێزەکانی سۆسیالیستی و ولاتەکانی سۆسیالیستیدا.

کورتەباسمان کە ئامادە کردو لە کۆمیتەی ناوەندیدا باسمان لەسەر کردو لە پاشان بلاومان کردەوە هەر لە سەرتاوە هێندێ کۆسپی هاتە سەر رێ. پێمان خۆشە ئەو کۆسپانە باس بکرێن. یەکەم ئەوە بوو کە ئەو فیکرە فیکرێکی تازە بوو. لە ئێران دا سیستمێکی فیکری تایبەتی لەلایەن حیزبی توودەو هێندێ رێکخراوی دیکەوە تەحویلی لاوان درابوو واش نیشان درابوو کە هەر دەرچوونێک لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە فیکری‌یە دژی سۆسیالیستی‌یە. بەلام ئەو سیستەمە فیکری‌یە وشک و دوگماتیکە، سیستمێکی فیکریی ئەوتۆیە کە رێگای فیکرکردنەوەی خەللاق بە هیچ کەس نادا. کە سیستەمەکەت قبوول کرد دەبێ بێ ئەم لاو ئەولا پەیرەویی لێ بکەی. "کورتەباس" بەراستی لەو بارەشەوە تازە بوو کە گیروگرفتەکانی دروست کردنی سۆسیالیزم و گیروگرفتەکانی ئێستای ولاتەکانی سۆسیالیستی بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی واقع بینانە باس دەکا، نە لە روانگەی ئەوانەوە کە هەرچی لەو ولاتانە کراوە دەبێ بێ ئەم لاو ئەولا قبووڵ بکرێ، نە لە روانگەی ئەوانەشەوە کە دەلێن هەرچی لەو ولاتانە کراوە خراپەو هیچ نرخێکی بۆ دوارۆژ نیە. کورتە باس بە شێوەیەکی واقع بینانە هەم دەسکەوتەکانی سۆسیالیزم لەو ولاتانەدا باس دەکاو هەم بارە مەنفی‌یەکانی. باسی هێندێ دیاردە دەکا کە لەگەڵ سۆسیالیزم ناتەباییان هەیە بەلام ئێستا بوون بە زەمیمەی سۆسیالیزمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەوجوود و لەو بارەوە کورتەباس شتی تازەی تێدایەو دەبێ بکوترێ ئازایەتی‌یە کە بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار لە وڵاتی ئێمەدا باسی سۆسیالیزم دەکرێ. بەڵام لە بارێکی دیکەوە کورتەباس هیچی تازەی تێدا نیە ئەوەی لەو کورتەباسەدا لەسەر دێموکراسی هاتووە بۆ حیزبی دێموکرات تازە نیە. چونکە حیزبی دێموکرات بە تیئۆری و بە کردەوەش لەو چەند ساڵەدا نیشانی داوە کە دێموکراتە. ئیمانێکی قووڵی بە دێموکراسی هەیە. ئایا حیزبێک کە ئەو ئیمانە قووڵەی بە دێموکراسی هەبێ و شیعاری ستراتیژیشی بریتی بێ لە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، حیزبێکی ئەوتۆ لە دوارۆژدا کە دەیەوێ کۆمەڵێکی باشتر دروست بکا دەتوانێ واز لە دێموکراسی بێنێ؟ بۆیە شێلگیر بوون لەسەر دێموکراسی، تاسەر بردنی دێموکراسی، دابین کردنی لە کۆمەڵی سۆسیالیستیشدا ئەرکی مێژوویی حیزبی دێموکراتە. ئەمە تازە نیە، ئەمە تەنیا درێژەپێدانی ئەو سیاسەتەیە کە حیزبی دێموکرات هەر ئێستاش بەڕێوەی دەبا. درێژەپێدانی ڕێبازی دێموکراتی تا گەیشتن بە سۆسیالیزم و دروست کردنی کۆمەڵی سۆسیالیستی‌یە.

کەوابوو هەڵوێستی حیزبی ئێمە نیسبەت بە وڵاتەکانی سۆسیالیستی نە دژایەتی و نە پەیڕەوی کردنی بێ ئەم لاو ئەولایە، بەڵکوو هەڵوێستێکی دۆستانەو هەر لەو کاتەشدا ڕەخنەگرانەیە. حیزبی ئێمە بە چاوێکی ڕەخنەگرانە تەماشای سۆسیالیزمی مەوجوود دەکا. لە هەموو بارە موسبەتەکانی کەڵک وەردەگرێ و هەموو بارە مەنفییەکانیشی وەلا دەنێ. دیارە هەر تیئۆری یا نەزەرێکی تازە کە بێتە مەیدانێ وا بە هاسانی هەزم ناکرێ. فیکرەکە تا ڕادەیەک تازە بوو لەبەر ئەوەش زوو وەرنەگیرا. بەڵام با ڕەخنەیەکیش لە خۆمان بگرین ئەگەر ئەو "کورتەباسە" لە وڵاتێکی ئورووپای ڕۆژئاوا یان لەوەش زیاتر لە وڵاتێکی سۆسیالیستی نووسراباو لە دەرەوەڕا بۆ ئێمە هاتبا ڕەنگ بوو باشتر وەربگیرێ تا ئەوە کە ئێمە بۆ خۆمان وەک کورد نووسیومانە. چونکە بەداخەوە یەکێک لە شوێنەوارە ناخۆشەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی نەتەوەکەمان ئەوەیە کە شتێک هی خۆمان بی بە چووکی دادەنێین و بە گرنگی نازانین. بەداخەوە خۆچووک بینی تا ڕادەی بێگانە پتر لە خۆماڵی خۆشویستن لەنێو کوردەواری‌دا باوە. لەوانەیە ئەگەر "کورتەباس" لەلایەن هێزێکی دیکە تەنانەت وەک حیزبی توودەشەوە نووسرابا کە هەموومان دەزانین لەلای کۆمەلانی خەلک چەند ناخۆشەویستە، ڕەنگ بوو باشتر وەربگیرێ. چونکو کورد بەداخەوە بڕوای بە خۆی هێشتا هەر کەمە. هەتا ئێستا بەتەواوی فێری ئەو بڕوا بەخۆکردنە نەبووە. تەکیە کردن لەسەر هێزی خۆمان لەسەر فیکری خۆمان تازەیەو چونکە تازەیە وەرگرتن و هەزم کردنی هاسان نیە.

کۆسپی دووهەم لەسەر ڕێگای ئەو کورتە باسە بلاوبوونەوەی بیروباوەڕێکی چەوتە لەسەر سۆسیالیزم لە ئێران دا. سالەهای سالە ئەدەبیاتی سۆسیالیستی لە ئێراندا ئەگەر موبالەغە نەبێ سەدی نەوەدی هی بەڕێوەبەرانی حیزبی توودەیە کە پڕە لە بیروباوەڕی ناڕاست و چەوت. دەرهێنانی ئەو ئەدەبیاتە چەوتە لە مێشکی لاوان کە هێندێ لە ئەندامانی حیزبی خۆشمان لەگەلن و ئەوانیش بیروباوەڕی سۆسیالیستی‌یان هەر لە ڕێگای ئەدەبیاتی توودەیی‌یەوە وەرگرتووە کارێکی زۆری دەوێ. دەرهێنانی هێندێ بیروباوەڕ کە وەک شتێکی سابیت و ئیدەیەکی فیکس لە مێشکیان دا جێگیر بوەو دانانی بیروباوەڕێکی تازە لە جێگای‌دا کارێکی وا هاسان نیە. ئەوەش یەکێک لە کۆسپەکانە کە تەنیا ناگەڕێتەوە سەر کوردستان بەلکوو دەگەڕێتەوە سەر هەموو ئێران. لەنێو ڕێکخراوەکانی لایەنگری سۆسیالیزم لە سەرانسەری ئێراندا ئەو فیکرە کە لە "کورتەباس" دا هاتووە تازەیە و بۆ ئەوەی کە فیکرێکی تازە جێگیر بێ هیچ ڕێگای دیکەی نیە. دەبێ فیکرە کۆنەکە وەدەربنێی و چونکە سالەهای سالە فیکرە کۆنەکە جێگیر بووە، وەدەرنانی بەو هاسان نیە.

کۆسپی سێهەم دەگەڕێتەوە سەر حیزبی خۆمان. لە حیزبی ئێمەدا لەگەل ئەوە کە لەمێژە لەباری تەشکیلاتی و سیاسی‌یەوە خۆمان لەژێر نفووزی



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

حیزبی تووده ڕزگار کردوەو لەگەڵ ئەوەی کە لە باری فکرییشەوە دژی بیروباوەڕی چەوتی حیزبی توودەو تاقمی حەوت کەسی کە خەیانەتیان بە حیزب کرد خەباتمان کردوە، دیسانیش پاشماوەی شێوە فیکرکردنەوەیەکی توودەئیستی لە حیزبی ئێمەدا هەر هەیە.
ئەمە خۆی لە کۆسپی دووهەم ڕا سەرچاوە دەگرێ. بێجگە لەوە بە داخەوە دەرکەوت کە هێندێک لەو کەسانە کە لەنێو حیزبی ئێمەدا بیروباوەڕی توودەئیستی بڵاودەکەنەوە، وەک فراکسیۆنێک ڕێکخرابوون و پێکەوە دەیان ویست ئەو توودەئیزمە بەهێزتریش بکەن. ئەم وەزعە بەردەوام بوو و ئەم کۆسپانە لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا لەسەر ڕێگای کورتەباس هەبوون تا کۆنگرەی شەشەمی حیزب پێکهات. لە کۆنگرەی شەشەم دا "کورتەباس" دانرابوو کە بەتایبەتی باسی لەسەر بکرێ. جارێک زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەر لە کۆمیتەی ناوەندی پێشوودا بە شێوەی ئەمجارە باسکرا. هاوڕێیان نەزەریان لەسەردا. بەڵام هەتا بە نموونە یەک نەفەریش نەزەری موخالیفی نەبوو. پاش ئەوە "کورتەباس" زەبتکراو پیادەکراو هاتە سەر کاغەزو بڵاوبۆوە. جارێکی دیکە کە کۆمیتەی ناوەندی کۆبۆوە "کورتەباس" بە نووسراوە درا بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە موتالەی بکەن و نەزەری خۆیانی لەسەر بدەن. ئایا موتالەعەیان کردوە یان نەیان کرد هەر چۆنێک بێ ئەو باسەی لەسەری کرا لەبارەی یەک دوو مەسەلەی چووک نەبێ هیچ چەشنە موخالەفەتێک لەگەڵ "کورتەباس" نەکراو کۆمیتەی ناوەندی "کورتەباس" ی پەسند کرد. بۆیە کارێکی زۆر مەنتیقی بوو کە پاش ئەوەی کورتە باس لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە پەسندکرا بچێ بۆ کۆنگرەی حیزب. لە کۆنگرەشدا چاوەڕوان دەکرا "کورتەباس" لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە پشتیوانی لێ بکرێ. هەروەها کە بە شێوەیەکی مەنتیقیش وا دانرابوو کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی "کورتەباس" یان لە جێگای دیکە باس کردوەو دیفاعیان لێ کردوەو گیروگرفتەکانیان ڕوون کردۆتەوەو وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامانی حیزبیان داوەتەوە. کەچی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنگرەی شەشەم دا نەک هەر دەرکەوت ئەم کارە نەکراوە، بەڵکوو زۆر کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا موخالفەتیان لەگەڵ "کورتەباس" کردو موخالەفەتەکەشیان زۆر چالاکانە بوو. هێندێکیشیان کە بێ لایەن بوون هەڵوێستیان نەگرت و بێ دەنگ بوون. ئەوانەی کە موافقیش بوون بێجگە لە چەند نەفەرێک قسەیەکیان نەکرد. بەڵام بە پێچەوانە ئەوانەی کە یەککگرتووبوون و زیدی "کورتەباس" بوون واتە توودەئیستەکان توانیان ئەو قسەیە لە کۆنگرەدا بڵاوبکەنەوە کە گۆیا "کورتەباس" لەلایەن دوو سێ نەفەرەوە پەسندکراوە بەڕاستیش ئەوانەی دیفاعێکی جیدییان لە "کورتەباس" کرد دوو سێ نەفەر زیاتر نەبوون. لە حاڵێکدا ئەوانە کە موخالیفی "کورتەباس" قسەیان کرد سێ هێندەی ئەوانە بوون کە دیفاعیان لێکرد. کەوابوو وەزعێکی ئەوتوو پێکهات کە وا دەهاتە بەرچاو کە بەڕاستی "کورتەباس" پێشنیاری کۆمیتەی ناوەندی نیە بەڵکوو هی دوو سێ نەفەرە چونکە لە زمانی هێندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشووش ئەو قسەیە بیسترابوو ئەم باوەڕە لە کۆنگرەدا بەهێزتر بوو. بۆیە جارێکی دیکە تیکرار دەکەینەوە کە کۆمیتەیەکی ناوەندی مەسئوول نابێ لە دوارۆژدا ڕێگا بدا وەزعێکی ئەوتۆ پێک بێ. هەر مەسەلەیەک دێتە کۆمیتەی ناوەندی باس دەکرێ ئەگەر کۆمیتەی ناوەندی موخالیفە دەبێ موخالەفەتی خۆی بە قاتعییەتەوە دەربخاو بە شێوەیەکی دێموکراتی کە شێوەی حیزبی دێموکراتە ڕەدی بکاتەوە.

زۆر مەسەلە هەیە هاتۆتە کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی ناوەندی پەسندی نەکردوە. بۆیە نەچۆتە کۆنگرەو نە کەسیش باسی کردوە. بەڵام هەموو کۆمیتەی ناوەندی دەیزانی کە مەسەلە بەم شێوەیە نەبوو کە دوو سێ نەفەر بیانەوێ "کورتەباس" بەسەر کۆنگرەدا تەحمیل بکەن. ئێمە لە دەفتەری سیاسیدا بمانزانیبا بۆ چوونی هێندێ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا ئەوە دەبێ کە بەچاوی خۆمان دیتمان بە هیچ جۆرێک حازر نەدەبووین "کورتەباس" بەرینە کۆنگرە. چونکو ئەو وەزعە کە لە کۆنگرەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر "کورتەباس" پێش هات شایستەی کۆنگرەیەکی حیزبی دێموکرات نەبوو. کەوابوو "کورتەباس" کوتوپڕو لە نەکاو نەچوو بۆ کۆنگرە.

هێندێ لە هاوڕێیان دوێنێ لە باسی خۆیان دا وایان نواند کە دەفتەری سیاسی بە بێ هێنانە گۆڕێ پێشەکی، "کورتەباس" ی بردە کۆنگرە. نەخێر هەروەها کە ئیشارە پێکرا سالێک زیاتر بوو "کورتەباس" باسی لەسەر دەکراو بلاوببۆوە.

موخالفەکانی "کورتەباس" سێ دەستە بوون. دەستەیەک یەکگرتوو بوون. ئەوانە بوون کە بیروباوەڕی توودەئیستیان لە حیزبی ئێمەدا بلاودەکردەوە هیچ پێویست نیە ئەوانە سەر بە جێگایەک بووبن هیچ پێویست نیە ڕێکخراوی تایبەتیی خۆیان هەبووبێ بەلام بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێک و پێک بیروباوەڕی توودەئیستی‌یان لەنێو حیزبی ئێمەدا بلاودەکردەوە ئەوانە لەپێش کۆنگرەشدا کاریان دەکردو دژی بیروباوەڕی "کورتەباس" تێدەکۆشان. لە جەرەیانی کۆنگرەشدا بە شێوەیەکی بەرنامەیی عەمەلیان دەکرد.

جەوی کۆنگرەش لە جەرەیانی هەلبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەدا شاهیدی ئەوە بوو کە ئەوانە پێشتر بەرنامەی خۆیان داناوە. لێرە ئیشارەی پێکرا کە موخالف و موافقی "کورتەباس" هەردوولا جەوسازییان دەکرد. ئێمە ئەوە بەتەواوی ڕەد دەکەینەوە موافقەکانی "کورتەباس" جەبهەگیرییان نەکرد. ئەوە موخالفەکان بوون، ئەوانەی کە بەرنامەیان دانابوو بە شێوەیەکی سیستماتیک جەبهەگیرییان دەکردو ژمارەیەکی دیکەش لەگەل ئەوان ڕێک کەوتن. ئەم ڕێک کەوتنە ئاگاهانە بێ یا نائاگاهانە گرنگ نیە بە کردەوە ڕێک کەوتن. لەو جەبهەگیرییەدا بەشداریی‌یان کردو جەووێکی ناسالمیشیان پێک هێنا.

ئەوانە کە بەرنامەڕیزییان کردبوو مەبەستیان زۆر ڕوون بوو. مەبەستیان ئەوە بوو کە "کورتەباس" ڕەد بکرێتەوە. نەتیجەی ڕەدبوونەوەی "کورتەباس" ڕەدبوونەوەی ڕێبازێک بوو کە حیزبی ئێمە سالەهای سالە پەیڕەویی لێ دەکا. ڕەدبوونەوەی "کورتەباس" بێ ئەم لاو ئەولا هەنگاوێک بوو بەرەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توودەئیزم چونکە سنووربەندییەکە تێک دەچوو. ئەگەر ئێمە مەبەستمان لە دانانی "کورتەباس" ئەوە بوو بەینی حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە سنوور دابنێین بۆ ئەوەی لاوان پاش ماوەیەک موتالەعە نەچن بۆ لای حیزبی توودە موخالیفینی "کورتەباس" مەبەستیان ئەوە بوو کە سنوورەکە هەڵوەشێننەوەو لە نەتیجەدا لەنێو حیزبی دێموکراتدا ڕێگا بۆ توودەئیزم خۆش بکەن. ئەوە مانای شکستی بەڕێوەبەریی حیزب بەگشتی بوو و هی سکرتێر بەتایبەتی. چونکە توودەئیستەکان وایان دەنواند کە تەنیا سکرتێری حیزبەکەمانە کە ئەو کورتەباسەی هێناوە. ئەو جار دوو ڕێگا بۆ بەڕێوەبەری و سکرتێر دەمایەوە. یان ئەوە کە دەبوا لە بەڕێوەبەری و سکرتێری لابچن کە بەو خوسووسی‌یەتەی سکرتێر هەیەتی حەتمەن لادەچوو. بێگومان هێندێ لە ئەندامانی بەڕێوەبەریش هەر ئەو کارەیان دەکرد. یان ئەوە کە دەبوا تەسلیمی ئەو ڕێبازە بن کە ڕێگا بۆ توودەئیزم خۆش دەکا لە هەردوو حاڵ دا نەتیجە تێکچوونی ڕیزەکانی حیزبی ئێمە دەبوو. ڕەنگە ئێستا کە ئەو باسە دەکرێ هێندێ لە هاوڕێیان تێبگەن کە ئەو وەختە مەسەلەکە بەم شێوەیە نەدەهاتە بەرچاویان. هەر چۆنێک بێ، بێ تەفاوەتیی زۆر لە هاوڕێیان و بە گرنگ نەگرتنی ئەو مەسەلەیە بە نەزەری ئێمە کەمتەرخەمی‌یەکی یەکجار زۆر گەورەیە. چونکە بەڕاستی ئەگەر "کورتەباس" ڕەد کرابایەوە حیزبەکەمان تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر دەبوو. مەبەستی ئەو کەسانەش هەر ئەوە بوو "کورتەباس" ڕەدبکرێتەوە بۆ ئەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات تێک بچن. ناڵێین ئەوان مەربوتن بە جەمهووری ئیسلامی‌یەوە بەڵام بە خۆڕاییش نەبوو کە کاربەدەستانی جەمهووری ئیسلامی چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب دا دووبەرەکی و ئینشعاب پێک بێ. زۆر جاریش ئەوەیان ڕاگەیاندو، ئەو دەنگ و باسەی کە بە دەفتەری سیاسی دەگەیشت نیشاندەری ئەم ڕاستی‌یە بوو. کەوابوو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە داڕۆژدا نابێ مەسەلەی ئەوەندە گرنگ بە چووک دابنێن، دەبێ ئەوەندە بە گرنگی دابنێن کە بۆ داڕۆژی حیزب موهیمە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بەداخەوە دەتوانین بڵێین ئێستاش تا ڕادەیەک هێندێ لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی باس لەسەر "کورتەباس" یان ئەوەندە بە موهیم نەگرتوە. چونکە باسی دوێنێ نیشانی دەدا کە بێجگە لە هێندێ هاوڕێ، ئەوانی دیکە ئێستاش دانەنیشتوون وەختێکی زۆر دابنێن و بە وردی موتالەعەی "کورتەباس" بکەن. "کورتەباس" بەڵگەیەکە کە بەشێکی گرنگ لە ڕێبازی حیزبی ئێمە لە دواڕۆژدا دیاری دەکا. ناکرێ وەک نامیلکەیەک لە ئاخر دەقیقەکانی پێش کۆبوونەوەدا سیری بکەین و وەرەقی لێ بدەین بزانین چی تێدایە. ئەوە بەڵگەیەکە دەبێ بە جیدی موتالەعە بکرێ، موخالیفی دەبین یا موافیقی، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە. دوێنێ هێندێ لە هاوڕێیان لێرەدا کوتیان ئەوانەی کە لە کۆنگرەدا لەگەڵ کورتەباس موافیق بوون هێندێکیان نائاگاهانەو فورسەت تەلەبانە دەنگیان بۆ دا. بەپێچەوانە ئەوانە کە موافق بوون نائاگایان کەم تێدابوو. چونکە ئەوانە هەموو لایەنگری دێموکراسی بوون. لایەنگری دێموکراسی ناکرێ نائاگابێ.

بەڵام هێندێ لەوانە کە باش لە مەسەلەکە نەگەیشتبوون دەنگیان بۆ "کورتەباس" دا بۆ ئەوە دڵنیایی خۆیان بە بەڕێوەبەری نیشان بدەن یانی ئەگەر ئاگاداریی‌یەکی زۆریان لە "کورتەباس" نەبوو بەڵام لەو بڕوایەدابوون کە ئەوە بەڕێوەبەری‌یە کە "کورتەباس" ی هێناوە. حەتمەن لێی دەزانێ. بۆیە دەنگی خۆیان داوە بە ئیمانی خۆیان بە بەڕێوەبەری و ئەوە لە خەباتی سیاسی حیزبێکی شۆڕشگێڕدا دیاردەیەکی تازە نیە. ئێمە دەبێ سوپاسی ئەو هاوڕێیانە بکەین، مەمنوونیان بین کە هەم ئیمانی خۆیان بە ڕێبازی حیزبەکەیان نیشان داو هەم یارمەتیان دا بۆ ئەوە کە "کورتەباس" پەسند بکرێ.

با بێینەوە سەر خودی "کورتەباس". "کورتەباس" وەڵامی سێ پرسیاری ئەساسیی دەداتەوە، یەکەم بۆچی حیزبی ئێمە سۆسیالیزمی دەوێ. دووهەم چ سۆسیالیزمێکی دەوێ. سێهەم پێوەندیی حیزبی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی دەبێ چۆن بێ. ئەو سێ مەسەلەیە تازە نین ساڵەهای ساڵە ئەو سێ مەسەلەیە بۆ حیزبی ئێمە دەگۆڕێ دان. لە کۆنگرەی سێهەمەوە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوتراوە ئامانجی دوارۆژی حیزب سۆسیالیزمە، تا دوو ساڵ لەمەوبەر نە کوتراوەو نە ڕوون کراوەتەوە بۆچی سۆسیالیزممان دەوێ و چ سۆسیالیزمێکمان دەوێ؟ هەر لە مەقالەیەک دا لە جێگایەک ئیشارەمان کردوە کە دەمانەوێ لە ئێستاوە خەتی خۆمان دیاری بکەین بۆچی سۆسیالیزممان دەوێ. پاشان چ سۆسیالیزمێکمان دەوێ، ئەویشمان ڕوون کردۆتەوە. لەو بارەشەوە لە بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەمدا کوتراوە سۆسیالیزمی دادپەروەرانەمان دەوێ لە هی کۆنگرەی پێنجەمدا هاتووە، سۆسیالیزمێکمان دەوێ کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان ڕێک بکەوێ تا کۆنگرەی شەشەم کە سۆسیالیزمی دێموکراتیی پەسندکردوە. بۆ ئاگاداریی کۆمیتەی ناوەندی دەبێ بڵێین کە سۆسیالیزمی دێموکراتی ساڵی ١٣٥٢ هەر لە کۆنگرەی سێهەم دا پێشنیارکرا بەڵام هەر لەبەر ئەو هۆیانە کە لە کۆنگرەی شەشەم دا تووشیان بووین ڕەدکرایەوە. مەبەست هەر ئەو سیستەمە فیکری‌یە توودەئیستی‌یە، بەڵام چونکە تازە سەرەتای یەک گرتنەوەی حیزب بوو ئەوانەی کە لایەنگری سۆسیالیزمی دێموکراتی بوون زۆر ئیسراریان لەسەر پێش نیاری خۆیان نەکردو بە وشەی دادپەروەرانە ڕازی بوون.

کەوابوو مەسەلەکە تازە نیە مەسەلەکە دە ساڵ زیاترە دەستی پێکردوە. خۆی باس لەسەر سۆسیالیزم پرۆسەیەکی بەسەردا هاتوە تا گەیشتوتە کۆنگرەی شەشەم. ئەو سێ پرسیارە کە "کورتەباس" وەڵامیان دەداتەوە زۆر گرنگن چونکە ئەگەر بڵێین سۆسیالیزممان دەوێ، کۆمەڵێکی سۆسیالیستیمان دەوێ، ئەوە پێوەندی بە چارەنووسی میللەتەکەمان لە دوارۆژداو تەنانەت چارەنووسی چەند پشتی داهاتووەوە هەیە. بۆیە مەسەلەیەکی زۆر ئەساسی‌یە. و پاشان وەڵام دانەوە بەو پرسیارە کە چ سۆسیالیزمێکیشمان دەوێ ئەویش زۆر ئەساسی‌یە. ئایا ئەو سۆسیالیزمەی کە مەوجوودە دەمانەوێ یا سۆسیالیزمێکی دیکە، ئەگەر سۆسیالیزمێکی دیکەیە چ سۆسیالیزمێکە؟ هەروەها ئایا دەمانەوێ سەربەخۆیی حیزبەکەمان و سەربەخۆیی وڵاتەکەمان تا سەر بپارێزین و دەشمانەوێ هەر لەو کاتەش دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆستی وڵاتەکانی سۆسیالیستی بین؟ ئەو سێ مەسەلەیە گشتیان ئەساسین و لێک جیاناکرێنەوە یانی وەڵامی ئەو سێ پرسیارە بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پێکەوە پێوەندیان هەیە. ناکرێ ئێمە دیاری بکەین چ چەشنە سۆسیالیزمێکمان دەوێ و باسی سەربەخۆیی حیزبەکەو لە دوارۆژیشدا وڵاتەکەمان نەکەین. مەسەلەن ئەگەر سۆسیالیزمی مەوجوودمان هەڵبژارد بە پێی تیئۆری "حاکمیەتی مەحدوود" کە پەسندکراوەو بە کردەوەش یەکیەتی سۆویەتی بەسەر وڵاتانی سۆسیالیستیدا سەپاندوویەتی مانای ئەوەیە کە مەحدوود کردنی سەربەخۆیی حیزب و وڵاتەکەشمان پەسندکردوە.

ئەسلەن حیزبی دێموکرات بۆ داوای سۆسیالیزم دەکا؟ هەروەها کە لە بەرنامەی حیزب لە "کورتەباس"یش دا هاتووە ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕین و دەمانەوێ لە ئێستاوە ڕێبازی خۆمان دیاری بکەین. بۆ کوێ دەڕۆین و لەگەڵ کێین؟ هەم لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا و هەم لە دەرەوەی کۆمەڵی کوردەواری. دەڵێین حیزبی کرێکاران و جووتیاران و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕین. ئەو دوو چین و یەک توێژە هەموویان پێکەوە دەتوانن تا سۆسیالیزم بڕۆن. چونکە جووتیارو کرێکارو ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ دەتوانن سۆسیالیزم دروست بکەن کەوابوو لەنێو کۆمەڵ دا ئێمە حیزبی ئەو کەسانەین کە هیچ کۆسپیان لەسەر ڕێگا نیە تا سۆسیالیزم بڕۆن. لە دەرەوەش پێویستە دۆستی ئەو هێزانە بین کە ئەوانیش دژی ئەوە نین کە وڵاتەکەمان بەرەو سۆسیالیزم بڕوا. بۆیە وڵاتانی سۆسیالیستی، حیزبەکانی سۆسیالیست و کۆمونیست، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆرلێکراو هەموو ئەو هێزانەن کە بە دۆستیان دادەنێین. سۆسیالیزم لە پاوانی هیچ کەس دانیە. سۆسیالیزم دیاردەیەکی مێژوویییە کە زۆر لەپێش "مارکس" و "ئێنگلس" باسی کراوە. ئەوان هاتوون سۆسیالیزمیان خستۆتە سەر بناخەیەکی زانستی دەنا زۆر لەپێش ئەواندا سۆسیالیزم وەک ئامانجێک هاتۆتە گۆڕێ. بەڵام چونکە بناخەی زانستیی نەبووەو زیاتر خەیال و ئارەزوو بووە بە ناوی سۆسیالیزمی ئۆتۆپیک ناوبانگی دەرکردووە. توماس مور هاتوە "ئوتوپیا" ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسیوه. "ئوتوپیا" شارێکه لەوێ دا هەموو کەس کار دەکا هەموو کەس پێکەوه بە ئاشتی دەژی هیچ کەس مالکی‌یەتی نیه هەموو حالیان باشه یانی شارێکی خەیالی‌یه کە سۆسیالیزمی تێدا وەدی هاتووه."مارکس" و "ئێنگلس" هاتوون و نیشانیان داوه بە خەیال سۆسیالیزم دروست ناکرێ دەبێ خەباتی بۆ بکرێ. دیاره حیزبێکی دێموکرات کە بۆ کۆمەڵێکی دادپەروەرانه خەبات دەکا، حیزبێکی دێموکرات کە کۆمەڵی سۆسیالیستی وەک ئامانجی دوارۆژ هەڵبژاردوه، هیچ پێویست نیه کە حەتمەن حیزبی سۆسیالیست یا حیزبی کۆمونیست بێ. دەکرێ ناوی هەر حیزبی دێموکرات بێ و بۆ سۆسیالیزمیش خەبات بکا. تەنانەت پاش دروست کردنی سۆسیالیزمیش دەکرێ ناوی هەر حیزبی دێموکرات بمێنێتەوه. لێرەدا هیچ ناتەبایی‌یەک بەدی ناکرێ گرنگ ئەوەیە کە حیزبێکی شۆڕشگێڕی دێموکرات وەک حیزبی ئێمه چ بەرنامەیەکی هەیەو بە کردەوه بۆ چی تێدەکۆشێ. ئێمه پێمان وایه هەر حیزبێکی مارکسیستی کە پەیڕەوی لە مارکسیزمی خەللاق بکاو واقعیەتی کوردستان بخاته بەر چاو ناتوانێ بەرنامەیەکی پێشکەوتووتر لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە ڕێگا بۆ دروست کردنی سۆسیالیزم خۆش دەکا دابنێ. ئەوه ڕاستی‌یەکە کە هەموو ئەو کەسانە کە خاوەن نەزەرو واقیع بینن، قبوولیانه.

بەرنامەی حیزبی ئێمه لە کوردستاندا بەرنامەی ئۆپتیمومه واته باشترین بەرنامەی گونجاو لە هەلومەرجی ئێستا دایه. ئەوه نەزەرێکی نادروسته، دوگمێکی کۆنە کە گۆیا چونکە ناوی حیزبی ئێمه دێموکراته مافی ئەوەی نیه سۆسیالیزم دروست بکا. ئەمە تەنیا قسەیەو زیاتریش وەک شیعار دەچێ.

بزانین ئەسلەن حیزبی دێموکرات بۆ چی خەبات دەکاو بۆ چی تێدەکۆشێ؟ حیزبی دێموکرات بۆ وەدی هێنانی سێ ئامانجی گەورە پێک هاتووەو خەباتیشیان بۆ دەکا. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتی‌یه. دووهەم لابردنی ستەمی چینایەتی یانی چەوساندنەوەی ئادەمیزاده. حیزبی ئێمه بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆرداری‌یەک تێدەکۆشێ. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتیش بەشێکە لە زۆرداری. هەربۆیەش لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتووه كه بی لابردنی چەوساندنەوه خەبات دەكەین بۆ ئەوه كه هەموو چەوساندنەوەیەک واته چەوساندنەوەی چینایەتیش لەبەین بچێ. ئێستا وا دەبینین كه ئێمه هاتین و كۆمەڵێكی ئەوتۆمان دروست كرد كه گەلی كورد به مافی نەتەوەیی خۆی گەیشت و چەوساندنەوەش نەما یانی نه سەرمایەدارو سەرمایەداری ماوه نه مالكیەتی خسووسی گەورەی ئەرزو به گشتی مالكیەتی خسووسی ئامرازی ئەساسیی بەرهەم هێنان نەماوه. ئایا ئەو كاته ئەو كۆمەڵه ئیدیالی ئێمەیه؟ نەخێر ئیدیال نیه، یەكێک له نووسەرانی سۆوییەتی كتێبێكی نووسیوه كه ناوی ئەوەیه:"ئینسان تەنیا به نان ناژی" تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئادەمیزاد كافی نیه دەبێ ئازادیشی لەگەڵ بێ. بۆیه ئێمه هەر له سەرەتاوه بۆ ئازادی خەبات دەكەین. باشه ئەگەر خەڵک نەچەوسێندرێتەوه، نانی هەبێ، به زمانی خۆی بخوێنێ، بەلام ئازادیی نەبێ بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لەسەر وەزعی ولاتەكەی دەرببڕێ مانای ئەوەیه ستەمێک ماوه كه ستەمی سیاسییه. حیزبی ئێمه خەبات دەكا بۆ ئەوه ئەو ستەمه سیاسییەش نەمێنێ. ستەمی نەتەوایەتی ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی هەرسێكیان لەنێو بچن. لەبەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی و دابین كردنی دێموكراسی و ئازادی، ئەوەیه ئەو كۆمەڵه كه حیزبی دێموكرات خەباتی بۆ دەكا نەتیجەی ساڵەهای ساڵ موتالەعەو تاقیكردنەوه لەسەر وەزعی كوردستان ئەوەیه كه تێكۆشانی حیزبێكی كۆمونیست كه خۆی به حیزبی چینی كرێكار دادەنێ و تەنیا خەباتی چینایەتی دەكا له كوردستاندا سەركەوتوو نابێ. ئەوه كه كۆمەڵه له كوردستاندا سەركەوتوو نەبووه ڕێكەوت نیه. حیزبی كۆمونیستی عیراق كه ڕابردوویەكی درێژی هەبوو لەنێو خەڵكدا به ڕاستی نفووزی هەبوو و له پاش شۆڕشی ١٩٥٨ تەنانەت دەیتوانی دەسەڵاتی سیاسیی ولات به دەستەوه بگرێ ئێستا بوەته حیزبێكی بچوک و كەم نفووز چونكه ئەوەنده كه پێویست بووه بایەخی نه به خەبات بۆ هەقی نەتەوایەتی داوەو نه به خەبات بۆ ئازادی.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەلایەکی دیکەش حیزبێکی بە تەواوی ناسیونالیست وەک "پارتی" یش کە "کوردایەتی" ی ڕووتی دەکرد، دۆست و دوژمنی دیاری نەکردبوو و لەگەڵ شەیتانیش دۆستایەتی دەکرد و لەنێو وڵاتیش دا هیچ خەباتێکی بۆ گۆڕینی تەرکیبی کۆمەڵی کوردەواری بەڕێوە نەدەبرد بەلکوو باری عەشیرەتی و دەرەبەگایەتیشی بەهێزتر دەکردو بەڕێوەبەرانی پارتی بە هیچ جۆرێک نە لەنێو پارتی داو نە لە کۆمەڵی کوردەواریدا چووکترین ئیمانیان بە دێموکراسی نەبوو لە توانای دا نەبوو ئامانجەکانی گەلی کورد جێ بەجێ بکا.

بە کردەوەش نەتیجەی کاری پارتی ئاش بەتاڵی بوو. بۆ ئەوە حیزبێکی سیاسی لە کوردستان سەرکەوێ دەبێ هەم حیزبێکی دێموکرات و هەم حیزبێکی شۆڕشگێڕ بێ. هەم بتوانێ گیروگرفتی نەتەوایەتی چارەسەر بکاو ستەمی نەتەوایەتی لەبەین بەرێ و هەم گیروگرفتی کۆمەلایەتی چارەسەر بکاو ستەمی چینایەتی لەنێو بەرێ. بەلام دەبێ حیزبێکی واقع بین بێ و تێبگا کامە ستەم لە کامە قۆناخ دا ئەساسی‌یە. لە قۆناخی ئێستای خەباتی ئێمەدا ستەمی نەتەوایەتی ئەساسی‌یە. لە قۆناخی پاش وەرگرتنی خودموختاری واتە پاش دابین کردنی مافی نەتەوایەتی‌دا ستەمی چینایەتی خۆی زیاتر وەدەردەخاو خەبات دژی ئەو ستەمە ئەساسی تر دەبێ. بەلام ئەوەی بۆ حیزبی ئێمە هەموو وەختێک لە هەمووان ئەساسی ترە چ لەنێو حیزب داو چ لە دەرەوەی حیزب خەبات بۆ دێموکراسی‌یە. ئەو خەباتە دەبێ بێ وچان و بێ پسانەوە بکرێ.

هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتەو تا حیزبی دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی.

ڕەنگە کەسێک بلێ ئەگەر لە سۆسیالیزم‌دا خەلک خانوویان هەیەو ترۆمبیلیان هەیەو ناچەوسێندرێنەوە بە زمانی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن ئیدی ئازادی‌یان بۆ چیە؟ هیچ نیعمەتێک لە جیهان دا لە ئازادی بە نرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسیەت دەدا بە ئینسان و ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دامەزرینەرانی سۆسیالیزمی زانستیش لایەنگری کۆمەڵێک بوون کە لەوێدا گەشەکردنی ئازادانەی هەر کەس شەرتی گەشەکردنی ئازادانەی هەمووان بێ. واتە قابلییەت و لێزانی هەر فەردێک لە خزمەت کۆمەڵ دایە کۆمەڵیش لە خزمەت پشکوتنی قابلییەت و لێزانی فەرد دایە.لە ڕوانگەی دامەزرینەرانی سۆسیالیزمی زانستی‌یەوە کۆمەڵی دوارۆژ ئازادترین و بەختیارترین کۆمەڵ کە بە قسەی مارکس هەموو کەس هەم نانی دەبێ و هەم گوڵی سوور. کورتی دەکەینەوە سەرمایەداری سنعەتی ئینسانی کردوە بە مۆرەو بەئالەت. ئینسان دەبێ لە حالەتی مۆرە بێتە دەر. ببێتە شەخسیەت ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ. دەنا ئەگەر ئینسان هەروەک مۆرە بمێنێتەوە دیارە ئەو دەم سۆسیالیزم شتێکی تازەی نەهێناوە واتە سۆسیالیزم بەسەر سەرمایەداریدا سەرنەکەوتووە.

بزانین حیزبی دێموکرات وەک حیزبی ئێمە دەتوانێ سۆسیالیزم دروست بکاو ئایا سۆسیالیزم هەر بەو شێوەیە کە کوتراوەو ئێستا یەکێک لە دوگمەکانە دادەمەزرێ کە گۆیا پێشڕەوی چینی کرێکار دێ زۆربەی زەحمەتکێشان لە دەوری خۆی‌دا کۆدەکاتەوەو شۆڕشی سۆسیالیستی دەکاو دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرێ؟

لە واقیع دا هیچ شۆڕشێک بەو شێوە کلاسیکی‌یە نەبوە. شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە بە نموونەی شۆڕشی سۆسیالیستی ناسراوە بە هیچ جۆرێک بەو شێوە نەبووە. جەرەیانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر نیشانی‌دا کە خودی ئەم شۆڕشە بە کردەوە چەند لەو تیئۆریە کلاسیکی‌یە دوور کەوتوتەوە. با جارێ باسی دوو نموونە لە ولاتەکانی دیکە بکەین. لە ساڵی ١٩٢١ دا بە یارمەتی یەکیەتی سۆویەتی لە مەغوولستانی دەرەوەدا کە لە ساڵی ١٣٢٤ ەوە بۆتە کۆماری گەلی مەغوولستان شۆڕشێک بەرپا بوو و بە بەڕێوەبەری سووخە باتۆر ڕژێمێکی گەلیی لایەنگری شوان و کۆچەرە زەحمەتکێشەکان و دۆستی یەکیەتی سۆویەتی هاتە سەرکار (مەغوولستان ولاتێکی پان و گەورەیە بەلام ژمارەی دانیشتوانی هەر سێ میلیۆنە). لە زەمانی سەرکەوتنی شۆڕشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabazi.org

گەلی‌دا مەغوولستان نەک هەر چینی کرێکاری لێ نەبوو بەڵکوو بە نموونە یەک کارگەشی لێ نەبوو. هەموو شوان و کۆچەر بوون ئەو کاتە باسێکی ئاوا هاتە پێش. چۆن مومکینە سۆسیالیزم لە وڵاتێکی ئەوتۆ دروست بکرێ کە هەموو شوان و کۆچەرن و کرێکاری تێدانیە. هێندێ کەس نەزەریان ئەوە بوو کە مەغوولستان دەبێ لە پێشدا بەرەو سەرمایەداری بڕوا پرۆلیتاری تێدا پێک بێ جا ئەو دەم حیزبی پێشڕەوی خۆی پێک بێنێ و شۆڕشی سۆسیالیستی بکاو ببێتە وڵاتێکی سۆسیالیستی. هێندێ دیکەو لە سەرەوەی هەمووان لێنین نەزەریان ئەوە بوو کە سەرمایەداری لە بەینی ئەو نیزامانەی لە مێژوودا ناسراون نیزامێک نیە کە ئیجباری بێ. نیزامێکە کە دەکرێ بە سەری‌دا بازبدەی. بە شەرتێک وڵاتێکی دیکەی سۆسیالیستی هەبێ یارمەتی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتەدا بدا ئەو کاتە ئەم وڵاتە بۆ خۆی دەتوانی بەرەو سۆسیالیزم بڕوا.

مێژوو نیشانی‌دا کە ئەم بۆچوونە دروست بوو. ئەگەر ئەم بۆ چوونە لە مەغوولستان سەرکەوت کە نە حیزبی چینی کرێکاری لێ بوو و نە تەنانەت حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات و نە ئەسلەن هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی دیکەو ئەگەر ئێستا مەغوولستان بۆتە وڵاتێکی سۆسیالیزم مانای ئەوەیە مێژوو ئەو دوگمەی ڕەدکردۆتەوە کە هێندێ لاوی ناشارەزا دووپاتی دەکەنەوە.

نموونەی باشتر لەوەش هەیە، لە ساڵی ١٩٥٩ دا شۆڕشی کوبا بە سەرۆکایەتی فیدیل کاسترۆ سەرکەوت. ئەم شۆڕشە لەلایەن هیچ حیزبێکی چینی کرێکارەوە ڕێک نەخرابوو. نەک هەر ئەوە، فیدیل کاسترۆ لە ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دا دژی کۆمونیست و دژی یەکیەتی سۆویەتی و وڵاتەکانی سۆسیالیستی بوو. شۆڕشی کوبا کە دەستی پێکرد لە سەرەتاوە تا سەرکەوتن حیزبی کۆمونیستی کوبا ئەو وەختە ناوی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو بوو لەگەڵی موخالیف بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە کوبا بەڕێوەبەرانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو پێشنیاریان کرد کە ئەم حیزبە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک حیزبی کۆمونیست بمێنێتەوە فیدیل کاسترۆش کە ئیدی ئەو وەختە نەزەری نیسبەت بە کومونیزم و یەکیەتی سۆویەتی گۆڕا بوو. ببێ بە سەرۆکی ئەو حیزبە یان لە واقیع دا مەقامێکی تەشریفاتی هەبێ و دەسەلاتی نەبێ و بە کردەوە حیزبەکە هەر بە دەست بەڕێوەبەرانی پێشووی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوباوە بێ. فیدیل کاسترۆ ئەو پێشنیارەی ڕەدکردەوەو خۆی حیزبی کۆمونیستی دروست کرد خۆشی بوو بە سکرتێر و بەشێک لە ئەندامانی حیزبی سۆسیالیستی وەرگرت و ئەم حیزبەی هەلوەشاندەوە.

واتە لە واقیع دا حیزبی کۆمونیست، حیزبی چینی کرێکار لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا پێکهات. کاتێک کە فیدیل کاسترۆ دەستی کرد بە شۆڕش، نە ڕێکخراوی هەبوو نە حیزبی پێشڕەوی هەبوو و نە نوێنەری چینی کرێکار بوو. ئەگەر وا دابنێین کە حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتوو نوێنەری چینی کرێکار بوو کاسترۆ دژی ئەم حیزبە بوو و ئەم حیزبەش موخالیفی شۆڕش بوو. ئێستا ٢٥ سال لە سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا تێدەپەڕێ و کوباش وەک ولاتێکی سۆسیالیستی چاو لێدەکرێ. کەوابوو ئەو دوگمە بە یەکجاری فڕێ بدەین کە شۆڕشی سۆسیالیستی حەتمەن دەبێ حیزبێک سەرکردایەتی بکا کە ناوی حیزبی چینی کرێکارەو سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی و بەرەو سۆسیالیزم ڕۆیشتن بێ حیزبێک کە خۆی بە پێشڕەوی چینی کرێکار دادەنێ ناگونجێ. ئەو دوو نموونەیە نیشانەی ئەوەن کە دەکرێ ولاتێک بێ حیزبی چینی کرێکار وەک کوبا و بێ چینی کرێکار وەک مەغوولستان بەرەو سۆسیالیزم بڕوا و بەرەبەرە سۆسیالیزم دروست بکا. لە کۆنگرەی شەشەم دا ئەوانەی دژی "کورتەباس" بوون دەیان کوت چۆن تازە ٢٥ سال پاش وەرگرتنی خودموختاری دەست دەکەین بە دروست کردنی سۆسیالیزم؟ دیارە مەبەست ئەمە نیە کە بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ئێستای حیزب دروست ٢٥ سال پێویستە مەبەست ماوەی پێکهاتنی نەسلێکە کە بەینی ٢٠ تا ٢٥ سالە. هەرچەند کوردستانی ئێستا لە باری کۆمەلایەتی و ئابووریی‌یەوە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەغوولستانی ساڵی ١٩٢٤ لە پێشترە بەڵام پاش ٦٠ ساڵ هێشتا کەس ناڵێ کە سۆسیالیزم بە تەواوی لە مەغوولستان سەرکەوتووە. کە لە "کورتەباس" دا باسی ٢٥ ساڵ دەکرێ گاڵتە نیە حیزبی ئێمە مەسئوولییەتی هەیە کە ڕاستی بە گەلی کورد بڵێ و وەعدەی خۆڕایی پێنەدا. باسی مەغوولستانمان کرد کە بەڕاستی زۆر پاش کەوتوو بوو. باسی وڵاتێکی پێشکەوتوو بکەین. چێکۆسلۆڤاکی یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی سەرمایەداری لە ئورووپا بوو کە ئەوەی دەبێ ئێمە لە دواڕۆژدا دروست بکەین واتە ژێربناخەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سنعەتی پێشکەوتوو هەمووی پێش دەسەڵاتی سۆسیالیستی هەبوو. چێکۆسلۆڤاکی لە پێش شەڕی دووهەمی جیهانی وەک وڵاتێکی سەرمایەداری پێشکەوتوو لە ئێراندا پردی دروست دەکرد، کارخانەی سیمان و قەندی دروست دەکرد.
شکۆدا ئەو کاتەش هەر لە ئێراندا بەناوبانگ بوو.بەڵام ئێستا پاش ٣٩ ساڵان کە دەسەڵاتی سۆسیالیستی لەو وڵاتەدا دامەزراوە خۆیان جارێ ناڵێن پرۆسەی دروست کردنی سۆسیالیزم کۆتایی هاتووە. هێندێ هاوڕێ دەپرسن و دەڵێن باشە مەسەلەی هەژەمونی چی لێ دێ کە ئێمە بتوانین سۆسیالیزم بێ چینی کرێکار دروست کەین و چینی کرێکار خۆی لە جەرەیانی دروست کردنی سۆسیالیزمدا پێک بێ ئەو کاتە لە جەرەیانی وەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسیدا هەژەمونی پرۆلیتاریا هەر مانای نیە. مەسەلەن ئەگەر حیزبی دێموکرات بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا بەدەستەوە بگرێ و ڕێگا بۆ دروست کردنی سۆسیالیزم خۆش بکا ئایا بۆ ئەم هەنگاوە هەژەمونی پرۆلیتاریا پێویستە؟
ئەوەی لە کوبا هاتە دی بوو بە سەرچاوەی نووسینی کتێبە بەناوبانگەکەی ڕێژیس دنێبری بە ناوی "شۆڕش لەناو شۆڕشدا" مەبەست لە شۆڕش لەنێو شۆڕشدا ئەوە بوو کە بێ سەرکردایەتی چینی کرێکار و حیزبی کۆمونیست واتە بێ پەیڕەوی کردن لەو دوگمە کلاسیکی‌یە شۆڕشی کوبا سەرکەوت. جا ئایا گوناهە کوردیش ڕێگای تایبەتی خۆی هەبێ کە نە ڕێگای سۆویەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabaui.org

ڕێگای مەغوولستان و نە ڕێگای کوبایە. ئایا هەموو کەسی دیکە مافی ئەوەی هەیە ڕێگای تایبەتی خۆی بگرێتە پێش بەو شێوەیە کە خۆی بە مەسلەحەت دەزانێ بەڵام کورد هەقی نیە ئەو کارە بکا؟ "کورتەباس" هیچ گوناهێکی دیکەی نیە بێجگە لەوە کە دەڵێ دەکرێ ڕێگایەکی واش هەبێ کە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان باشتر ڕێک کەوێ. نەک هەر تاوان نیە، حیزبی دێموکرات شتێکی تازە بڵێ و هەر چاوی لە خەلکی نەبێ بەلکوو ئێمە دەبێ شانازی بەوە بکەین کە حیزبی ئێمە یەکەم ڕێکخراوە کە ئەم مەسەلەیەی بەو شێوەیە لە ئێراندا هێناوەتە گۆڕێ. دروست و نادروست بوونی نەزەرێکی تازە لە جەرەیانی خەباتدا دەردەکەوێ دەکرێ لە پاشان ئیسلاح بکرێ. و کەم و زیاد بکرێ و بە دەرس وەگرتن لە تاقیکردنەوەی خەبات نەزەرەکە دەولەمەنتر بکرێ و وردتر فۆرمولە بکرێ. خودی "کورتەباس" لە دوو ساڵی ڕابردوودا کە باسی لەسەر کراوە و دەستی لێ دراوە زۆر باشتر بووەو زۆر باریشی ئێستا باشتر ڕوون کراوەتەوە. حیزبێکی دێموکرات بە شەرتێک شۆڕشگێڕ بێ بە شەرتێک بەرنامەی سۆسیالیستی هەبێ کە حیزبی ئێمە نیشانی داوە کە شۆڕشگێڕیشەو بەرنامەیەکی سۆسیالیستیشی هەیە دەتوانێ بەرەو سۆسیالیزم بڕواو سۆسیالیزمیش دروست بکا.

جاران ئەو فیکرە هەبوو کە ئەگەر خودموختاریمان وەرگرت و پاشان بەرەو سۆسیالیزم ڕۆیشتین ئایا دەبێ ناوی حیزبەکەمان بگۆڕین و ئەگەر بیگۆڕین چ ناوێکی بۆ دابنێین. بەڵام ئێستا ئەو فیکرە بەتەواوی لاچووە. هەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ تا گەیشتن بە ئامانجی دوارۆژی کە سۆسیالیزمە، کۆمەلانی خەلکی کوردستان بەڕێوەبەرێ. دەکرێ ناوەکەشی هەر لەسەر خۆی بێ و هیچ ناتەباییش لە بەینی ئەم ناوەو سۆسیالیزمدا بەرچاو ناکەوێ. بەتایبەتی ئێستا کە دروست کردنی کۆمەڵی دێموکراتی سۆسیالیستی لە بەرنامەی حیزبدا هاتوە ناوی حیزبەکەمان کە دێموکراتە لەگەل سۆسیالیزمێک کە دەمانەوێ دای مەزرێنین و سۆسیالیزمی دێموکراتی‌یە تەبایی تەواوی هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له "کورتەباس" دا هاتوە کە حیزبی ئێمە سۆسیالیزمی هەڵبژاردوە لەبەر ئەوە کە کۆمەڵێکە دادپەروەرانەتر لە کۆمەڵی سەرمایەداری داهاتی نەتەوەیی لێرەدا عادلانەتر دابەش دەکرێ. دووهەم ئەو کۆمەڵە و ئەوە بەتایبەتی بۆ ئێمە گرنگە چونکە لە ولاتێکی پاش کەوتوودا دەژین خێراتر دەچێتە پێشێ.

کۆسپی سیاسی و کۆمەلایەتی، ئابووری لادەچن و هێزەکانی بەرهەم هێنان دیارە ئادەمیزادیش ئەگەر ئازادیی هەبێ ڕێگای پشکوتنی ئیستعدادو قابلیەتی ئاوەلا دەبێ. لە ولاتەکانی سۆسیالیستییش کە لە سەرەتادا ئازادی هەبوو کۆمەلانی خەلک بە شوورو هەیەجانەوە کاریان دەکرد جا ئەگەر ئەو ئازادییە دایمی بێ و خەلک بە دایمی بە دڵەوەو بە خۆشحالی کاربکەن سۆسیالیزم خێراتر دەچێتە پێش و کۆمەڵ زۆرتر دەتوانێ گیروگرفتە ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکانی خۆی چارەسەربکا. تاقیکردنەوەی نیزیکەی ٧٠ ساڵ مەوجوودیەتی سۆسیالیزم نیشانی داوە کە خێرایی هەڵدانی ئابووری لە سۆسیالیزمدا، لە سەرمایەداری زیاترە. نالێین سۆسیالیزم بوحرانی تێدانیە. نالێین تەنگ و چەڵەمەی ئابووری نایەتە پێش. بەلام لەسەریەک ڕێگای بۆ پێشەوە چوون خۆشکراوەو کۆمەڵ خۆی لە چوارچێوەی تەنگانەکانی ئابووری سەرمایەداری دەربازکردوە، ئابووری سۆسیالیستی باشتر هەڵدەسووڕێ چونکە چەوساندنەوە نەماوە، چونکە سەرخانی سیاسی واتە دەسەلاتی سەرمایە کە کۆسپی پەرەئەستاندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان بوو لەنێو چوون و کۆمەڵ دەتوانێ نەخشە دابنێ و بەرنامە دابڕێژێ و لە ڕووی بەرنامەوە ئابووری بەڕێوەبەرێ.

مەسەلەن وا دابنێین کە ئێستا دەوڵەتی ئەمریکا دەیەوێ نەخشەی ئابووری دابنێ و بەرنامە دابڕێژێ. ئەگەر ئەو بەرنامە ئابوورییە لەگەڵ قازانجی مۆنۆپۆلە گەورەکان مەسەلەن یەکێکی وەک مۆنۆپۆلەکانی نەوتی یا ئۆتۆمبیل سازی ڕێک نەکەوێ چی بەسەردێ؟ دیارە ئەو مۆنۆپۆلانە بەرنامەکە ڕەد دەکەنەوە، دەوڵەتیش ئامرازی ئەوتۆی بەدەستەوە نیە ئەم بەرنامەیەی بەسەریان دا بسەپێنێ چونکە ئەمریکا ولاتێکی سەرمایەدارییەو سەرمایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازانجی سەرمایە ڕێزیان هەیە، قانوون دەیان پارێزێ. کەوابوو تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا لە ئەهرمە ئابوورییەکانیش کەلک وەربگرێ ناتوانێ نەخشەیەکی ٥ ساڵە بۆ ئابووری ئەمریکا دابنێ. بەکورتی مەبەست ئەوەیە کە وەختێک سەرمایە زاڵ نەبوو ئیمکانی دانانی بەرنامەی گشتیی ئابووری پێک دێ. بۆیە ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی سادە لەباری ئابوورییەوە فەرقی ئەساسی لە بەینی وڵاتێکی سۆسیالیستی و سەرمایەداریدا دیاری بکەین دەکرێ بڵێین هەم لە سۆسیالیزم و هەم لە سەرمایەداریدا پلان و بەرنامە هەیەو لە هێندێ وڵاتی سەرمایەداریدا لەمێژە بەرنامەی ئابووری دارِشتن باوە بەتایبەتی لەو وڵاتانەدا کە سەرمایەداری دەوڵەتی تێیان دا بەهێزە، وەک فەرانسە کە پێش هاتنە سەرکاری حیزبی سۆسیالیستیش هەر پلان و بەرنامەی ئابووریی هەبوو. تەنانەت خەتە گشتییەکانی پلانێکی درێژخایەنیش دانرابوو. بەڵام پلان لە سەرمایەداریدا گشتی نیە. هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵ، ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ناگرێتەوە. هەروەها کە کوترا جێ بێجێ کردنی پلانیش دژوارە چونکە ئەگەر لەگەڵ قازانجی سەرمایەداران ناتەبایی هەبوو، دەتوانن تەگەرەی بخەنە پێش.

هەروەها دەکرێ بڵێین کە هەم لە سۆسیالیزمدا و هەم لە سەرمایەداریدا بازاڕیش هەیە. دیارە بازاڕی سۆسیالیستی مەحدوودترە. چونکە ئامرازی بەرهەم هێنان لەم بازاڕەدا نافرۆشرێن بەڵام خەڵک زۆربەی شتومەکی مەسرەفیی خۆیان لە بازاڕ دەکڕن. کەوابوو لە سۆسیالیزم و لە سەرمایەداری واتە لە هەردوو سیستەمەکەدا هەم پلان هەیەو هەم بازاڕ بەڵام یەکێک لە جیاوازییە گەورەکانی نێو ئەو دوو سیستەمە ئەوەیە کە لە ئابووریی سۆسیالیستیدا بازاڕ تابعی پلانە لە کاتێک دا لە ئابووری سەرمایەداریدا پلان تابعی بازاڕە. لە سۆسیالیزمدا عامیلی دیاری کەر پلانە، لە سەرمایەداریدا بازاڕە. یانی لە سەرمایەداریدا لە ئەسڵ دا میکانیزمی بازاڕە کە ئابوورییەکە تەنزیم دەکا. لە سۆسیالیزمدا ئەم ئەرکە لەسەرشانی پلان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرنامەیە. پلانیش دەکرێ ئەرکەکانی بەتەواوی لە ناوەندەوە دیاری بکرێن یا بەشێک لەو ئەرکانە لە سەلاحییەتی خودی بنکە سەنعەتی‌یەکان دابن.

مەسەلەی هەرە گرنگ ئەوەیە کە ئایا دەکرێ مەحدوودییەتی بازاڕ لە سۆسیالیزمدا هەڵبگیرێ بۆ ئەوە نەخشی زیاتر بێ بێ ئەوە زەڕبە لە مالکی‌یەتی سۆسیالیستی ئامرازی بەرهەم هێنان بدا؟

ئەمە تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی‌یە کە دوارۆژ ئاکامی نیشان دەدا. لە ئابووری سۆسیالیستی‌دا دوو شێوە مالکی‌یەتی سۆسیالیستی هەیە، مالکی‌یەتی سۆسیالیستی گشتیی و مالکی‌یەتی سۆسیالیستی هەرەوەزی. بۆیەش دوو چین هەیە، چینی کرێکار کە پەیوەندی بە مالکی‌یەتی گشتی‌یەوە هەیە وەک کارخانەکان و ساوخوزەکان و چینی جووتیار کە پێوەندی بە مالکی‌یەتی هەرەوەزیی‌یەوە هەیە وەک کالخوزەکان. بەرهەمی ئەم دوو شێوە مالکی‌یەتە لە بازاڕدا پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن. کالخۆزەکان بەرهەمی کشتوکاڵی دەبەن بۆ بازاڕو ماشینی کشتوکاڵی و ئامرازی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و شتومەکی مەسرەفی کە بەرهەمی سنعەتن دەکڕن. بەم جۆرە لەنێو کالخۆزەکان و کارخانەکان دا هێندێ ئامرازی بەرهەم هێنانیش لە ڕێگای بازاڕەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێ. بەڵام لە نێو بەشەکانی خودی مالکی‌یەتی گشتیی سۆسیالیستی‌دا ئاڵوگۆڕی ئامرازی بەرهەم هێنانی وەدی نایە. بۆیە دەڵێین کە لە بازاڕی ئابووری سۆسیالیستی‌دا ئاڵوگۆڕی ئامرازی بەرهەم هێنانی موحدوودە.

دیارە لە ئابووری سۆسیالیستی‌دا کرێکارو جووتیار هیچیان چەوسێنەر نین و هەردووکیان بەشێوەی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستی‌یەوە بەستراونەتەوە، بۆیەش قازانجی هاوبەشیان هەیە کە بریتیە لە پەرەئەستاندن و پێشکەوتنی ئابووری سۆسیالیستی. بەڵام چونکە بازاڕێکی ئەوتۆ هەیە کە باس کرا نەک هەر لەباری تیئوری‌یەوە بەڵکوو لەباری عەمەلییشەوە کرێکار کە نوێنەری مالکی‌یەتی سۆسیالیستی گشتی‌یەو جووتیار کە نۆێنەری مالیکیەتی هەرەوەزی سۆسیالیستی‌یە لە بازاڕدا وەک کڕیارو فرۆشیار تووشی یەکتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabaz.org

دەبن. لەو پێوەندیی‌یەدا ناتەبایی لەنێو چینی کرێکار و چینی جووتیاریشدا هەیە. بێجگە لەو دوو شێوە مالکی‌یەتە سۆسیالیستی‌یە، دوو شێوە مالکی‌یەتی دیکە، تایبەتی و شەخسیش هەیە. مالکی‌یەتی تایبەتی کە مانای ئەوەیە فەرد خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنانی زۆر کەمە. مەسەلەن کالخوزیی‌یەکان لە دەوروبەری مالی خۆیان دا پارچە زەوی‌یەکیان هەیە کە سەوزی و میوەی تێدا بۆ خۆیان بار دێنن و بەرهەمەکەی هی خۆیانەو دەتوانن بیفرۆشن.

لە شارەکانیشدا ڕەنگە هێندێ دووکانی تایبەتی یا تەعمیرگای چکۆلە هەبێ کە لە مالکی‌یەتی تایبەتی دابێ. بەلام لەسەریەک هەرچی ئابووریی سۆسیالیستی زیاتر پەرەی ئەستاندبێ ئەوەندە مالکی‌یەتی تایبەتی مەحدوودترە. مالکی‌یەتی شەخسی لە ئابووری سۆسیالیستی‌دا مەحدوود ناکرێ. خێزانێکی چوارکەسی دەتوانن چوار ترۆمبیلیان هەبێ بە شەرتێک کە ترۆمبیلەکان بە مەبەستی شەخسی بەکاربێنن نەیان کەن بە تاکسی یا باریان پێ نەکێشن. هەر ئەندامێکی کۆمەلی سۆسیالیستی بەرامبەر بە کاری خۆی کە لەباری چەندی و چۆنی و گرنگی‌یەوە کرێی دیاری دەکرێ، دراو وەردەگرێ. بەم دراوە لە بازاڕدا شتوومەکی مەسرەفیی پێویست دەکڕێ. بەم جۆرە ئەگەر لە بازاڕی سۆسیالیستی‌دا ئامرازی بەرهەم هێنانی موحدوودە، بازاڕی شتوومەکی مەسرەفی مەحدوود نیە.

بۆیە ئەم بەشەی بازاڕی سۆسیالیستی وەک عاملێکی گرنگ تەئسیر دەکاتە سەر هەموو ڕەوڕەوەی ئابووری سۆسیالیستی. بەلام هەر لەو کاتەشدا پەرەئەستاندنی بازاڕی سۆسیالیستی هەم پێشتر بەرنامەی بۆ دانراوەو هەم لە چوارچێوەی پلانی گشتیی ئابووری‌دا هەلدەسووڕێ.جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ئابووری لە لێکدانەوەی **دواییدا** بەدەست کۆمەلانی خەلک، **کرێکاران، جووتیاران** و ڕووناکبیرانەوەیەو هەرچی کۆمەلانی خەلکیش ئازادیی‌یان زیاتر بێ بەختیارتر بژین پتر ئامادە دەبن بۆ پێش خستنی کۆمەلی سۆسیالیستی هەول بدەن.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabati.org

بۆیە ئێمە سۆسیالیزمممان هەڵبژاردوە چونکە کۆمەڵێکی عادلانەترە، خێراتر گەشە دەکاو ئادەمیزاد تێیدا بە ئازادی و بەختیاری دەژی. تاقیکردنەوەی ولاتانی سۆسیالیستی دەخەینە بەرچاو دێینە سەر ئەو باوەڕە کە سۆسیالیزم لەباری پێکهێنانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی‌یەوە زۆر چۆتەپێش بەلام ئەگەر ئازادیی سیاسیشی تێدابێ ئەوە ئەو کۆمەڵەیە کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا. لە سۆسیالیزمی مەوجوودا ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی لە ئەساسدا لەنێو چووە. دەڵێین لە ئەساس دا ستەمی نەتەوایەتی لەنێو چووە چونکە لە هێندێ ولاتانی فرە نەتەوەیی سۆسیالیستی‌دا گیروگرفت زۆرن لە خودی یەکیەتی سۆویەتیەوە بگرە تا مەسەلەن ڕۆمانی کە ئەقەلییەتی مەجاری تێدایە، جارێ مەسەلەی نەتەوایەتی بە تەواوی چارەسەر نەکراوە. ڕەنگە تەنیا ئاکامی لەبارو باشی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٨ لە چیکوسلوواکی ئەوە بووبێ کە مەسەلەی نەتەوایەتی لەوێ زۆر ئوسوولی چارەسەر کراوە.

پاش ساڵی ١٩٦٨ لە چیکوسلوواکی فیدراسیۆن بە دوو حکوومەتەوە پێکهات حکوومەتی بەشی چیک و حکوومەتی بەشی سلوواک. لە چیکوسلوواکی هەردوو زمانی چیکی و سلوواکی ڕەسمیەتیان هەیەو هیچیان بەسەر هیچیان دا زاڵ نین. تەنانەت دراوی ولاتەکەش "کورون" بەدوو زمان لەسەری نووسراوە. لە هەموو مەدرەسەو ئیدارەیەکی سەرانسەری چیکوسلوواکی‌دا هەردوو زمان وەک یەک تەماشا دەکرێن. لە یۆگوسلاوی کە شەش کۆماری فیدڕالی هەیە بە شێوەیەکی ئوسوولی مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر کراوە، دیارە هێندێ گیروگرفت دێتە پێش چونکە دەوڵەتی ئالبانی، ئالبانیەکانی یۆگوسلاوی بۆ جیابوونەوە هان دەدا. بەلام چونکە هەموو نەتەوەکانی یۆگۆسلاوی مافی نەتەوایەتی خۆیان وەرگرتوەو وەک یەکیش تەماشا دەکرێن، یەکیەتی یۆگوسلاوی هەر بەردەوامەو بەپێچەوانەی هێندێ پێش بینی، پاش مردنی تیتۆ تێک نەچوو. پاش تیتۆ لە یۆگوسلاوی‌دا شێوەیەکی زۆر تایبەتی‌یان بۆ هەڵسووڕانی کاروباری ولات دامەزراندوە. سەرۆک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری بە نۆرەیەو نوێنەری هەرکام لە شەش کۆمار بە نۆرە دەبێتە سەرۆک کۆماری هەموو یۆگۆسلاڤی. بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردن ناکرێ چونکە ئەو کۆمارە کە ژمارەی دانیشتوانی زیاترە ئیمکانی پترە بۆ ئەوەی نوێنەری ببێتە سەرکۆماری یۆگۆسلاڤی. هەڵسووڕاندنی کاروباری وڵات، بەم شێوەیە بۆ وەک بوونی نەتەوەکانی یۆگۆسلاڤی زیاتر ڕێز دادەنێ و دێموکراتیترە.

بە کورتی لەسەریەک، لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی‌دا ستەمی نەتەوایەتی هەڵگیراوەو ستەمی چینایەتیش لەنێو چووە. دیارە هێندێ ئیمتیاز بۆ بەڕێوەبەران هەیە بەڵام ئەوە ستەمی چینایەتی نیە. ئازادیی سیاسی لەو وڵاتانەدا دابین نەبوە. هەرچەند سۆسیالیزم دەبێ دێموکراسی لەگەڵ بێ. دێموکراسی و سۆسیالیزم لێک جیا ناکرێتەوە. هێندێ لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی خۆیان باسی پەرەپێدانی دێموکراسی سۆسیالیستی دەکەن ئەوە دوو مانای هەیە یەکەم پێیان خۆشە دێموکراسی پەرە پێ بدرێ، دووهەم مانای ئەوەیە کە دێموکراسی سۆسیالیستی جارێ بەتەواوی پەرەی پێ نەدراوە واتە خۆیان هەست بەوە دەکەن کە دێموکراسی نیە یان مەحدوودە بۆیە باسی دێموکراسی لە سۆسیالیزم‌دا کردن کارێکی ڕەوایەو بۆیەش ئیستلاحی سۆسیالیزمی دێموکراتی دروست و بەجێ یە.

وەڵامی پرسیاری سێهەم کە چۆنیەتی پێوەندیی‌یەکانی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی دیاری دەکا بە کورتی ئەوەیە: نە پەیڕەوی بێ ئەم لاو ئەولای نە دژایەتی، بەڵکە دۆستایەتی. دیارە ئەو بۆچوونە بە ڕاستی نەتیجەی ساڵەها تاقیکردنەوەی حیزبەکەمانە. حیزبی دێموکرات پاش دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی حیزبە کوردستانیەکانی دیکەو دەرس وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی حیزبەکانی دیکەی ئێرانی هاتۆتە سەر ئەو بڕوایە کە ئەگەر کەسێکی دیکە لەباتی ئەو بڕیار بدا ئەوەی بەسەر دێ کە بەسەر حیزبی توودەدا هات. دوژمنایەتی لەگەڵ وڵاتەکانی سۆسیالیستی هەڵەیە. چونکە ئەو وڵاتانە لە دوو بارەوە دوستی حیزبی ئێمەن هەم لەباری ستراتیژیکەوە چونکە وڵاتی سۆسیالیستین و ئێمەش سۆسیالیزممان دەوێ و بە ئاواتین کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا ڕێبازی ئێمە لە وڵاتەکەمان دا بەتەواوی سەردەکەوێ دێموکراسیش لە وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا پەرە بستێنێ. بۆیە لە دوارۆژدا زیاتر لێک نیزیک دەبینەوە.
بەڵام لە بارێکی دیکەشەوە با لەبیرمان نەچێ کە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەلومەرجەی کە بە هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران پێک هاتبوو. حیزبی ئێمە دۆستایەتیەکی سوننەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی هەیەو چونکە کوردستان دراوسێی یەکیەتی سۆویەتی‌یە لەباری ژیئۆپۆلیتیکیشەوە ئەم دۆستایەتی‌یە پێویستە. گومانی تێدانیە کە سیاسەتی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی ڕۆژێک لە سەرانسەری ئێراندا سەردەکەوێ و زۆر ڕێکخراوی ڕەسەن و پێشکەوتووی دیکەش ڕێبازی ئەمڕۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگرنە پێش ئێمە ئامادەی دۆستایەتین بەڵام مەعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزبەکەمان و گەلی کورد وگەلانی ئێرانە.
هێندێ کەس پرسیار دەکەن و دەڵێن ئەگەر هات و ئەو قازانجە لەگەڵ دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی ڕێک نەکەوت ئەو کاتە هەلوێستمان چ دەبێ؟ دیارە ئێمە هەموو وەختێک مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم دۆستایەتی‌یە لەگەڵ قازانجمان ڕێک کەوێ و هەوڵیشی بۆ دەدەین بەڵام ئەگەر هات و لەنێو قازانجی گەلی کورد و دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی یا لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەدا ناتەبایی پەیدا بوو، زۆر ڕوونە ئێمە قازانجی گەلی کورد هەڵدەبژێرین با بە سەراحەت بکوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی خۆمان و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزب و گەلی کوردو گەلانی ئێران و سەربەخۆییمانە. میعیاری ئەساسی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتیەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناکەین. ئەو ڕابیتە ئۆرگانیکە کە باسم کرد لەنێوان دیاری کردنی جەوهەری سۆسیالیزم و پاراستنی سەربەخۆیی حیزبەکەمان و وڵاتەکەمان دا هەیە لێرەدا خۆی دەنوێنێ. ئێمە دەمانەوێ کۆمەڵی سۆسیالیستی خۆمان بێ دەست تێوەردانی وڵاتی دیکە، تەنانەت باشترین دۆستیشمان بێ دروست بکەین. نامانەوێ سۆسیالیزمێک دروست بکەین کە پێویستی بەوە هەبێ کە لەشکری وڵاتێکی دیکە بێ بیپارێزێ. سۆسیالیزم بە کۆمەڵانی خەڵک دروست دەکرێ و بەوانیش دەپارێزرێ نە بە لەشکری وڵاتێکی بێگانە. وڵاتێک کە ئەرتەشی بێگانەی تێدا جێگیربووە، هەرچەندیش ئەم بێگانەیە دۆست بێ، سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی لەدەست دەدا. بۆ نموونە سەیری ئەفغانستان بکەین. دیارە ئێمە دژی سیاسەتی ئەو بەناو موجاهیدە ئەفغانیانەین کە دەیانەوێ لە ئەفغانستان جەمهووری ئیسلامی دابمەزرێنن. بەڵام بە تاقیکردنەوەی خۆمان باش دەزانین کە ئەگەر خەڵک پشتیوانی نەکا، پارتیزان ناتوانێ شەڕ بکا. ئێستا چەندین ساڵە موجاهیدەکانی ئەفغانی دژی دەوڵەتی مەرکەزی و لەشکری سۆویەتی شەڕ دەکەن و خەباتیشیان هەر بەردەوامە مانای ئەوەیە کە بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانیانە. ڕەنگە بکوترێ خەڵکی پاشکەوتوو پشتیوانیانە، بەڵام ئەوە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. بەدبەختی ئەوانەی کە لە ئەفغانستان دەسەڵاتیان بە دەسەتەوەیە ئەوەیە کە بە پشتیوانی لەشکری سۆویەتی دەبێ سۆسیالیزم دروست بکەن. ئەو سۆسیالیزمە نە سەرکەوتوو دەبێ و نە دێموکراتی.

هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە مارکسیزم باس کرا. ئێمە حیزبێکی دێموکراتین، خاوەنی تاقە ئیدئۆلۆژی‌یەک نین، ئەندامانی حیزبی ئێمە ئیدئۆلۆژی جۆراوجۆریان هەیە بەڵام لەژێر ئاڵای حیزبی دێموکراتدا کۆبوونەوە.چونکە بەرنامەی سیاسی ئەم حیزبەیان پەسند کردوە. بۆیەش حیزبی ئێمە لە کێشەو ناکۆکیی ئیدئۆلۆژیکی گرووهە مارکسیستیەکان دا دەخالەت ناکا. بەڵام ئەگەر مارکسیزم زانستێکی کۆمەڵایەتی‌یە، تیئۆریەکی زانستی‌یە، ئایا گوناهە حیزبی دێموکرات کەڵکی لێ وەربگرێ؟ زانست لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاوانی هیچ کەس دانیە ئەگەر حیزبی دێموکرات زانست تەتبیق بکا تاوان نیە. لێرەدا تەنیا شێوەی کەڵک وەرگرتن لە زانست و شێوەی تەتبیقی زانست دەگۆڕێ دایە. زانست دوگم نیە، زانستی کۆمەڵایەتی پێکەوە لەگەڵ کۆمەڵ بەرەو پێش دەچێ، پەرە دەستێنێ. مەسەلە ئەوەیە کە ئەم زانستە بە شێوەیەکی خەللاق داهێنەرانە تەتبیق بکرێ. هەر ئەوەندە کە نەزەرێک لە کتێبێک دا نووسرابێ بۆ ئەوە بەس نیە کە پەیڕەویی لێ بکەین. کتێبەکە هی هەر کەس بێ، فەرق ناکا. کتێبەکانی مارکس و لێنینیش جێی موناقەشەن. بۆ موسولمانێک ئایەی قورئان جێی موناقەشە نیە. بەڵام تیئۆری کۆمەڵایەتی ئایەی قورئان نیە، جێی موناقەشەیە. ئەگەر تیئۆری‌یەک لە جەرەیانی تەتبیق دا دەرکەوت کە دروستە، پەسندی دەکەین. ئەگەر دەرکەوت کە دروست نیە و واقعییەت لەگەڵ تیئۆری ڕێک ناکەوێ، ئەو کاتە مانای ئەوەیە کە تیئۆری‌یەکە نادروستەو دەبێ وازی لێ بێنین. لە تەتبیقی تیئۆری‌دا دەبێ هەلومەرجی زەمانی و مەکانی بەرچاو بخەین. مەسەلەن مارکس لە کتێبی "سەرمایە" دا باسی سەرمایەداری دەکا و لێکۆڵینەوەی مارکس لەم بارەوە بێ وێنەیە. بەڵام مارکس ئێستا سەرمایەداری لە زۆر بارەوە گۆڕاوەو بێگومان ئەگەر خودی مارکس باسی سەرمایەداری١٥٠ساڵ لەمەوبەر دەکا. ئێستا سەرمایەداری لەزۆر بارەوە گۆڕاوەو بێ گومان ئەگەر خودی مارکس ئێستا لەسەر سەرمایەداری نووسیبایە بە شێوەیەکی دیکەی دەنووسی. بۆیە زۆر شت لە کتێبی "سەرمایە" داهاتوە کە لەگەڵ واقعییەتی ئەمڕۆ ڕێک ناکەوێ.

لە پاشان هەروەها کە کوترا تیئۆریی زانستی لە پاوانی هیچ کەس دانیە. چونکە لافوازیە فەڕانسەیی بووە، مانای ئەوە نیە ئەمڕۆ تەنیا فەڕانسەیی مافی ئەوەیان هەیە لەسەر زانستی شیمی حەکەم بن. هەروەها چونکە داروین ئینگلیسی بووە تەنیا ئینگلیسی‌یەکان مافیان هەبێ لەسەر قانوونەکانی پەرەئەستاندنی تەبیعەت و ئادەمیزاد حەکەم بن.

تیئۆری زانستیش هەروایە، دیاردەیەکی جیهانیە. هەموو کەس دەتوانی پەرەی پێبداو هەموو کەسیش دەتوانێ تەتبیقی بکاو کەسیش مافی ئەوەی نیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی بکا به حەکەم. میعیاری ڕاستی و دروستیی تیئۆری کتێب نیه، کردەوەو تاقیکردنەوەیە، تیئۆری کۆمەلایەتی لە جەرەیانی تەتبیق دا ڕاست و دروستی خۆی نیشان دەدا.

ڕاستە کە واقعییەت سەرچاوەی تیئۆری بووە بەڵام چونکە واقعییەت هەمیشە لە گۆڕان دایەو هەلومەرجیش لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە فەرق دەکا تیئۆریش دەبێ بگۆڕێ لە ئاخرەکەی دا میعیار تیئۆری نیە میعیار پراکتیک و واقعییەتە. ئەگەر تیئۆرییەک لەگەڵ واقعییەت ڕێک نەکەوت واقعییەتی ڕەق بەزۆر ناچێتە نێو چوارچێوەی تییۆریەوە. هۆی سەرنەکەوتنی بەشێکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی چەپ لە ئێران دا هەر ئەوەیە کە هەولیان داوە واقعییەت بخەنە نێو چوارچێوەی تیئۆری کتێبی خۆیانەوە. "سازمانی چریکهای فدایی خلق" ڕێکخراوێک بوو کە پاش شۆڕشی ئێران دەی توانی نەخشێکی گەورە لە مەیدانی سیاسیەتی ولات دا بە ئەستۆ گرێ، بەلام هەموومان دەزانین چۆن لەت لەت بوو و چی بەسەرهات. لە نووسراوێکی نێوخۆی کۆمەلەدا هاتوە کە کاتێک کادرێکی کۆمەلە دەچێ لە مزگەوتی گوندێکی بۆ خەلکی قسە دەکا هەرچەند خوێندەواریی زۆرە بەلام خەلک لە قسەکانی حالی نابن لە حالێک دا کادری حیزبی دێموکرات کە قسە بۆ خەلکی دەکا، خوێندەوارییشی کەمتر بێ، خەلک لێی حالی دەبن. هۆیەکەی زۆر سادەیە، کادری کۆمەلە لە چوارچێوەی تیئۆری کتێبی خۆی دا قسە دەکا کە دوورە لە واقعییەت کادری حیزبی دێموکراتیش بە زمانی خەلکی لەسەر گیروگرفتەکانی ژیان و خەباتی خەلک قسە دەکا کە لە دلی خەلک نیزیکن. کادری کۆمەلە باسی ئیکۆنۆمیزم و پۆپۆلیزم و ئاکسۆنیزمی دەکا. کادری حیزبی دێموکراتیش باسی ئازادی و خودموختاری دەکا. بۆیە زۆر تەبیعییە کە کۆمەلانی خەلک لە قسەی کادری حیزبی دێموکرات باشتر حالی بن.

مەسەلەیەکی دیکە کە لێرە باسکراوە **دەبێ** ئەهەمییەتێکی زیاتری پێبدرێ مەسەلەی سۆسیال دێموکراسییە. هەروەها کە لە "کورتەباس" **دا هاتوە** بە نەزەری ئێمە سۆسیال دێموکراسی وەزیفەی ئەوەیە کە سەرمایە**داری** ئیدارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabati.org

بکاو سەرمایەداری بپارێزێ. لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات لەو بڕوایە دایە کە دەبێ سەرمایەداری لەنێو بچێ. کەوابوو زۆر مەنتیقی‌یە کە حیزبی دێموکرات ڕێگای سۆسیال دێموکراسی نەگرێتە پێش. بەلام ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا هێندێ کەس کە پێیان وایە زانستی کۆمەلایەتی بەناوی ئەوان تاپۆ کراوە هەر هاوار دەکەن کە سۆسیالیزمی دێموکراتی و سۆسیال دێموکراسی یەکن، دیارە گاڵتە بە خۆیان دەکەن و کەسیش بە جیددی یان ناگرێ.

با ئەوەش بڵێین کە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان تا شەڕی دووهەمی جیهانی بە حیزبی هەرە شۆڕشگێڕ لە قەڵەم دەدران، بەلام ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم کە لەم حیزبانە پێک هاتبوو، لە زەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ۱۹۱٤-۱۹۱۸ بە سەرۆکایەتی کائوتسکی بەرەو ڕیفورمیزم ڕۆیشت و زۆربەی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە پارلەمان دا دەنگیان دا بە بوودجەی شەڕی ولاتەکانی خۆیان و پشتیوانیان لە بۆرژوازیی ولاتی خۆیان کرد، لەباتی ئەوە دیفاع لە قازانجی پرۆلیتاری جیهانی بکەن تووشی ناسیۆنالیزم بوون و کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێشیان هان دەدا دژی یەکتر شەڕ بکەن.

حیزبی سۆسیال دێموکراتی ڕووسیەو چەند حیزبی دیکە وەک حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا ئامادە نەبوون دیفاع لە سیاسەتی شەڕخوازانەی بۆرژوازیی ولاتی خۆیان بکەن و لەو بڕوایەدا بوون کە پرۆلیتاری هەر ولاتێک دەبێ دژی بۆرژوازیی خۆی شەڕ بکا، شەڕ بگۆڕێ بە شۆڕش دژی دەسەلاتی بۆرژوازیی خۆماڵی. کەوابوو سۆسیال دێموکراسی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و پاش ئەو شەڕە فەرقیان هەیە.

سۆسیال دێموکراسی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ زەمانی شەڕی دووهەمی جیهانیش فەرقی هەیە. ئەو ڕاستی‌یە دەبێ بکوترێ کە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا زۆربەی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان بەرامبەر بە فاشیزم ڕاوەستان و لە بەرگری ولاتی خۆیان دا بەشدارییان کرد. بەلام ئێستا دیسانەکە سۆسیال دێموکراسی هەر ڕێبازی ڕیفۆریمیزم دەڕوا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆسیال دیموکراسی دەیەوێ سەرمایەداری ئیسلاح بکا، حیزبی ئێمە دەیەوێ سەرمایەداری لەنێو بەرێ. سۆسیال دیموکراسی دەیەوێ هەر لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا وەزعی زەحمەتکێشان باشتر بکا. حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێی وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دوارۆژی دەبێ ئەو چوارچێوەیە تێک بدەین، دەبێ سەرمایەداری وەک سیستم لەنێو بەرین. حیزبی دیموکرات لەبارێکی دیکەشەوە شۆڕشگێڕە. ئەیش بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانەیە. سۆسیال دیموکراسی تەنیا لایەنگری خەبات لە ڕێگای ئاشتی‌یەوەیە. کەوابوو حیزبی ئێمە لە زۆر مەسەلەی ئەساسی‌دا بیروڕای لە سۆسیال دیموکراسی جیاوازە. بەلام چونکە سۆسیالیزمی مەوجوود ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتیی سۆسیالیستی پێک هێناوە، لە ئامانجی ئێمە نیزیکترە. جیاوازیی ئێمە لەگەل سۆسیالیزمی مەوجوود لەسەر دیموکراسی‌یە. با لەسەر یەک مەسەلە وردتربین. سۆسیال دیموکراسی هەر ئیسلاحات دەکا هەرچی ئیسلاحاتیش بکا ئامانجی دوارۆژمان نابێتە یەک و ناگەینە یەک. ئەو وەختە دەگەینە یەک کە چوارچێوەی سەرمایەداری تێک بدا کە ئەوە ئامانجی سۆسیال دیموکراسی ئێستا نیە. بەڕێوەبەریی حیزبی سۆسیالیستی ئیسپانیا فیلیپ گۆنزالێس بە سەراحەت دەلێ کە لە هەلومەرجی ئێستادا سەرمایەداری باشترین سیستەمە ئێمە لە مەسەلەی دیموکراسی‌دا لە حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان نیزیکین. مەسەلەن لە سوئێد ئازادیی سیاسی زۆرە. بۆیەش هاوکاریی سیاسی لەنێو حیزبی ئێمەو حیزبە سۆسیال دیموکراتەکان لە مەیدانی جیهانیدا ئیمکانی هەیە. بەلام ئەگەر بمانەوێ لەگەل ئەو حیزبانە بە تەواوی ببینە یەک خەت ئەوان دەبێ بێنە **سەر ئەوە** کە بۆ تێک دانی چوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداری هەول بدەن. بەم **جۆرە لە** کورت خایەن **داو** لە باری دیموکراسی‌یەوە لە حیزبە سۆ**سیال دیموکراتەکان نیزیکترین** بەلام لە درێژخایەن داو لەباری ستراتی**ژیکەوە لە ولاتەکانی سۆسیالیستی** نیزیکترین.چونکە **کافییە** لەم ولاتانەدا گۆڕانی ئەوتۆ وەک لە سالی ١٩٦٨ لە



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

بکاو سەرمایەداری بپارێزێ. لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات لەو بڕوایە دایە کە دەبێ سەرمایەداری لەنێو بچێ. کەوابوو زۆر مەنتیقی‌یە کە حیزبی دێموکرات ڕێگای سۆسیال دێموکراسی نەگرێتە پێش. بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا هێندێ کەس کە پێیان وایە زانستی کۆمەلایەتی بەناوی ئەوان تاپۆ کراوە هەر هاوار دەکەن کە سۆسیالیزمی دێموکراتی و سۆسیال دێموکراسی یەکن، دیارە گاڵتە بە خۆیان دەکەن و کەسیش بە جیددی یان ناگرێ.

با ئەوەش بڵێین کە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان تا شەڕی دووهەمی جیهانی بە حیزبی هەرە شۆڕشگێڕ لە قەلەم دەدران، بەلام ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم کە لەم حیزبانە پێک هاتبوو، لە زەمانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ١٩١٤-١٩١٨ بە سەرۆکایەتی کائوتسکی بەرەو ڕیفورمیزم ڕۆیشت و زۆربەی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە پارلەمان دا دەنگیان دا بە بوودجەی شەڕی وڵاتەکانی خۆیان و پشتیوانیان لە بۆرژوازیی وڵاتی خۆیان کرد، لەباتی ئەوە دیفاع لە قازانجی پرۆلیتاری جیهانی بکەن تووشی ناسیۆنالیزم بوون و کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێشیان هان دەدا دژی یەکتر شەڕ بکەن.

حیزبی سۆسیال دێموکراتی ڕووسیەو چەند حیزبی دیکە وەک حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا ئامادە نەبوون دیفاع لە سیاسەتی شەڕخوازانەی بۆرژوازیی وڵاتی خۆیان بکەن و لەو بڕوایەدا بوون کە پرۆلیتاری هەر وڵاتێک دەبێ دژی بۆرژوازیی خۆی شەڕ بکا، شەڕ بگۆڕێ بە شۆڕش دژی دەسەلاتی بۆرژوازیی خۆماڵی. کەوابوو سۆسیال دێموکراسی پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و پاش ئەو شەڕە فەرقیان هەیە.

سۆسیال دێموکراسی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ زەمانی شەڕی دووهەمی جیهانیش فەرقی هەیە. ئەو ڕاستی‌یە دەبێ بکوترێ کە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا زۆربەی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان بەرامبەر بە فاشیزم ڕاوەستان و لە بەرگری وڵاتی خۆیان دا بەشدارییان کرد. بەڵام ئێستا دیسانەکە سۆسیال دێموکراسی هەر ڕێبازی ڕیفۆڕیمیزم دەڕوا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆسیال دێموکراسی دەیەوێ سەرمایەداری ئیسلاح بکا، حیزبی ئێمە دەیەوێ سەرمایەداری لەنێو بەرێ. سۆسیال دێموکراسی دەیەوێ هەر لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا وەزعی زەحمەتکێشان باشتر بکا. حیزبی ئێمە وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێی وایە بۆ گەیشتن بە ئامانجی دوارۆژی دەبێ ئەو چوارچێوەیە تێک بدەین، دەبێ سەرمایەداری وەک سیستم لەنێو بەرین. حیزبی دێموکرات لەبارێکی دیکەشەوە شۆڕشگێڕە. ئەیش بەڕێوەبردنی خەباتی چەکدارانەیە. سۆسیال دێموکراسی تەنیا لایەنگری خەبات لە ڕێگای ئاشتییەوەیە. کەوابوو حیزبی ئێمە لە زۆر مەسەلەی ئەساسیدا بیروڕای لە سۆسیال دێموکراسی جیاوازە. بەلام چونکە سۆسیالیزمی مەوجوود ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتیی سۆسیالیستی پێک هێناوە، لە ئامانجی ئێمە نیزیکترە. جیاوازیی ئێمە لەگەل سۆسیالیزمی مەوجوود لەسەر دێموکراسییە. با لەسەر یەک مەسەلە وردتربین. سۆسیال دێموکراسی هەر ئیسلاحات دەکا هەرچی ئیسلاحاتیش بکا ئامانجی دوارۆژمان نابێتە یەک و ناگەینە یەک. ئەو وەختە دەگەینە یەک کە چوارچێوەی سەرمایەداری تێک بدا کە ئەوە ئامانجی سۆسیال دێموکراسی ئێستا نیە. بەڕێوەبەریی حیزبی سۆسیالیستی ئیسپانیا فیلیپ گۆنزالێس بە سەراحەت دەلێ کە لە هەلومەرجی ئێستادا سەرمایەداری باشترین سیستەمە ئێمە لە مەسەلەی دێموکراسیدا لە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان نیزیکین. مەسەلەن لە سوئێد ئازادیی سیاسی زۆرە. بۆیەش هاوکاریی سیاسی لەنێو حیزبی ئێمەو حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان لە مەیدانی جیهانیدا ئیمکانی هەیە. بەلام ئەگەر بمانەوێ لەگەل ئەو حیزبانە بە تەواوی ببینە یەک خەت ئەوان دەبێ بێنە سەر ئەوە کە بۆ تێک دانی چوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداری هەول بدەن. بەم جۆرە لە کورت خایەن داو لە باری دێموکراسییەوە لە حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان نیزیکترین بەلام لە درێژخایەن داو لەباری ستراتیژیکەوە لە ولاتەکانی سۆسیالیستی نیزیکترین.چونکە کافییە لەم ولاتانەدا گۆڕانی ئەوتۆ وەک لە سالی ١٩٦٨ لە



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

چیکۆسلۆڤاکی‌دا هاته دی، پێک بێ. که سۆسیالیزم هەر له جێگای خۆی بوو، زەربه له پێوەندیەکانی سۆسیالیستی نەدرابوو بەڵکوو ئەم پێوەندیانه قایم تریش ببوون، بەڵام دێموکراسی پەرەی گرتبوو و ئیمکانی جێگیربوونی سۆسیالیزمی دێموکراتی پێکهاتبوو. بۆیه له دوارۆژدا گۆڕانێکی ئەوتۆ ڕێگا خۆش دەکا بۆ ئەوه لەگەڵ ئەم وڵاتانه ئامانجمان ببێته یەک و بگەینه یەک بەتایبەتی که ئەم چەشنه گۆڕانه له سۆسیالیزمی مەوجوودا پێویستی به شۆڕش نیه پێویستی به گۆڕانی پێوەندیی‌یەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی نیه.

بەجێیه به مەسەلەیەکی دیکەش ئیشاره بکرێ که بێگومان له دابین کردنی دێموکراسی له وڵاتەکانی سۆسیالیستی‌دا تەئسیرێکی زۆری دەبێ. ئەویش مەسەلەی پەرەئەستاندنی تەکنولوژیی پێش کەوتوویه. لەنێو هێزەکانی بەرهەم **هێنان دا** که بریتی‌یه له ئامرازی بەرهەم هێنان و ئادەمیزادو تاقیکردنەوەی ئامرازی بەرهەم هێنان له هەمووان خێراتر دەچێته پێش له هەمووان شۆڕشگێڕتره. نیزامه ئابووریی‌یەکانی مێژوویی له ڕووی بەکارهێنانی ئامرازیانەوه وردترو باشتر دەناسرێن. واته ئەوه بۆ نیشاندانی ڕادەی نیزام گرنگ نیه کەچی بەرهەم دێنی بەڵکوو چۆن بەرهەم دێنی. ئاردی گەنم هەر ئەو ئاردەیه که سەدان و ڕەنگه هەزاران ساڵه ئادەمیزاد نانی لێ دروست دەکا. بەڵام ئەگەر ئەو ئارده بەرهەمی دەستاڕی دەستی بێ نیشانەی نیزامێکەو ئەگەر بەرهەمی ئاشی کارەبایی (بەرقی) بێ نیشانەی نیزامێکی دیکەیه. تەکنولوژی که بەشی ئەساسی ئامرازی بەرهەم هێنانه هەرگیز له مێژووی ئادەمیزاددا به خێرایی چەنده ده ساڵی دوایی نەچۆته پێش. وڵاتەکانی سۆسیالیستیش لەو پێشکەوتنەدا بەشدارن. لەوانیشدا تەکنولوژی بەخێرایی بەرەو پێش دەڕوا که ئاکامی پێکهاتنی گۆڕان له گشتی هێزەکانی بەرهەم هێنان دایه که ئادەمیزاد و تاقیکردنەوەشی **دەگرێتەوه، که** خۆی ئەم گۆڕانه له ڕێگای پێوەندیی‌یەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوه دەبێته هۆی گۆڕانی سەرخان یا ڕووبنا. ئاکامی پێش **کەوتنی** تەکنولوژی ئاخرەکەی ئوتوماتیکی کردنی بەرهەم هێنانه، ئێستا له ئەمریکاو له یەکیەتی سۆویەتی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له هێندێ له وڵاتەکانی سەرمایەداری وەک فەڕانسە، ژاپۆن و ئاڵمانی ڕۆژئاوا ئۆتوماتیزەکردن خێرا بەرەوپێش دەڕوا. مەسەلەی کارخانەیەک کە بیست ساڵ لەمەوبەر پێنج هەزار کرێکاری هەبوو ئێستا پەنجا نەفەر ئیدارەی دەکا کە هیچیان کرێکاری سادە نین بەڵکوو هەموویان پسپۆرو موهەندیسن.

ئێستا ئیدی له ئەمریکا کارخانەی ئۆتوماتیکی وا هەیە کە کارخانەی ئۆتوماتیکی بەرهەم دێنێ. کەلک وەرگرتن له دەسکەوتەکانی زانست پەرەئەستاندنی بێ وێنەی هەڵسووڕاندنی کاروبار بە کامپیوتەر له هەموو بەشەکانی ژیاندا، شۆڕشێکی تەکنولوژی له بەرهەم هێنان دا پێکهێناوە کە له مێژووی ڕابردووی کۆمەڵی ئادەمیزاددا وێنەی نیە.ئەوە کە له جێگای پێنج هەزار نەفەر پەنجا نەفەر کار دەکا بەرەبەرە تەرکیبی چینی کرێکار دەگۆڕێ. یەکەم هەروەها کە کوترا ئەم کرێکارانە کە بە کامپیوتەر کارخانەیەکی ئۆتوماتیک بەڕێوە دەبەن، ئیدی کرێکاری جاران نین، بەڵکوو پسپۆڕو موهەندیسن، کەیفیەتیان گۆڕاوە. لەباری چەندی واتە کەممیەتیش ئەوە گۆڕانێکی گەورەیە کە پەنجا نەفەر کاری پێنج هەزار نەفەر دەکا. ئەگەر یەکێک له هۆیەکانی شۆڕشگێڕبوونی چینی کرێکار ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر له کارخانە واتە له یەک جێگا کۆببوونەوە ئێستا ئەم هۆیە بەرەبەرە لەنێودەچێ. جا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش. ئایا کرێکارێکی پسپۆڕ یا موهەندیسێک کە لەکارخانەیەکی ئۆتوماتیکی دا کاری بە کامپیوتێرە وەزعی ژیانیشی باشە هەر ئەو کرێکارەیە کە تفەنگی هەڵگرت و له ساڵی ١٩١٧ دا هێرشی بردەسەر کۆشکی زستانی له پترۆگراد؟ ئایا چاوەڕوان دەکرێ سەعات سازەکانی سویس ڕاپەڕینی چەکدارانە بکەن؟ دیارە پرۆسەی ئۆتوماتیزەکردن له یەکیەتی سۆویەتی و وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا بەقەد ئەمریکا خێرا ناچێتە پێش. بەڵام لەوێش بەرەبەرە تەرکیبی چینی کرێکار دەگۆڕێ و تەکنولوژی تازە کرێکاری ئەوتۆ له وڵاتەکانی سۆسیالیستیدا پەروەردە دەکا کە شێوەی فیکرکردنەوەی لەگەڵ کرێکاری زەمانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر فەرقێکی زۆری هەیە. لێرەشدا تەکنۆلۆژی کە شۆڕشگێڕترین بەشی ئامرازی بەرهەم هێنانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێتە هۆی گۆڕانی هەموو هێزەکانی بەرهەم هێنان و سەرخانی کۆمەڵیش. بۆیە پێشکەوتنی تەکنولوژی جەوهەری لێک نیزیک بوونەوەی ئابووری سەرمایەداری و سۆسیالیستی تێدایە. بۆیەش لە تیئۆری ئابووریدا ئێستا زۆر جار باسی کۆنوێرژانس (همگرایی) دەکرێ. کە دەتوانین بە کوردی پێی بلێین بەرەو یەکتر ڕۆیشتن. ئێمە تیئۆری کۆنوێرژانس بە موتلەقی قبوول ناکەین. ئەو کۆمەڵەی کە لە دوارۆژدا پێک دێ لەباری تەکنولوژی‌یەوە نەتیجەی پێشکەوتنی سۆسیالیستی و سەرمایەداریی‌یەو ئەگەر واقیع بین زیاتر هی سەرمایەداریی‌یە تا سۆسیالیزم. بەڵام پێوەندیی‌یەکانی بەرهەم هێنانی ئەو کۆمەڵە دەبێ سۆسیالیستی بن. چونکە خۆی تەکنۆلۆژی کۆمەڵ بەرەو ئەوە دەبا. ناکرێ کارخانەکان ببن بە ئوتوماتیکی بە کامپیوتەر کاریان تێدا بکرێ بەڵام هەر لەو کاتەش دا چەوساندنەوە بمێنێتەوە. کەوابوو ئێمە دەست لە تیئۆری کۆنوێرژانس وەردەدەین، یانی ئەوەندەی لێ زیاد دەکەین کە پێوەندیی‌یەکانی بەرهەم هێنان لە هەموو بەرەو یەکتر ڕۆیشتن دا دەبنە پێوەندی سۆسیالیستی.

پێوەندیی‌یەکانی سۆسیالیستی و سیستمی بوروکراتیکی سۆسیالیزمی مەوجوود یەک نین. ئەم سیستەمە کۆسپێکە لەسەر پێشکەوتنی تەکنولوژی لە کاتێکدا پێوەندیی‌یەکانی سۆسیالیستی ڕێگا بۆ تەکنولۆژی خۆش دەکەن. هۆی پاش کەوتنی تەکنۆلۆژی لە سنعەت و کشتوکاڵی سۆویەتی دا پێوەندیەکانی سۆسیالیستی نین بەڵکوو ئەو سیستەمە بوروکراتیک وغەیرە دێموکراتیەیە کە لە یەکیەتی سۆویەتی دا زاڵە. تەنیا لێکۆڵینەوە لەسەر وڵاتانی سۆسیالیستی کافی نیە دەبێ لە کۆمەڵی وڵاتێکی وەک ئەمریکاش کە پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەداریی‌یە بکۆڵینەوە. ئەگەر بەپێی تیئۆری کلاسیک کۆمەڵ بەرەو پێش چووبا، دەبوو لەمێژبا شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەمریکا سەرکەوتبا. چینی کرێکاری بەهێزو ڕێکخراو لە سەندیکاکاندا هەیە. بەڵام داخوازەکانی چینی کرێکار لە چوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداری دەرناچن. دەکرێ بلێین کە سەندیکاکان ڕیفۆرمیستن، شۆڕشگێڕ نین. بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچی ساڵەهای ساڵە نەبوون بە شۆڕشگێڕو بۆچی ئەو تاقمە چکۆلانە کە بەرنامەی شۆڕشگێڕانەیان هەیە، هەروا چکۆلە مانەتەوە؟ ئایا هۆی ئەم وەزعە ئەوەنیە کە سەرمایەداری نیشان دەدا کە هێشتا هەر زەخیرەی هەیەو دەتوانێ بژی و پەرە بستێنێ و سەرەمەرگی دوورەو چینی کرێکاریش بەگشتی لە چوارچێوەی ڕژێمی سەرمایەداری ئەمریکادا، هەست بە ڕەزامەندی دەکا؟ بەم جۆرە دەردەکەوێ کە تەتبیقی تیئۆریی وشک و دوگم بەسەر کۆمەڵی سەرمایەداری ئەمڕۆدا، تیئۆریەک کە لەسەر سەرمایەداری ١٥٠ ساڵ یا تەنانەت ٧٠ ساڵ لەمەوبەر کوتراوە هەڵەیەو کۆمەڵی سەرمایەداری ئێستا پێداویستی بە لێکۆڵینەوەی تازە هەیە.

بەکورتی دەردەکەوێ کە لەبەر هێندێ هۆ و بەتایبەتی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریی وڵاتدا بوحرانی ئابووریی وەک هی ساڵەکانی ١٩٢٩-١٩٣٣ ئێستا لە وڵاتی سەرمایەداریدا بەرچاو ناکەوێ. لە زۆربەی وڵاتەکانی سەرمایەداریدا دەوڵەت ئەوەندە دەخالەت لە ئابووری‌دا دەکاو ئەوەندە تێدەکۆشێ پەرەئەستاندنی ئابووری ڕێک و پێک و مەوزوون بکا کە لەگەڵ ئەوەی ئەم پەرەئەستاندنە زیگزاگی زۆرە، گیروگرفتی هەیە بەڵام سەرمایەداری توانیویەتی هەتا ئێستا خۆی لە بوحرانی ئابووریی گەورە بپارێزێ و ئەم گیروگرفتانە بێ تەقینەوەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکا. هەرچەند ئەوەش ڕاستی‌یەکی حاشا لێ نەکراوە کە زۆر جار سەرمایەداری ئەم گیروگرفتانەی بە زیانی زەحمەتکێشان و لەسەر حیسابی زەحمەتکێشان چارەسەر کردوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر باسی لەسەر دەکرێ مەسەلەی ئولگوو یا نموونەیە. لەم مەسەلەیەش دا ئێمە دەبێ بۆچوونێکی خەللاقمان هەبێ. ئەویش ئەوەیەکە زۆر پێویستە بە بێ بەرچاوتەنگی لە هەموو تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی شۆڕشی سۆسیالیستی یا دروست کردنی سۆسیالیزم لە وڵاتەکانی دیکەدا کەڵک وەرگرین و لەم بارەشەوە تەعەسوبمان نەبێ. کەواتە ئەگەر ئێمە لە تاقیکردنەوەی یەکیەتی سۆویەتی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چین، یوگوسلاڤی، ویێتنام و زۆر وڵاتی دیکە دەرس وەرگرین کارێکی باش دەکەین. هەر بۆیەش ناسینی هەموو ئەو وڵاتانە کە سۆسیالیزمیان دروست کردوە زۆر پێویستە. لەم تاقیکردنەوە کەلک وەرگرتن دوو باری هەیە یەکەم ئەوەیە ئەو کارانە بکەین کە لەو وڵاتانەدا سەرکەوتوو بوون. دووهەم ئەوەیە ئەو کارانە نەکەین کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و زیانیان هەبووە. بەڵام گرنگ ئەوەیە هیچ کام لەو وڵاتانە کە ئێمە بە سۆسیالیستییان دەزانین بە ئولگوو دانەنێین چ یەکیەتی سۆویەتی بێ و چ چین و یوگوسلاوی و ویتنام بێ. یا هەر وڵاتێکی دیکە بێ کە لەمەودوا بەرەو سۆسیالیزم دەڕوا. پێویستە ئوسوولەن خۆمان لە ئولگووسازی بپارێزین. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کە وڵاتەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات دەستیان کرد بە دروست کردنی سۆسیالیزم یەکێک لە شیعارەکانی هەرە گرنگی تەواوی ئەو وڵاتانە کە لە جێگای هەرە بەرچاو دەنووسرا ئەوە بوو "یەکیەتی سۆویەتی بۆ ئێمە نموونەیە". لەباری نەخشەکێشان و بەرنامە دارشتنەوە یەکیەتی سۆویەتی تەجرووبەیەکی زۆری دەست کەوتبوو و بە ڕاستی پێویست بوو کەلکی لێ وەربگیرێ. بەڵام هەر لەو کاتەدا یەکیەتی سۆویەتی لەبەر هەلومەرجی تایبەتی خۆی هاتبوو هەموو نەوعە سەنعەتێکی قورسی دامەزراندبوو. وڵاتێک کە ژمارەی دانیشتوانی نیزیکەی دووسەد میلیۆن بوو سەرچاوەی ژێر زەوی وەک نەوت و خەڵووزی بەردی هەبوو، دیارە لە وزەی دابوو کە بناخەی هەموو ئەو سەنعەتە قورسە دابنێ. بەڵام ئایا ئەم کارە بۆ مەجارستانێکی ٩ میلیۆنیش دروست بوو کە نە سەرچاوەی ژێر زەوی هەبوو و نە ئیمکاناتی مادی و بەشەری؟ بەداخەوە لە ڕووی ئولگووسازییەوە ئەم کارە کراو مەجارستان دووسێ پرۆژەی ئەوتۆی دەست پێکرد کە زۆربەی زۆری سەرچاوە مادی و بەشەرییەکەی قووت داو بەرهەمی کەرەستەی مەسرەفی هاتەخوارێ و لە نەتیجەدا وەزعی ئابووری وڵاتەکە تێک چوو کە ئەمە لەساڵی ١٩٥٦ دا یەکێک بوو لە هۆیەکانی تێک چوونی وەزعی مەجارستان بوو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاکامی زۆر ناخۆش و خوێناوی هەبوو. تەنانەت ئەگەر چینیش کە وڵاتێکی گەورەیە یەکیەتی سۆویەتی بکا بە ئولگوو هەر سەرکەوتوو نابێ.
لەکاتێکدا کە چین یەک میلیارد دانیشتووی هەیە کەلک وەرگرتن لە هێزی بەشەری لەوێ دا جێگایەکی تایبەتی هەیە، یەکیەتی سۆویەتی وڵاتێکی پان و بەرینە، سیبیریی هەیە کە دانیشتووی زۆر کەمە. ئەگەر چین لە پێش خستنی ئابووری خۆی دا بایەخ دەدا بە هێزی بەشەری، یەکیەتی سۆویەتی دەبێ زیاتر بایەخ بە تەکنۆلۆژی بدا. باسی فەڕانسە زۆر دەکرێ چونکە لە "کورتەباس" دا ئیشارەی پێکراوە. کەس نەی کوتوە ئێمە فڕانسە بە ئولگوو دابنێین. لە هیچ بارێکەوە فەڕانسە وەک وڵاتی ئێمە ناچێ. فەڕانسە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەنعەتییە، سوننەتێکی مێژوویی دێموکراتی هەیە، نیزیک دووسەد ساڵ لەمەوبەر شۆڕشی تێدا کراوە. ئێمە کوتمان ئەگەر سۆسیالیزم لە فەڕانسەدا سەرکەوت دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی باش لە باری تەتبیقی دێموکراسییەوە. تەنیا لەم بارەوە دەتوانین لە فەڕانسە دەرس وەرگرین دەنا فەڕانسەش وەک وڵاتانی دیکە بۆ ئێمە نابێتە ئولگوو بۆیە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەتی هەر وڵاتێک و ڕەدکردنەوەی هەموو ئولگوویەک لە دروست کردنی بناخەی کۆمەڵی سۆسیالیستیدا زۆر گرنگە.
لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەریش زۆر قسە دەکرێ. لێرەدا نامانەوێ باسی مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بکەین لەم بارەیەوە زۆر شت نووسراوەو دەکرێ کەلکیان لێ وەربگیرێ بەڵام هێندێ شتی تایبەتی هەیە کە کەمتر لە کتێبەکانی تاریخ دا نووسراون کە بەجێیە ئیشارەیان پێ بکرێ. یەکەم ئەوەیە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەروەها کە لە "کورتەباس" دا هاتوە لە سەرەتادا شۆڕشێکی زۆر کەم خوێناوی بوو و خەسارەتی گیانیی یەکجار زۆر کەم بوو. لە هێرش بۆ سەر کۆشکی زستانیدا چەند سەد نەفەر زیاتر نەکوژران. ئەوە بارێکی تایبەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە کە زۆر کەس لەبیری دەچێ لە حاڵێکدا لە چین تا شۆڕش سەرکەوت چەند میلیۆن کەس قوربانی درا. لە ڤێتنام ٣٠ ساڵ شەڕکراو شۆڕشەکە زۆر خوێناوی بوو. حیزبی باڵشەویک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنگرەی شەشەمی خۆی واتە لە یەکەم کۆنگرەی پاش سەرکەوتنی شۆڕش مانگی فیۆریەو پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ١٧٥ هەزار ئەندامی هەبووە. ئەو وەختە یەکیەتی سۆویەتی ١٤٠ میلیۆن دانیشتووی هەبوو. یانی حیزبی باڵشەویک لە نێوخۆی وڵاتدا حیزبێک بوو کە کەمایەتیی خەڵکی لەگەڵ بوو. با نەتیجەی هەڵبژاردنی مەجلیسی موئەسسان بخەینە بەرچاو. حیزبی باڵشەویک بۆ خۆی قەولی دابوو کە مەجلیسی موئەسسان پێک بێنێ. لە ٢٥ ی نوامبەری ١٩١٧ دا یانی هەژدە ڕۆژ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە حیزبی باڵشەویک دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوە گرت هەڵبژاردنی مەجلیسی موئەسسان سازبوو کە ٣٦ میلیۆن نەفەری تێدا بەشداربوو حیزبی باڵشەویک ٩ میلیۆن دەنگی هەبوو یانی ٢٥٪ هەموو دەنگەکان. بەڵام لەوە گرنگتر (ئێس ئێرەکان) (سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان) ٢٠ میلیۆن زیاتر دەنگیان هێنا یانی ٥٨٪ ی دەنگەکان. ئەوەش بارێکی تایبەتی گرنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. ئەم شۆڕشە سەرکەوتبوو و حیزبی باڵشەویک دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و حاکمییەتی بە دەستەوە بوو. بەڵام ئەکسەری خەڵکەکە بەتایبەتی جووتیاران پشتیوانیان لە ئێس ئێرەکان دەکرد.

بەرامبەر بەو حیزبی باڵشەویک زیاتر لە ٤٠٪ دەنگی لە شارە کرێکاری‌یەکان هێنابوو و لە نێو سەربازەکانیش دا نفووزی زۆر بوو تا ٦٠٪ ی دەنگەکانی دەست کەوتبوو. بەڵام بەگشتی ئێس ئێرەکان لە دوو هێندی باڵشەویکەکان زیاتر دەنگیان هێنابوو.

مەسەلەیەکی زۆر موهیم لە پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا مەسەلەی ئاشتی بوو. شەڕ وەزعێکی وای پێکهێنابوو کە بە ڕاستی تیزاریزم هێزی خۆی لەدەست دابوو. سەربازانی ڕژێمی تزاری شەڕیان بۆ نەدەکردو لەوەش زیاتر لە ژێر تەئسیری تەبلیغاتی باڵشەویکەکان و شۆڕشگێڕانی ئاڵمانی دا لەگەڵ سەربازانی ئاڵمانی پێکەوە دەبوون بە دۆست. وەزعێکی وا پێکهاتبوو کە تیزاریزم بەڕاستی قودرەتی کۆنترۆلی بەسەر ئەرتەش دا لەدەست دابوو. پاش شۆڕشی فیۆریەی ١٩١٧ ژمارەی ئەو سەربازانە کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

نەیان دەویست شەڕ بکەن و لایەنگری ئاشتی بوون ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو. ئەم نۆ مانگە واتە لە فیۆریەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە مێژووی ڕووسیەدا نەخشێکی زۆر گرنگی هەیە. لەم ماوەیەدا بوو کە بۆ یەکەم جار ڕووسیە دێموکراسی بەخۆیەوە دی. سەرەڕۆیی تیزاری لە فیۆریەی ساڵی ١٩١٧ دا کۆتایی هات. بەڵام پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕووسیە دیسان بەرەو دیکتاتۆری ڕۆیی کە ئەم جارە دیکتاتۆری پرۆلیتاری بوو. مەسەلەی ئاشتی نەک هەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بەڵکوو لە پەرەئەستاندنی پاش شۆڕشی ڕووسیەشدا تەئسیرێکی زۆری هەبوو. شیعاری ئاشتی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەتی سەربازان دا ئەوەندە نفووزی کردبوو کە لێنین ناچاربوو پەیمانی ئاشتی بریست لیتۆفسکی پەسند بکا. ئەم پەیمانە شکستێکی نیزامی بەڵام سەرکەوتنێکی سیاسی بۆ لێنین بوو و ئیمکانی دەدا وڵاتی سۆویەتی بتوانێ دەسەڵاتی سۆسیالیستی خۆی بپارێزێ. ناکۆکی لە نێوان لێنین و تروتسکی دا لەسەر ئاشتی توندتر بوو. تروتسکی کە نوێنەری سۆویەتی لە برێست لیتۆفسک بوو، ئامادە نەبوو پەیمانی ئاشتی ئیمزا بکا. چونکە تروتسکی لەو بڕوایەدا بوو کە سەرکەوتنی شۆڕش لەنێو یەک وڵاتدا کافی نیە و دەبێ ئەم شۆڕشە بەردەوام بێ و هەر نەبێ لە چەند وڵاتی دیکەشدا سەرکەوێ. لێنین لەو بڕوایەدا بوو کە دەکرێ لە یەک وڵاتدا سۆسیالیزم دروست بکرێ. تیئۆری پەرەئەستاندنی نامەوزوونی سەرمایەداری مانای ئەوەیە کە هەموو وڵاتێک وەک یەک پەرە ناستێنێ و لە هێندێ وڵاتدا ناتەبایی زیاتر خۆی دەنوێنێ.

بۆیە لە زەمانی ئیمپریالیزمدا ناکرێ لە وڵاتان دا پێکەوە شۆڕشی سۆسیالیستی سەرکەوێ. جارێ دەبێ ئەم شۆڕشە لە یەک وڵاتدا وەک ڕووسیە کە ناتەبایی تێدا لە هەمووان توندترەو ئاڵقەی هەرە کزی ئیمپریالیزمە سەرکەوێ. تروتسکی دەی کوت ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیستی لە جێگای دیکە سەرنەکەوێ لە ڕووسیەش ناتوانێ خۆی ڕابگرێ و لەنێو دەچێ. ئەو تیئۆرییە کە دەکرێ بە کوردی ناوی بنێین، تیئۆری شۆڕشی بەردەوام مانای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەیە کە شۆڕش دەبێ درێژەی هەبێ و حالەتی هێرشی هەبێ، یارمەتی بدا بە کرێکارانی وڵاتەکانی دیکە کە بتوانن شۆڕش بکەن. شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەبێ هاوپەیمانی هەبێ دەنا ناتوانێ خۆی ڕابگرێ. لە ساڵەکانی ١٩١٧ تا ١٩٢٠ دا بەڕاستی وەزعێکی شۆڕشگێڕانە لە ئورووپا هەبوو لە مەجارستان و ئاڵمان ئیمکانی ئەوە هەبوو کە حیزبە شۆڕشگێڕە کرێکاریەکان دەسەڵات بدەستەوە بگرن. لەو ساڵانەدا نەزەری تروتسکی زەمینەی زۆری بوو. بەڵام کە جووڵانەوەی کرێکاری لە ئورووپادا پاشەکشەی دەست پێکرد ئەو کاتە تیئۆریی لێنین زیاتر جێگیر دەبێ. ئەمجا وڵاتی سۆویەتی دوو ڕێگای لەبەرە، یان ئەوە کە واز لە سۆسیالیزم لە ڕووسیە بێنێ یان ئەوە کە سۆسیالیزم لە یەک وڵاتدا جێگیر بکرێ و ئەوە ببێ بە بناغەو بنکە بۆ سۆسیالیزمی جیهانی. هەر لێرەدا گیروگرفتێکی یەکجار زۆر دەست پێدەکا. ئەوە کە ناچار واقعییەتی ڕەق ئەو تیئۆرییە دەسەپێنێ کە بەڕاستی تەجدیدی نەزەرێکە لە مارکسیزم دا. بۆیە ئەگەر باسی تەجدید نەزەرکردن لە مارکسیزم دا دێتە پێش بێ جێ نیە ئەگەر بکوترێ لێنین یەکەم کەس بوو کە لە ڕووسیە هێندێ لە تیئۆریەکانی مارکسی گۆڕی. بۆیە ئەگەر تیئۆریەکی تازە لە مارکسیزم دا بێتە گۆڕێ نابێ بە ناوی ڕیویزیونیسم مەحکووم بکرێ و ڕەد بکرێتەوە، دەبێ بزانرێ ئەم تیئۆریە چەند لەگەڵ واقعییەتی وڵاتێکدا یا چەند وڵات ڕێک دەکەوێ و ئایا ئەوە تیئۆریەکی شۆڕشگێڕانەیە یا پاشەکشەیە لە مارکسیزم.

مەسەلەیەکی دیکە کە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆر جێی سەرنجە مەسەلەی جووتیارانە. ئاماری دەقیق بەدەستەوە نیە بەڵام وێ دەچێ لە ١٤٠ میلیۆن دانیشتوانی ڕووسیەی سۆویەتی ١٠٠ میلیۆنی جووتیار بووبێ، هێزی هەرە ئەساسی کۆمەڵ جووتیاران بوون. ڕاستە کە لە ئاخری چەرخی نۆزدەدا لە سێرواژ ڕزگار بوون بەڵام زۆربەیان مووژیک و هەژار و نەخوێندەوار و پاشکەوتوو بوون. مەسەلەی گرنگ ئەوە بوو کە زۆربەی جووتیاران خاوەن زەوی نەبوون. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی دوو ڕێگا هەبوو. یەکەم ئەوە کە زەوی میللی بکرێ واتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک کارخانەکان کە میللی کران و کەوتنە ژێر مالکی‌یەتی گشتیی کرێکاران زەویش بێتە ژێر مالکی‌یەتی گشتیی هەموو جووتیاران. دووهەم ئەوە کە زەوی بەسەر جووتیارانی بێ زەویدا دابەش بکرێ و هەر جووتیارێک پارچەیەکی زەوی بدرێتێ. زۆر زوو دەرکەوت کە میللی کردن سەرناکەوێ. ئیمکاناتی مادی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە نەبوو و لەو کاتەدا دەولەتی سۆویەتی ئیمکانی ئەوەی نەبوو کەرەستەی پێویستی کشتوکاڵی بدا بە جووتیاران.

مووژیکیش لەباری تێگەیشتن و ئاگایی سیاسی‌یەوە بە هیچ جۆرێک بۆ ئیدارەکردنی زەویی میللی کراو حازر نەکرابوو. بۆیە حیزبی باڵشەویک وازی لە شیعاری میللی کردنی زەوی هێناو ئەسلی دابەش کردنی زەوی بەسەر جووتیارانی دا پەسند کرد کە شیعاری ئێس ئێرەکان بوو. لێنین لەو بڕوایەدا بوو کە لە پێشدا زەوی دابەش بکرێ و لە پاشان خووتیاران هان بدرێن بۆ ئەوە لە کوئوپیراتیوەکان دا، شیرکەتە تەعاونیەکان دا کۆببنەوە. بۆ ئەوە ئامادەکردنی زەمینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویست بوو. دیارە پێشتر لە مارکسیزم دا مەسەلەی مالکی‌یەتی زەویی جووتیاران بەو شێوەیە کە دەبێ دابەش بکرێ نەهاتۆتە گۆڕێ. ئەوەندە کوتراوە کە دەبێ وەزعێکی ئابووریی ئەوتۆ پێک بێ کە جووتیاران دڵخوازانە لە بنکەی ئابووری گەورەتردا کۆببەنوە. خۆی شیعاری سیاسیی یەکیەتیی کرێکاران و جووتیارانیش تا پەرەئەستاندنی جووڵانەوەی کرێکاری لە ڕووسیە لە مارکسیزم دا بەرچاو ناکەوێ. ئەم شیعارە لەلایەن لێنینەوە بەرزکراوەتەوە. هەروەها کە شیعاری یەکییێتی کرێکارانی جیهان و گەلانی زۆرلێکراو پاش شەڕی دووهەمی جیهانی هی مائۆتسەتوونە. هیچ کام لەو شیعارانە زەمانی مارکس نەبوون. ئەو کاتە شیعاری " پرۆلیتارەکانی جیهان یەک بگرن" تەنیا شیعار بوو. کالخۆزی کردنی کشتوکاڵ پاش مردنی لێنین لە ساڵەکانی ١٩٢٨-١٩٣٣ هاتۆتە دی. دیارە پێکهێنانی کالخۆزەکان بەپێچەوانەی نەزەری لێنین بە زۆر جێ بەجێ کرا. بەداخەوە لە پشت ئەو کەلیمەی زۆرەدا میلیۆنەها کوشتە هەیە، پێنج



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میلیۆن نەفەر تەبعیدی هەیە. دەیان میلیۆن مەڕو مالات و حەیوان لەنێو چووە. کە دەیانویست جووتیاران بە زۆر بکەنە کەلخۆزی و ئەوانیش پێیان خۆش نەبوو، دیارە لە باتی ئەوە جووتیاران حەیوان و مەڕومالاتی خۆیان بەرنە نێو کالخۆزەکان دەیان کوشتنەوەو گۆشتەکەیان مەسرەف دەکرد. ئاکامی ئەوە بوو کە پاش سالەهای سال واتە تا شەڕی دووهەمی جیهانیش ژمارەی مانگاو بەرازو مەڕ تەنانەت بالندەی خۆمالی وەک پێش سالەکانی ١٩٢٨ ی لێ نەهاتەوە.

چونکە ولاتی سۆویەتی لە پاشان شەڕی دووهەمی جیهانی بەسەرداهات و ئابووریی سۆویەتی و بەتایبەتی کشتوکال زەربەیەکی دیکەی وێ کەوت دەکرێ بلێین کە هێشتاش کشتوکالی سۆویەتی لە ئاکامی نالەباری کالخۆزی کردنی بە زۆریی سالەکانی ١٩٢٨-١٩٣٣ خۆی ڕزگار نەکردوە. بە ڕێکەوت نیە کە یەکیەتی سۆویەتی هەموو سالێ دەیان میلیۆن تۆن گەنم لە ولاتەکانی سەرمایەداری، بەتایبەتی لە ئەمریکا دەکڕێ. لە حالێک دا وەختێک هەبوو کە ئۆکراین بە ئەمباری گەنمی دنیا ناوبانگی دەرکردبوو. مەبەست ئەوەیە کە لەگەل قانوونمەندیی ئابووری گالتە ناکرێ و ناشکرێ بەسەر قۆناخێکی پێویستی کۆمەلایەتی‌دا باز بدرێ و یا بێ ئامادەبوونی هەلومەرجی ئابووری گیروگرفتەکان بە زۆرو بە شێوەیەکی ئیداری چارەسەر بکرێن.

چارەنووسی دێموکراسی نێوخۆی حیزبیش جێی سەرنجە. ئەو مەسەلەیە لە "کورتەباس" یشدا هاتوە. لە پاش شۆڕشی ئۆکتوبەر لە سالی ١٩١٧ وە تا سالی ١٩٢٤ کە لێنین وەفاتی کرد حیزبی بالشەویک حەوت کۆنگرەی پێکهێناوە. قسە لەسەر زۆربوونی ژمارەی کۆنگرەکان نیە. بەلام ئەمە خۆی نموونەیەکە لە بوونی دێموکراسی لە زەمانی لێنین داو لەنێوچوونی دێموکراسی پاش لێنین چونکە فاسلە لەنێو کۆنگرەی هەژدەو نۆزدە لە زەمانی ستالیندا سێزدە سال بوو. ئەوە سەردەمێکە کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا یا دروست بلێین دیکتاتۆری ستالینی لە یەکیەتی سۆویەتی‌دا بەتەواوی دامەزراوە. کرۆپسکایا ژنی لێنین کە هاوسەنگەریشی بوو بە سەراحەت دەلێ



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

که لێنین له ئاخر ڕۆژەکانی پاش ساڵی ١٩٢٢ دا( که ئیدی نەخۆش کەوتبوو و ئەو وەسییەت نامەیەشی نووسی که بەشێکی له "کورتەباس" دا هاتوە) نەزەری ئەوە بوو که هەرچۆنێک بێ ستالین له مەقامی سکرتێری گشتی لابەرن دەنا یەکیەتی سۆویەتی تووشی وەزعێکی زۆر نالەبار دەبێ. بەڵام که لێنین مرد ئیدی کەس نەی توانی ئەو کارە بکاو ستالین مایەوەو له جێگای خۆی دا سەقامگیر بوو. لەسەر کردەوەکانی ستالین زۆر شت کوتراوە بەڵام با ئیشارە به یەک نموونە بکەین. ئاخر کۆنگرەی حیزبی باڵشەویک، پێش سەکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر کۆنگرەی شەشەم بوو که له مانگی ئووتی ١٩١٧ پێکهات. هەرچی ئەندامی خەباتگێڕی پێش شۆڕش هەبوون، هەرچی کادری لەخۆبردوو هەبوون لەم کۆنگرەیەدا ئامادە بوون. بەشدارانی کۆنگرە نوێنەری ئەندامانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوون. لەم کۆنگرەیەدا ٢١ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێران، لەگەڵ هەشت جێگر. له ٢١ نەفەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی شەش کەسیان تا ساڵەکانی ١٩٣٣-١٩٣٦ کۆچی دواییان کرد که یەکێکیان لێنین بوو. له ١٥ کەسی باقی ترۆتسکی بۆ دەرەوەی یەکیەتی سۆویەتی ڕای کرد که له پاشان له مەکسیک به دەستووری ستالین کوژرا. چاردە کەس دەمێننەوە که یەکێکیان خودی ستالین بوو. سێزدە کەس له ئەندامانی ئەو کۆمیتە ناوەندییە که زیندوو مابوون هەموویان بێ ئیستیسنا له ماوەی بەینی ساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٣٦ دا له تەرەف ستالینەوە به خەیانەت و جاسووسی بۆ بێگانە تاوانبار کران و گیران و ئیعدام کران. لەنێو ئەو سێزدە نەفەرەدا ناوی بوخارین، ریئوییف، کامینیف، بەرچاو دەکەوێ که له بەڕێوەبەرانی بەناوبانگی حیزبی باڵشەویک بوون. بەم جۆرە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەک تیئۆری‌یەک زۆر به کاری ستالین هاتووە. هێناویەتی ئەو دیکتاتۆرییەی کردوە به دیکتاتۆری حیزب واتە دیکتاتۆری ئاپاراتی حیزبی. یانی ئەوانە که حرفەئین و دەزگای حیزبەکە هەڵدەسووڕێنن. له پاشانیش کردوویەتی به دیکتاتۆری شەخسی خۆی. وەختێک شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەرکەوت لێنین دەزگایەکی پێکهێنا وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سازمانی ئەمنییەت بۆ خەبات کردن لەگەڵ دژی شۆڕش. لەگەڵ خراپکاران و دوژمنانی یەکیەتی سۆویەتی کە لە دەرەوەڕا بۆ نفووزکردن لەنێو دەزگای سۆویەتی‌دا دەنێردران. لە سەرەتادا ناوی چی کاو مەسئولەکەشی جیرژنیسکی بوو. چی کا بە مانای کۆمیسیۆنی فوق العادەیە.
خۆی ناوەکەشی دەگەیەنێ کە شتێکی وا پڕ لە مەترسی نەبووە. ستالین پاش وەفاتی جیرژنیسکی هەم کەسێکی لەسەر ئەو چی کایە دانا کە دەستووری خۆی بێ و هەم ناوەکەشی گۆڕی و کردی بە گ.پ.ئوو. واتە ئیدارەی گشتیی سیاسی. لە کاتێکدا چی کا دژی دوژمنانی شۆڕش و خراپکاران تێدەکۆشا. گ.پ.ئوو. لەژێر بەڕێوەبەری ستالین دا بەرەبەرە دەست دەکا بە پەروەندە سازی و چەندین پەروەندە بۆ چەندین دەستە لە ئەندامان و بەڕێوەبەرانی حیزبی سازدەکا. لە پاشان گ.پ.ئووش. دەبێتە ئین.کا.وی.دی واتە کۆمیتەی کاروباری نێوخۆ کە ئەویش لە ئاخرەکەی دا دەبێتە کا.گ.ب کە مانای کۆمیتەی دەوڵەتیی ئەمنیەتییە کە ئێستاش هەر هەیە. بەکارهێنانی ئەو سازمانە دژی ئەندامان و بەڕێوەبەرانی حیزبی باڵشەویک، یەکێک لە ئیبتکارەکانی ستالین بوو. ئەم سازمانە ئامرازی هەرە ئەسلی، وەسیلەی هەرە ئەسلیی بەکارهێنانی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوو. لە پێش هەمووان دا دژی ئەندامان و بەتایبەتی بەڕێوەبرانی حیزب کە موخالیفی ستالین بوون بەکارهاتوە.
لە کاتێک دا کە چی کا لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێکهات ئەرکی پاراستنی شۆڕش و خەبات دژی دوژمنانی شۆڕش بوو نە دژی ئەندامانی حیزب و لایەنگرانی شۆڕش. ئێستاش بەختەوەرانە نەخشی کا.گ.ب زیاتر خەبات کردن دژی دوژمنانی یەکیەتی سۆویەتی یە نە ئەندامانی حیزب و بەڕێوەبەرانی حیزب، ئەو ڕاستییەش دەبێ بکوترێ کە هەرچەند وەک لە "کورتەباس" دا هاتوە لە یەکیەتی سۆویەتی دێموکراسی سیاسی زۆر مەحدوودە، بەڵام تاوانبار کردن و کوشتنی خەڵکیش وەک زەمانی ستالین نەماوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان ستالین ئوسوولی لێنینیزمی دانا. ستالین لە ئوسوولی لێنینیزم دا بەڕاستی لێنینیزمی زۆر سادە کردۆتەوە. کردوویەتی بە سیستمێکی زۆر مەفهووم. هەر کەس بیخوێنێتەوە زوو لێی حالی دەبێ چونکە ئوسوولی لێنینیزم وەک کتێبی دەرسی دانراوە. بۆ ستالین لێنینیزم مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم و سەردەمی شۆڕشی پرۆلیتاریایە. دیارە ئەوە خۆی لادانە لە مارکسیزم چونکە ستالین هێناویەتی لێنینیزمی لە جێگای مارکسیزم داناوە. لە حالێک دا لێنینیزم باری تایبەتی خۆی هەیە کە دەگەڕێتەوە سەر خاسیەتە تایبەتی‌یەکانی ڕووسیە.

لێنینیزم ئوسوولی گشتیی مارکسیزم نیە کە لە هەموو جێگا بتوانرێ تەتبیق بکرێ. ئێستا زۆر لە حیزبەکانی کۆمونیستی ڕۆژئاوا وەک حیزبی کۆمونیستی ئیتالیا بە ڕەسمی ڕایان گەیاندوە کە لێنینیزمیان قبوول نیە. هەروەها زۆر حیزبی کۆمونیستی دیکەی ڕۆژئاواش ئیدی بە خۆیان نالێن مارکسیست لێنینیست. ئەوان تەنیا پێڕەوی لە مارکسیزم دەکەن نەک لە مارکسیزم لێنینیزم. مانای ئەوەیە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر تاقیکردنەوەی زۆر بە نرخی هەیە بەلام ئولگوو نیە. لە هەموو ولاتێکدا ئوسوولی لێنینیزمی ستالینی تەتبیق ناکرێ. واتە مارکسیزمی دەورانی ئیمپریالیزم هەر مارکسیمە نە لێنینیزم. هەروەها کە ئەندێشەی مائوتسەتونیش نەی توانی نە جێگای مارکسیزم و نە جێگای لێنینیزم بگرێتەوە. چونکە پێوەندیی بە شۆڕشی چینەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی زۆر بە نرخی هەیە. بەلام ناکرێ بیانکەی بە ئولگوو بۆ ولاتی دیکە. تەئکیدی ستالین لەسەر دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و بە ئولگوو دانانی بۆ هەموو ولاتەکانی دیکەش هەر لەو بۆچوونە نادروستەڕا سەرچاوە دەگرێ. هێندێ باری وەزعی تایبەتی یەکیەتی سۆویەتییش لەم بارەیەوە ڕێگا بۆ ستالین خۆش دەکا. یەکیەتی سۆویەتی گەمارۆ دراوە وەزعی ئابووریی خراپە. شەڕی نێوخۆ و بەرهەلستی دژی شۆڕش، حیزبی بالشەویکی ناچار کردوە بەرەو توندوتیژتر بوون و سەرەڕۆیی بڕواو ئەوە خۆی هەلکەوتێکە بۆ ستالین بۆ بەهێزتر کردنی دیکتاتۆریی ئاپاراتی حیزبی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له پێش هەمووان دا شەخسی خۆی. دیارە ڕاگرتنی ئاپاراتێکی وەفادار نیازی بە دانی ئیمتیاز بە هەموو ئەوانە هەیە کە لە دەزگای بەڕێوەبەریی حیزبدا کاردەکەن. لێرەدایە کە نومەنکلاتوورا پەیدا دەبێ. کۆمیتەی ناوەندی لیستێکی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەیە بە پێی ئەو لیستە ئیمتیازیان دەداتێ. لە نومەنکلاتوورادا دیاری کراوە کە لە ئەندامی دەفتەری سیاسی یا کۆمیتەی ناوەندی وە بگرە تا خوارێ هەر کەس چ ئیمتیازێکی هەیە. بەرەبەرە بەڕێوەبەرانی حیزب وایان لێ دێ کە هەلومەرجی ژیانیان لەگەڵ کۆمەلانی خەلک زۆر فەرق دەکا. ناتوانین بڵێین ئەوە چینێکی تایبەتی‌یە، یا ئەوەی کە دوژمنانی سۆسیالیزم دەڵێن، چینێکی چەوسێنەرە وەک لە ڕژێمی سەرمایەداریدا بەرچاودەکەوێ، بەلام بەڕاستی توێژێکە کە ئیمتیازاتێکی تایبەتی زۆری هەیەو جیاوازیی هەیە لەگەل خەلکی ئاسایی.

سیاسەتی دەرەوەی ستالین کە پاش مردنی ئەویش هەر بەردەوام بوو و بەتایبەتی هەلوێستی بەرامبەر بە ولاتەکانی سۆسیالیستی جێگای سەرنجە. بەپێی ئەو بەلگەیە کە ماوە ئەگەر دیمیترۆف زیاتر ژیابا یەکیەتی سۆویەتی لەگەل بولغارستانیش تێک دەچوو. بەلام ڕاستی ئەوەیە کە یەکیەتی سۆویەتی لە سالی ١٩٤٨ دا لەگەل یوگوسلاوی لە سالی ١٩٥٦ لەگەل پۆلۆنیاو مەجارستان، لە سالی ١٩٥٩ دا لەگەل ئالبانی، لە سالی ١٩٦٠ دا لەگەل چین و لە سالی ١٩٦٨ دا لەگەل چیکوسلوواکی تێک چوو. لە سالەکانی حەفتاوە تا ئێستا لەگەل ڕۆمانیش ناکۆکیی هەر بەردەوامە. ئەم وەزعە بۆ خۆی نیشانەی ئەو ڕاستی‌یەیە کە لە یوگوسلاوی و ئالبانی و چین کە پاش خەباتێکی شۆڕشگێڕانە خۆیان ڕزگار کردو نە چوونە ژێر باری سیاسەتی سۆویەتی لە ولاتانی دیکەدا لەشکری سۆویەتی جێگیر بووەو وا دێتە بەرچاو کە ئەگەر لەشکری سۆویەتی نەبێ سۆسیالیزم لە مەترسی دەکەوێ. لە کاتێکدا یەکەم دەبێ ولاتانی سۆسیالیستی ڕابیتە یان پێوەندی برایانەو دۆستانەو بەرابەر بێ. هەموویان وەک یەک بن و لە پێوەندیی‌یەکانیان دا پولی سانترلیزم واتە چەند ناوەندی حاکم بێ نە مونو سانترلیزم واتە تاقە ناوەندێک بەسەر هەموو



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

ئەوانی دیکەدا زاڵ بێ. دووهەم سۆسیالیزم، هەروەها کە پێشتر کوترا بە بوونی لەشکری بێگانە ناپارێزرێ و گەلانی ئەم وڵاتانە کە لەشکری سۆویەتیان تێدایە بە نەبوونی سەربەخۆیی یا مەحدوودبوونی سەربەخۆیی دەکەن. سێهەم ئەوەیە کە لە پێوەندیەکانی ئابووریشدا دەبێ وەک یەک بوون هەبێ و ئەم پێوەندیانە تەنیا بە قازانجی یەک لا نەبن. لەم بارەیەوە پێویستە کە بێجگە لەگەڵ یەکیەتی سۆویەتی پێوەندیەکانی وڵاتەکانی دیکەی سۆسیالیستی لەنێو خۆشیاندا بەهێز بکرێ و پێویست نەبێ ئەم پێوەندیی‌یە هەر لە رێگای یەکیەتی سۆویەتییەوە بێ. واتە پێویستە پێوەندیەکان پۆلی سانترلیستی بن نە مونوسانترلیستی. رەنگە یەکێک لە کۆسپەکانی پێشنەکەوتنی شورای هاوکاریی ئابووری هەر ئەو مونوسانترلیزمەیە. لەنێو وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا یانی یەک ناوەندی بوون بێ. لە کاتێکدا لە ئورووپای رۆژئاوادا بازاری موشتەرەک یەک ناوەندی نیە. دیارە ئەوە بازارێکی سەرمایەداریی‌یە بەڵام یەک مەرکەزی نیە، نە ئالمان، نە فەرانسە، نە ئینگلستان و نە ئیتالیا هیچیان میحوەر نین. هەموویان بە کردەوە ماف و ئەرکیان وەک یەکە. ئەگەر نەتیجە وەرگرین بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ناکرێ چاوەروان بین کە لە فەرانسە، لە ئەمریکا، لە ئینگستان، لە سویس و لە ئاڵمان شۆرشی چەکدار پێک بێ و یان شۆرشێکی وەک شۆرشی ئۆکتۆبەر بکرێ. تازە دێموکراسی سیاسی لەو وڵاتانەدا ئەوەندە جێگیر بووە چ هێزە دەستی چەپی‌یەکان و چ هێزە دەستی راستی‌یەکان ناچارن رێزی بۆ دابنێن. ئەگەر ئەمرۆ حیزبی کۆمونیست لە ئیتالیا بێتە سەرکارو بیهەوێ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دابمەزرێنێ بۆی ناچێتە سەر چونکە دێموکراسی لەوێ دا جێگیر بووە. خەلکەکە وریایە کە نە رێگا دەدا حیزبی کۆمونیست دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دابمەزرێنێ و نە رێگا دەدا حیزبی فاشیست دیکتاتۆریی فاشیستی. بۆیە حیزبە کۆمونیستەکانی وڵاتانی رۆژئاوا هاتوونەتە سەر ئەو باوەرە کە دەبێ دێموکراسی سیاسی بپارێزرێ و ئەگەر بریار وابێ دێموکراسی سیاسی بپارێزرێ و لە رێگای دێموکراسی سیاسی‌یەوە دەسەڵاتی سیاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەستەوە بگرن هیچ ڕێگای دیکە نیە دەبێ دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا ڕەدبکەنەوە. واتە هۆی پەسندنەکردنی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا لەو ولاتانەدا لەپێش دا هۆی ئوسوولی‌یە. چونکە هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە نە بە تۆپزی دەتوانن دەسەلات بەدەستەوە بگرن و نە بەزۆرو سەرەڕۆیی دەتوانن ئەم دەسەلاتە بپارێزن. تەنیا بە پشتیوانی زۆربەی خەلک دەتوانن بێنە سەرکارو تەنیا بە پشتیوانی زۆربەی خەلکیش دەتوانن حوکمداری بکەن. بۆیە ئەم حیزبانە هاتوون و واقیع بینانە وازیان لە دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا هێناوەو لە ولاتەکانی ڕۆژئاوادا باسی دێموکراسی دەکەن نە دیکتاتۆری. ئەوەی لە "کورتەباس" دا ئیشارەی پێکراوە ئەوەیە کە ئێمەش بە نەزەری خۆمان لە هەلومەرجی خۆماندا دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا ڕەد دەکەینەوە. لەباری مێژوویی‌یەوە دیتمان پاش ئەوە کە شۆڕش لە چین سەرکەوت مائوتسەتوون هات و کوتی لە چین دیکتاتۆری پڕۆلیتاریامان نیە. دیکتاتۆری دێموکراسی گەلیمان هەیە. بەکورتی دێموکراسی بۆ گەل هەیەو دیکتاتۆری دژی دوژمنانی گەل. بۆیە دەی توانی ئەوە بلێ چونکە شۆڕشی چین لەگەل شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە زۆر بارەوە جیاوازیی هەبوو. کۆمۆنیستە چینیەکان کە سەرکەوتن بەڕاستی زۆربەی خەلکەکە پشتیوانیان بوون. دیکتاتۆری بەو شێوەیە پێویست نەبوو. دیکتاتۆری تەنیا لە دژی دوژمنانی گەل هی دەرەوە و ژوورەوە پێویست بوو تا ئێستاش ئەم وەزعە هەر بەردەوامە. گرتن و تاونبارکردنی بەرپرسانی حیزبی بە جاسووسی و بە ئاشکراو بە دزی ئیعدام کردنیان بە شێوەیەک لە زەمانی ستالین دا لە یەکیەتی سۆویەتی کرا، لە چین بەرچاو ناکەوێ. لەو ڕابیتەیەدا با ئیشارە بەو ڕاستییەش بکەین کە لە ولاتەکانی سۆسیالیستی‌دا ئێستا کەس باسی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا ناکا. ئەگەر باسیشی بکرێ وەک دیکتاتۆری چینی کرێکار باس دەکرێ چونکە پرولیتێر مانای تایبەتی خۆی هەیە پڕۆلیتێر ئەو کەسەیە خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنان نیە و بۆیە هێزی کاری خۆی دەفرۆشێ. لەوەش زیاتر لە کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆویەتی لە سالی ١٩٥٦ دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسی دیکتاتۆری چینی کرێکاریشیان نەکرد بەڵکوو گووتیان ئێستا لە یەکیەتی سۆویەتی دا حاکمییەتی گشتیی گەل هەیە. هیچ کۆنگرەیەکی پاشتریش ئەم نەزەرەی ڕەد نەکردۆتەوە. دروستیش هەر ئەوەیە. چونکە دیکتاتۆری دژی کێ بێ؟ هەموو چین و توێژەکان سۆسیالیستین و چینی دژی سۆسیالیستی لەوێ نەماون. کرێکاران و جووتیاران و ڕووناکبیران نە چەوسێنەرن و نە کەس دەیان چەوسێنێتەوە. بەکورتی ئێستا لە مەیدانی نێونەتەوەیی‌دا هەموو هەم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا باسی دێموکراسی دەکەن هەم لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی.

کەس باسی دامەزراندنی دیکتاتۆری بەهیچ شکڵێک ناکا هەروەها کە ئیشارەمان کرد لە وڵاتەکانی سۆسیالیستی‌دا باسی پەرەپێدانی دێموکراسی سۆسیالیستی دەکرێ. ئێمە لەم بارەیەوە هەڵوێستمان ڕوونە. یەکەم ئێمە بە شێوەیەکی ئوسوولی لایەنگری دێموکراسین. دێموکراتین و ئیمانێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە. بۆیە دیکتاتۆری هەر شێوە دیکتاتۆریەک بێ ڕەدی دەکەینەوە لە پاشان ئێمە لە کوردستان پرۆلیتاریامان نیە تا دیکتاتۆریەکەی دابمەزرێنین. سەرمایەدارییشمان بەو شێوەیە نیە که دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دژی سەرمایەداری پێویست بێ. ڕاستە سەرمایەداری لە ئێراندا لەسەریەک پێشکەوتووترە. بەڵام حیزبی دێموکرات حیزبێکی ناوچەییەو ئێستا وا دابنێین هات و کوتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای قبوولە سبەینێ لە ئێران‌دا شۆڕش سەردەکەوێ و لە تاراندا دەسەڵاتێکی سیاسی پێک دێ بەناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا کە حیزبی دێموکرات تێی‌دا بەشدار نیە. ئەو کاتە شیعاری ئەسلی ئێمە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان چی بەسەردێ؟ ستالین ئەو کاتە کە خۆی یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیئۆریی مارکسیستی بۆ گیروگرفتی نەتەوەیی بوو، واتە لەساڵی ١٩٢٢ دا ئەو جوملەیەی نووسیوە:" مافی دانانی چارەنووس نابێ کۆسپێک بێ لەسەر ڕێگای دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا، دەبێ تابعی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بێ". جوملەیەکی زۆر کورت و ڕوونە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سبەینێ ئێمە خودموختارییشمان هەبێ ئەگەر دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە تاران دامەزرا ئێمە دەبێ واز لە خودموختاری لە مافی دانانی چارەنووسی خۆمان بێنین و تابعی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بین. مەسەلەیەکی دیکەش زۆر جار هەر بەم جۆرە باس دەکرێ. وا دانێین کە حیزبی دێموکرات هات و سەرکەوت و خودموختاری وەرگرت. ڕەنگە ڕێکخراوێکی دیکە لە کوردستان دا پەیدا بێ و بیهەوێ بە زۆر دەسەلاتی سیاسی لە دەست حیزبی دێموکرات دەربێنێ و حیزب ناچار بکا کە دیکتاتۆری دابمەزرێنێ. ئەو کاتە ناچار دیکتاتۆری دادەمەزرێ. نەزەری ئێمە لەم بارەشەوە زۆر ڕوونە. یەکەم حیزبی دێموکرات ئەو کاتە دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە دەگرێ کە زۆربەی خەلک پشتیوانی بن. مەسەلەن لە فەڕانسە زۆربەی خەلک دەنگیان داوە بە حیزبی سۆسیالیست. ئەگەر هێزێکی سیاسی یا غەیری سیاسی بلێین تیرۆریست بیهەوێ بە هێزی چەکدار دەسەلات لەدەست حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە دەربێنێ، دیارە ئەوە ڕاپەڕین دژی قانوونەو هەر بەم شێوەیەش ڕەفتاری لەگەل دەکرێ. بەلام سەرکوت کردنی چەند تیرۆریست یا هێزێکی ئەقەللیەت کە دژی حاکمییەتی زۆربەی خەلک ڕاپەڕیوە دیکتاتۆری نیە، ئەوە حاکمییەتی ئەکسەریەت بەسەر ئەقەللی‌یەت دایە. واتە دێموکراسی‌یە. ئەوە حاکمییەتی ئەقەللیەت بەسەر ئەکسەریەت دایە کە دیکتاتۆریە. کەسێک بیهەوێ ئوسوول و قاعیدەو قانوونی دێموکراسی تێک بدا بەپێی قانوون ڕەفتاری لەگەل دەکرێ. لەپاشانیش هیچ پێویست بە دامەزراندنی دیکتاتۆری ناکا،دێموکراسی و قانوونەکانی هەر لە جێگای خۆیان دەمێننەوە. ئەگەر هەر کەس یا هەر هێزێکی دیکە هات و نەزەری خۆی بە ئازادی باس کرد مافی ئاشکرای خۆیەتی. دەتوانێ دژی سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش قسە بکا. بنووسێ و شت بلاوبکاتەوە. بەلام ئەگەر دەستی دایە چەک و ویستی بە زۆر دەسەلات لە دەست حیزبێک کە زۆربەی خەلک دەنگی داوەتێ دەربێنێ، دیارە سەرکوت دەکرێ و ئەو کارە نەک هەر زیان لە دێموکراسی نادا بەلکوو خۆی دیفاع لە دێموکراسی‌یە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجێیە لە ئاخری وتارەکەمان دا ئیشارە بە هێندێ پێشنیارو باسیش بکەین. لێرە پێشنیار کرا کە لەنێو حیزبدا لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتی هەم بە نووسین و هەم بە تەرجەمە زیاتر باس بکرێ. ئەوە پێشنیارێکی بەجێیە. دەبێ هەولی بۆ بدرێ. پێشنیار کرا کە تاقیکردنەوەی ولاتەکانی سۆسیالیستی و تەنانەت هی سەرمایەدارییش باشتر بناسێنین. کتێبیان لەسەر بنووسین و تەرجەمە بکەین ئەوەش پێشنیارێکی بەجێیە. هەروەها دەبێ کادرەکان تەشویق بکەین بە موتالەعەو بە هیچ جۆرێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نابێ پێشگیری لەوە بکرێ کە کادرێک هەر کتێبێک دەیەوێ، بیخوێنێتەوە. ئەو کارە خۆی سەرەتای دیکتاتۆریە. کادری حیزبی هەر کتێبێکی پێخۆشە با بیخوێنێتەوە. دەتوانین لاوان رێنوێنی بکەین. دەتوانین کتێبی باشیان پێ بناسێنین. دەتوانین کتێبە لادەرەکانیشیان پێ بناسێنین. بەلام ئەگەر یەکێک چوو کتێبێکی دیکەشی هێناو پێی خۆش بوو بیخوێنێتەوە کەس مافی ئەوەی نیە پێشگیریی لێ بکا. ئێمە دێموکراتین و دەبێ تا سەر دێموکرات بین. نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەگەر هەنگاوێک بەرەو لەژێر پێنانی دێموکراسی برۆین تازە بەرەو دیکتاتۆری رۆیشتوین و گەرانەوە دژوارە. پێشنیارێکیش هاتوە کە ئەندامانی بەرێوەبەری حیزب دەگرێتەوە. با بە خۆشمان بلێین کە موتالەعە زیاتر بکەین، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی خۆیان دەبێ بەرنامەی موتالەعەیان هەبێ. چونکە بەراستی ناکرێ ئەندامانی بەرێوەبەری حیزبێکی شۆرشگێر کە ئیمانی بە تیئۆریی شۆرشگێرانە هەیەو مەسئولیەتێکی مێژووییشی لەسەرشانە، هەموو رۆژێ زانین و شارەزایی خۆیان نەبەنە سەرێ. هەروەها پێشنیارێکی باش هاتووە کە هەر وەخت پلینۆم هەیە با سیمیناریشی لەگەل بێ. کە ئەوەش پێشنیارێکی بەجێیە. وا بکەین باسەکانی سیمینارەکان لەنێو ریزەکانی حیزبیشدا بلاوببنەوە. دەکرێ وەک نامیلکەی سەربەخۆ یان لە "تێکۆشەر" و چاپەمەنی دیکەی حیزبیدا بلاوبکرێنەوە.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

قسه لەسەر "کورتەباس" ئێستا باسێکی زۆر زیندوە. با بەتەواوی بچێتە نێو حیزب و لە هەموو جێگا قسەی لەسەر بکرێ با بچێتە نێو کۆمەلانی خەلکیش، با ئەوانیش بەتەواوی لە قسەوباسی حیزبی دێموکرات ئاگاداربن. یەکەم سەرکەوتنی "کورتەباس" ئەوەیە کە خودی ئەو باسەی لەنێو حیزبەکەمان دا پێکهێناوە سنووری داناوە لەنێوان دێموکرات و غەیری دێموکراتاندا. ئەگەر "کورتەباس" بچێتە نێو کۆمەلانی خەلک سەرکەوتنی پتر وەبار دێنێ. قەدری ئەو "کورتەباس"ە کە نووسراوە لە دوارۆژدا دەزانین، لە دوارۆژدا نرخی ئەم چەند لاپەڕەیە باشتر دەردەکەوێ. هەر بۆیە پێویستە لە دوارۆژدا تەنانەت کتێبیشی لەسەر بنووسرێ، لەگەل ئەوە کە لە کۆنگرەدا ناکۆکی هاتەپێش، بەلام پاش باسەکەی ئێستامان دەرکەوت کە لەسەر گیروگرفتە ئەساسی‌یەکانی "کورتەباس" ناکۆکیمان نیە. ئەوە بۆ خۆی سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە بۆ "کورتەباس" و بۆ حیزبەکەمان. نیشانەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات، هەم دێموکراتەو هەم رێکخراوێکی شۆرشگێر و زیندووە. "کورتەباس" بۆ پتەوکردنی یەکگرتووکردنی ریزەکانی حیزبەکەمان هاتوەو ئەم ئەرکەی بە چاکی بەجێ هێناوە. ئێمە دلنیاین کە لەمەودوا سیمای دێموکراتی حیزبی ئێمە بەرچاوتر خۆی دەنوێنێ. ئێستا لەباری فیکریەوە ئەندامانی حیزبی ئێمە یەکگرتووتر لە جارانن. دەکرێ بلێین پاش بەرنامەی حیزب "کورتەباس" نەخشی لە کۆکردنەوەی ئەندامانی حیزب دا لەسەر رێبازی حیزب لە هەموو نووسراوێک زیاتر بووەو ئەوەی لە "کورتەباس" دا هاتوە بۆ دوارۆژی حیزبەکەمان هەم لە کورت خایەن داو هەم لە درێژخایەندا تەئسیرێکی زۆر پیرۆزی دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



○ ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی کۆمەڵێکی دێموکراتیکی سۆسیالیستی یە.

○ بۆچی ئێمە لە بەرنامەکەمان دا بە پێویستمان زانیوە باسی سۆسیالیزم بکەین؟

○ ئەو سۆسیالیزمەی کە دەمانهەوێ وەک ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەمان پێکی بێنین چ سۆسیالیزمێکە؟

○ بۆچی بەو شێوەیە لە بەرنامەکەمان دا هاتووە؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org